رووداو
RÛDAW
ژمارە (456) دووشەممە 2017/5/8 - 18ی گوڵان 2717 (750) دینار

## مەلا عەلی کەڵەک لە 6ی حوزەیرانی داهاتوو دادگایی دەکرێ



**رووداو- دهۆک**

مەلا عەلی کەڵەک کە نزیکەی هەفتەیەکە لەلایەن پۆلیسی دهۆکەوە دەستگیر کراوە، تاوەکو ئێستا بە قسەی پۆلیس پارێزەری نییە بەدواداچوون بۆ دۆسیەکەی بکات. مەلا عەلی لەسەر سێ سکاڵای وەزارەتی تەندروستی دەستگیر کراوە کە دوویان هی پێشترن و وا بڕیارە رۆژی 6ی حوزەیرانی داهاتووش یەکەمین دانیشتنی دادگاییەکەی بەڕێوەبچێ.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دۆسیەی مەلا عەلی بە (رووداو)ی گوت، سکاڵای یەکەمی ئەو وەزارەتە لەدژی مەلا عەلی، لەسەر ئەوە بووە کە گوتوویەتی میزی حوشتر چارەسەرە بۆ نەخۆشی. سکاڵای دووەمیش لەسەر ئەوە بووە کە داوای خەتەنەکردنی کچانی کردووە. سکاڵای سێیەمیش وەکو ئەو سەرچاوەیە گوتی "لەسەر ئەوە بووە کە گوتوویەتی خواردنی کلینێکس مرۆڤ لاواز دەکات". دادوەر محەممەد ئەمین شەرەفانی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە لە دهۆک باسی ئەو ماددە یاساییەی کرد کە مەلا عەلی پێ دەستگیرکراوە و گوتی "بەپێی مادەی 456 لە یاسای سزادانی عێراقی کە تایبەتە بە فێڵکردن لە خەڵک، دەستگیرکراوە". بەگوتەی پارێزەرێک، سزای ئەو تۆمەتە ئەگەر ساخ ببێتەوە، حوکمی بەندکردن دەبێت بە ساڵێک تاوەکو پێنج ساڵ.

4»

### مندالەکانی مەلا وشیار بە 20 ملیۆن دینار قەرەبوو دەکرێنەوە

2

فازڵ نەبی بۆ (رووداو):

### بەهۆی کێشەی سیاسییەوە خانەنشین کرام

5



فەرەیدوون عەبدولقادر:

### بارزانی بە هێمنی هەنگاو بۆ سەربەخۆیی دەنێت

17

د.جەعفەر ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان :

# تا مانگێکی دیکە پەرلەمان کارا دەکرێتەوە

ئێستا لە هەموو کاتەکان نزیکترین لە چارەسەر

3»




ئەنجوومەنی لۆردانی بەریتانیا:

## نابێ بەریتانیا پشتگیریی کورد بکات بۆ سەربەخۆیی

6»

راپۆرت 6

### رووداو دەچێتە زیندانەکەی ئەبوبەکر بەغدادی



راپۆرت 4

### لە سلێمانی 500 سەرە مەنهۆڵی ئاوەڕۆ دزراون

تاراوگە 11

### کوردێک کارگەیەکی دروستکردنی فڕۆکە لە ئیفلاسبوون رزگاردەکات



ژنان 12

### کچێکی کورد دەبێتە خاوەنی براندێکی پێڵاو



## پۆرتاڵی ڕووداو کاندیدە بۆ خەڵاتێکی نێودەوڵەتی

ڕووداو- لەندەن

پۆرتاڵی ڕووداو، یەکێکە لە فایناڵیستەکانی خەڵاتی نێودەوڵەتیی زە درەم بۆ میدیای ئۆنلاین کە ساڵانە لە لەندەن دابەشدەکرێت. پۆرتاڵی ڕووداو بە ڕوومالّی جەنگی موسڵ وەک یەکەم میدیا لە بەکارهێنانی فەیسبووک لایڤ و لایڤستریم بۆ ڕوومالّی جەنگ بەشدارە و، لەلایەن دادوەرانی خەڵاتەکە بۆ بواری باشترین سایتی هەرێمی فایناڵیستە و شۆرتلیست کراوە. دادوەرانی خەڵاتەکە لە ئیمەیڵی هەڵبژاردنی پۆرتاڵی ڕووداو نووسیویانە: "پیرۆزتان بێت، ئێوە بەربژێرکراون و کارەکانتان جێگەی سەرسوڕمانی لیژنەی دادوەری بوون، بۆیە شۆرتلیستکراون بۆ خەڵاتی 2017". براوەی ئەو خەڵاتە ڕۆژی 2017/6/1 لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا لە مەراسیمێکدا ئاشکرادەکرێ.



## پلانی کوشتنی مەلا وشیار لە زاری بکوژ و هاوکارەکەیەوە

# ڕووداو وردەکاری دادگایی بکوژانی مەلا وشیار بڵاودەکاتەوە

**بکوژی مەلا وشیار:** کوشتم، لەبەر ئەوەی پێیگوتم کوڕی باوکی خۆت نیت

**داواکاری گشتی:** پێویستە تاوانباران لە هەمان شوێنی کوژرانی مامۆستا وشیار لەسێدارە بدرێن

**چیرۆکی کوشتنی مەلا وشیار مەلاکانی گریاند**

**منداڵەکانی مەلا وشیار بە 20 ملیۆن دینار قەرەبوو دەکرێنەوە**



مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

کاتژێر 9:32 ی ڕۆژی 2017/5/4 ، سەرۆکی دادگای تاوانەکانی هەولێر بەناوی خودا دەستی بە دادگایی بکوژانی مەلا وشیار ئیسماعیل کرد کە شەوی 2016/11/22 لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا، لەلایەن گەنجێکەوە بە هاوکاریی گەنجێکی دیکە کوژرا.

دوو تۆمەتبارەکە لەنێو قەفەسێکدا ڕاوەستاون. دادوەر و دوو یاریدەرەکەشی دەست بە خوێندنەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوەکە دەکەن. لەبەردەم دەرگای هۆڵی دادگاییەکە چەندین کارمەندی دژە تیرۆری سەر بە ئەنجوومەنی ئاسایش وەستاون، سێ کارمەندی دیکەش لەبەردەم قەفەسەکە بە وردی چاودێریی هۆڵەکە و دوو تۆمەتبارەکە دەکەن.

بکوژەکە ناوی محەممەد عوسمان وەلی دێوانەیە، تەمەنی 27 ساڵە و پێشمەرگەیە. هاوکارەکەشی کە ئاوەڵزاوایەتی، ناوی سامان سەعیدە و تەمەنی 25 ساڵە، ئەویش پێشمەرگەیە.

### "بە شەرمەزارییەوە قسە دەکەم"

کەسوکاری تۆمەتبارەکان لە پرۆسەی دادگاییەکە ئامادە نەبوون، پارێزەریشیان نەبوو. سەرۆکی دادگا لەسەر حیسابی دەوڵەت دوو پارێزەری بۆ دابینکردن. دوای خوێندنەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوە، بکوژ داوای مۆڵەتی قسەکردنی لە سەرۆکی دادگا کرد و گوتی "بەڕێز سەرۆکی دادگا، بە شەرمەزارییەوە ئەو قسەیە دەکەم، داوای لێبووردن دەکەم". بەڵام سەرۆکی دادگا قسەکانی پێبڕی و گوتی :"لێرە داوای لێبووردن ناخوات، پێشتر بۆ پارێزەرت نەگرتووە، بۆچی داوات لە دادوەری لێکۆڵینەوە نەکردووە پارێزەرت بۆ بگرێت؟".

هاوکاری بکوژەکە کە تراکسوت و تیشێرتێکی لەبەر بوو، گوتی: "ئێمە پێنج مانگە کەسوکاری خۆمان نەدیوە، لە ژووری تاکەکەسی بووین، تەنیا لێکۆڵەر و ئەو کەسانەمان بینیوە کە نان و ئاویان بۆ دەهێنان". بەرپرسێکی دژە تیرۆر کە لە هۆڵی دادگا بوو، گوتی "کەسوکاریان حاشایان لێکردوون".

### مەلاکان گریان

سەرۆکی دادگا کۆنووسی ڕووداوەکەی شەوی کوشتنی مەلا وشیاری خوێندەوە کە ئیفادەی فەوزیە قادر، هاوژینی مەلا وشیار و ئیسرای کچی تێدا بوو. لە کاتی قسەکانی و گێڕانەوەی چرکەساتی تاوانەکە، هاوژینی مەلا وشیار دەستی بە گریان کرد، لەگەڵ ئەویش مەلاکانی ناو هۆڵەکە کە زۆربەیان هاوڕێی مەلا وشیار بوون، دەستیان بە گریان کرد.

ئیسرا باسی ئەو شەوە دەکات کە باوکی دەرگای لە بکوژەکە کردووەتەوە، دەڵێ: "باوکم کێشەی لەگەڵ کەس نەبوو کەسیش هەڕەشەی لێ نەکردبوو، داواکارم تاوانباران بە توندترین شێوە سزا بدرێن".

### چیرۆکی دەمانچەکە

پێشتر (ڕووداو) بڵاوی کردبووەوە کە ئەو دەمانچەیەی تاوانەکەی پێکراوە کرواتیی 11 ملیمە و مەخزنێکی 12 گوللەیی هەیە، تاوانبار سێ گوللەی تەقاندووە، دواتر بکوژ سێ گوللەی خستووەتەوە نێو دەمانچەکە. دەمانچەکەش هی خەزووری بووە.

دادوەر (ئا.س) بانگی (ئا) دەکات کە خەزووری تاوانبارەکەیە، لەبەردەم دادوەر دەستی لەسەر قورئان دادەنێ و سوێند دەخوات کە ڕاستییەکان بڵێ. (ئا) کە ئەفسەرە لە وەزارەتی پێشمەرگە، گوتی "نەخۆشیی شێرپەنجەم هەیە. سەفەری تورکیام کرد بۆ وەرگرتنی چارەسەر، بە زاواکەمم گوت ئەگەر پارەم لێ بڕا لە تورکیا، بۆم بفرۆشە".

دادگا بڕوا بە قسەکانی ناکات، پرسیاری لێدەکات چۆن دەمانچە لە هۆڵی دانیشتن و نێو ماڵ بەجێدەهێڵدرێت؟ خەزووری هەردوو تاوانبارەکە دەڵێ :"من پێشمەرگەم، دوو ماڵم هەیە، کاتێک دەگەڕێمەوە ماڵ لە هەر شوێنێک خۆم بگۆڕم لەوێ دەمانچەکە جێدەهێڵم". خەزووری هەردوو تاوانبارەکە زۆر پەسنیان دەدات و دەڵێت "ئەوان وەک کوڕی خۆم وابوون، زۆر باش بوون و هیچم لێ نەبینیون، ئەو دەمانچەیە هەر هی محەممەد بوو بە 2100 دۆلار لێمکڕی، چونکە بە نیاز بوو خانوو بکات". سەرۆکی دادگا بە زەردەخەنەیەکەوە دەڵێ:" باشە".

### بۆچی مەلا وشیاریان کوشت؟

بەپێی قسەی هەردوو تاوانبارەکە لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە،-15 20 ڕۆژ پێش ڕووداوەکە، بکوژی مەلا وشیار بەنیاز بووە زەوییەک لەبەردەم مزگەوتی عومەر بندیان بکڕێت، سەردانی نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی زەوی دەکات. بکوژ ئۆتۆمبێلێکی BMW ی ڕەنگ ڕەشی ژمارە ئەورووپی پێبووە و بە نارێکی لەسەر ڕێگا ڕایدەگرێت. ئۆتۆمبێلەکەی مەلا وشیاریش بە زەحمەت بە شوێنەکەدا تێدەپەڕێ و بە بکوژەکە دەڵێت :"ئەگەر کوڕی باوکی خۆت بوویتایە، ئۆتۆمبێلەکەت بە باشی ڕادەگرت".

بکوژ کە لە ساڵی 2009 سزا دراوە بەهۆی سەرپێچیی یاساکانی هاتوچۆ، لەساڵی 2011ش بۆ ماوەی 7 ڕۆژ زیندانی کراوە بەهۆی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلی گشتی بە مۆڵەتی تایبەتی. لەناو هۆڵی دادگادا جەختی لەسەر هەمان قسەکانی کردەوە کە لە کاتی لێکۆڵینەوە کردوونی و خۆیشی بە تاوانبار زانی. محەممەد عوسمان گوتی: "ئەو قسەی پێگوتم، بۆیە بڕیارمدا تۆڵەی لێ بکەمەوە و لاقی ببڕمەوە".

بکوژەکە گوتی بڕیاری دابوو گوللە لە قاچی مەلا وشیار بدات نەک بیکوژێ.

بە گوێرەی گێڕانەوەکەی بکوژ، هەفتەیەک سەرقاڵی داڕشتنی پلانی لێدانی مەلا وشیار بووە. دوو سیمکارتی بۆ پەیوەندیی نێوان خۆی و سامان سەعیدی ئاوەڵزاوای دەکڕێت. شەوی ڕووداوەکە دەچێتە ماڵی مەلا وشیار، ملپێچێکی ڕەش لە مل دەکات بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە، لە زەنگی ماڵی مەلا وشیار دەدات، کاتێک مەلا وشیار دێتە دەرەوە، گوللەیەکی لێدەدات، دوای ئەوەی دەکەوێتە سەر زەوی، دوو گوللەی دیکەشی لێدەدات. پاشان بە نامەیەک هاوکارەکەی لە تاوانەکە ئاگادار دەکاتەوە.

سەرۆکی دادگا پرسیار دەکات، باشە تۆ ئاگات لە خۆت بوو کە نامەت نارد؟ چۆن توانیت دوای ئەو تاوانە نامە بنێری، چیت نووسی لە نامەکە؟ ئەو گوتی: "تەنیا نووسیم وەرە پێش وا هاتم".

پارێزەر بڕوا بە قسەی بکوژەکە ناکات و دەڵێ :"بەڕێز سەرۆکی دادگا ئەو هەست و هۆشی لەسەرخۆی بووە تاوانەکەی زۆر بە موسەیتەری کردووە و سەیری ڤیدیۆکەش بکە زۆر بە خێرایی سێ گوللە لە مامۆستا وشیار دەدات و زۆر لێزانانە دەڕوات".

سەرۆکی دادگا قسە بە بکوژەکە دەبڕێت و دەڵێ: "جا قسەیەک ئەوە دەهێنێ کەسێکی لەسەر بکوژی، بۆ بە مامۆستا وشیارت نەگوت ئەو قسەیە جوان نییە، تۆ مامۆستای ئاینیت؟".

سامان سەعیدی ئاوەڵزاوای بکوژ دێتە قسە و دەڵێت:"بە محەممەدم گوت بە گوللە لێی مەدە، با بەدەست لێی بدەین، بەڵام محەممەد گوتی ئەوە مەلایە و خەڵکمان لێ کۆدەبێتەوە".

دادوەر پرسیار لە بکوژ دەکات: چۆن زانیت مەلا وشیار لە ماڵە؟ ئەو لە وەڵامدا گوتی "ئۆتۆمبێلەکەی لە پێش ماڵەکەی بوو".

سەرۆکی دادگا ڕوو لە هاوکاری بکوژەکە دەکات کە باوکی مەلایە، پێیگوت "باشە ئەو بێ ئەقڵ بوو، ئەو فەرتەنەیەی کرد، تۆ بۆ ئامۆژگاریت نەکرد، یان کەسوکاری خۆت ئاگادار نەکردەوە، پێت خۆشە خەڵک لە باوکت بدا کە مەلایە؟". بەڵام سامان هیچ وەڵامێکی بۆ ئەو قسەیە نەبوو.

نوێنەری داواکاری گشتی ڕووی پرسیار لە بکوژ دەکات و دەڵێ: "کێ هانیدای مامۆستا وشیار شەهید بکەی؟ چ لایەنێکی سیاسی بوو، چونکە ئەو تاوانەی تۆ ئەم وڵاتەی شێواندووە، پەیوەندیی لایەنەکانی تێکداوە؟". بکوژ سوێند دەخوات کەس هانی نەداوە و دەڵێ: "وەڵڵا کەس پێینەگوتم، خۆم بڕیارمدا تۆڵە بکەمەوە". سامان سەعیدیش گوتی: "لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە زانیم یەککگرتووە، کاتێک زانیم ڕووداوەکە گەورە بوو، ترسام، نەوێرام حکومەت ئاگادار بکەمەوە".

کاتژێر گەیشتە 11:45 خولەک، پرۆسەی دادگایی بەردەوامە. دادوەر بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی و ماددەکانی 47، 48 و 49 ی هەمان یاسا، تۆمەتی ئاراستەی محەممەد عوسمان و سامان سەعید کرد کە بریتییە لە هاوبەشیکردن لە کوشتنی بە ئەنقەست و پلاندانانی پێشوەختە.

نوێنەری داواکاری گشتی داوا لە دادگا دەکات کە ئەم تاوانە سروشتی نییە، بووەتە هۆی شڵەژانی شار و وڵات، بەپێی هەڵسەنگاندن، پێویستە لە هەمان شوێنی کوژرانی مامۆستا وشیار لە سێدارە بدرێن.

### دوایین قسەی بکوژ و هاوکارەکەی

دوایین قسەی بکوژەکە ئەوە بوو:"زۆر زۆر پەشیمانم". سامان سەعیدیش گوتی :"زۆر پەشیمانم، خۆم بە دوور لە وەزعەکە دەزانم، ئاگام لە کوشتنەکە نەبووە".

دادبینییەکە پشوویەک وەردەگرێت، دوای گوێگرتن لە قسەی تۆمەتباران و پارێزەری تاوانلێکراو و نوێنەری داواکاری گشتی، دادوەرەکان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی بڕیارە قورسەکە بدەن.

کاتژێر 12:13 خولەک دادوەرەکان گەڕانەوە و سەرجەم ئامادەبووان هەستانەوە، سەرۆکی دادگا گوتی: "دەرگاکە بکەوە با خەڵکی دەرەوەش گوێیان لە حوکمەکە بێت".

### مەلا تەکبیر و چەپڵەیان لێدا

سەرۆکی دادگا بە دەنگێکی بەرز سزای لە سێدارەدان تاوەکو مردنی بەسەر هەردوو تاوانبارەکەدا سەپاند و بڕیاریدا بە قەرەبووکردنەوەی 20 ملیۆن دیناری منداڵە ناکامەکانی مەلا وشیار و دەستبەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێل و ماڵ و موڵکی تاوانباران. لەو کاتەدا 8-7 مەلا کە لە هۆڵی دادگا بوون، کەوتنە تەکبیر و چەپڵە لێدان. ئامادەبووانی دەرەوەی هۆڵەکەش گوێیان لە بڕیارەکە بوو، ژنەکان دەستیان بە هەلهەلە لێدان کرد و خۆشحاڵیی خۆیان بەو بڕیارە دەربڕی.

# بارزانی بڕیاری لەسێدارەدانی بکوژانی فەرەیدوون جوانڕۆیی واژۆ دەکات

**بنەماڵەی جوانڕۆیی:** دادگا بڕیارێکی عادیلانەی داوە

**سابیری سۆفی عەلی:** بڕیارەکە جێبەجێ بکرێ، دەچمەوە ماڵەوە دادەنیشم

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

سەرۆکی هەرێمی کوردستان واژۆ لەسەر جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان بۆ بکوژانی فەرەیدوون جوانڕۆیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و بەرپرسی میحوەری پێشووی خازر دەکات. بنەماڵەی تاوانبارەکانیش داوای پێداچوونەوە بە بڕیارەکە دەکەن.

کاتژێر 12:39 خولەکی شەوی 2015/8/25 ، لە ڕووداوێکدا لەسەر ڕێگای هەولێر خەبات، فەرەیدوون جوانڕۆیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێک لە پاسەوانەکانی گیانیان لەدەستدا، دوو پاسەوانیشی زامدار بوون.

### دوو بنەماڵەکە بە بارزانیش ئاشت نەبوونەوە

لیوا نەزیر عاسم ئاغای گۆران لە ناحیەی دارەتووی سەر بە قەزای بەردەڕەش دادەنیشێ. سابیری سۆفی عەلیی گۆڕانیش لە قەزای خەبات. تاوەکو ئێستا 17 کەس لە نێوان ئەو دوو بنەماڵەیەدا کوژراون. دوو کەسی بێلایەن و 6 کەسی بنەماڵەی سابیر سۆفی، لەگەڵ 9 کەس لە بنەماڵەی نەزیر عاسم. لیوا نەزیر عاسم پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو، لە ساڵی 1994دا مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتووەتە نێوانیان و لە تەکیەی شێخ عەبدولعەزیز ئاشتبوونەتەوە و هیچ کێشەیەک لەنێوانیاندا نەما.

دوای ڕووداوەکە، پۆلیسی هەولێر بڵاوی کردەوە، لەلایەن پیاوانی سابیری سۆفی عەلی کە یەکێکە لە کەسایەتییەکانی عەشیرەتی گۆران، بە هەڵە تەقەی لێکراوە و وایانزانیوە دوژمنەکەیان (لیوا نەزیر عاسم)ە کە یەکێکە لە ئاغاکانی عەشیرەتی گۆران.

کوشتنی فەرەیدوون جوانڕۆیی کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. لەسەر ئەو ڕووداوە کوڕێکی سابیر سۆفی عەلی، هەروەها برا و زاوا و دوو کوڕە خاڵی و کەسێکی دیکەی ئەو بنەماڵەیە دەستگیرکران. ڕۆژی 2016/4/6 دادگای تاوانی سێی هەولێر بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ شەش کەس دەرکرد.

دواتر لە ڕۆژی 2017/4/20، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە مەرسوومی هەرێمی ژمارە (73،72 و 74) بڕیاری لە سێدارەدانی هەریەک لە (نەشوان سابیر عەلی، بەشار عەبدوڵڵا محەممەد و مەروان عەلی ئیسماعیل)ی پەسەند کرد. ڕۆژی 2017/4/23 سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئاگادار کردووەتەوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە.

سابیری سۆفی عەلی، کەسایەتی عەشیرەتی گۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "زوڵمێکی گەورە لە بنەماڵەکەی ئێمە کراوە، من دەیان شەهید و بریندارم بۆ پارتی داوە، بەڵام بە یەکجار کوڕ و برا و خوشکەزام ئیعدام دەکرێن. داوا لە جەنابی سەرۆک دەکەم چاوێک بە بڕیارەکەدا بخشێنێتەوە. بە تایبەت دوو لەو کەسانە لەنێو ئۆتۆمبێل بوون و تەقەیان نەکردووە. بەپێی یاسا ئەوان دەبێت بە ماددە 24ی هاتوچۆ سزا بدرێن".

سابیری سۆفی عەلی ڕووداوەکە بە قەزاوقەدەر ناودەبات و دەڵێت جەنابی سەرۆک بڵێ بمرە ناڵێم نا، بەڵام ئەو ڕووداوە قەزاو قەدەر بووە، پلانی بۆ دانەنراوە و شایەت و دانپێدانانیش نییە، جگە لەوە چ خوا قبوڵ دەکات 380 کەس لە کوردستان کە سزای لەسێدارەدانیان هەیە، بەس سزای سەر ئەوانەی ئێمە جێبەجێ بکرێ. بە تایبەتی کاک فەرەیدوون برادەر و عەزیزی من بوو، هەرگیز خراپەی بەرامبەر ئێمە نەبووە".

سابیری سۆفی عەلی هەڕەشەی وازهێنانی لە پارتی کرد ئەگەر سزای لەسێدارەدانی ئەو شەش کەسە جێبەجێ بکرێ و گوتی "بنەماڵەی کاک فەرەیدوون پێیانگوتین جەنابی سەرۆک چ بفەرمووێ ئێمە ڕازین. داوای بینینی جەنابی سەرۆکم کردووە بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەی بۆ بدەم، ئەگەر ئەوانە لەسێدارە بدرێن ناچارم لە حیزب دابنیشم، چونکە هیچم پێناکرێت. لە نێو عەشیرەت و کەسوکارم دەشکێم و قسەم ناڕوات. ئەو 6 کەسەی ئێمە پێشمەرگەن و هەموو لەشیان برین و شوێنی گوللەی شەڕی داعشە".

### ڕووداوەکە چۆن بووە؟

بەپێی ڕاگەیەندراوی پۆلیسی هەولێر، دوای کردنەوەی دۆسیەی لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی گوتەی شایەتحاڵانی ڕووداوی کوشتنی فەرەیدوون و پاسەوانەکەی، بە پشتبەستن بە کامێرای چاودێریی نزیک لە شوێنی ڕووداوەکە، دەرکەوت لە سەرەتای ڕووداوەکە ئۆتۆمبێلێکی جۆری لاندکرۆزەری سپی بەدوای ئۆتۆمبێلی (فەرەیدوون جوانڕۆیی) کەوتووە لە کاتی گەڕانەوەی بۆ میحوەری خازر، کاتێک دەگەنە نزیک ئۆتۆمبێلی فەرەیدوون جوانڕۆیی، تەقەی لێدەکەن. شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەی جوانڕۆیی هەوڵ دەدات بەهەر شێوەیەک بێت خۆی دەرباز بکات، بۆیە ڕێڕەوی ئۆتۆمبێلەکەی دەگۆڕێت و خۆی بە ئۆتۆمبێلێکی درعی سەربازیدا دەکێشێت.

### بنەماڵەی جوانڕۆیی: دادگا بڕیارێکی عادیلانەی داوە

ساناو جوانڕۆیی، کوڕی فەرەیدوون جوانڕۆیی لەبارەی بڕیاری دادگاوە بە (ڕووداو) ی گوت: "ئێمە دوور و نزیک دەستمان لە کاروباری دادگا وەرنەداوە و پێمانوایە دادگا بڕیارێکی عادیلانەی داوە، چونکە غەدرێکی گەورەیان لە باوکم کرد. هەمووی بە بەڵگەو ڤیدیۆ ماوە کاتێک ئۆتۆمبێلەکەی دەسووتێ ڕێگا نادەن بیکوژێننەوە".

کوڕەکەی فەرەیدوون جوانڕۆیی پشتیوانی لە بڕیارەکەی دادگا دەکات و دەڵێ: "ئەگەر سزای تاوانبار نەدرێ کۆمەڵگەی ئێمە بەرەو ئاراستەیەکی مەترسیدار دەڕوات، لەو 6 کەسەی کە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە جەنابی سەرۆک سزای 3 کەسی ئیمزا کردووە، ئێمە هیچ قسەیەکی دیکە لەسەر بڕیارەکەی دادگا ناکەین".

ساڵی ڕابردوو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خانەوادەی فەرەیدوون جوانڕۆیی کۆبووەوە.

بەپێی قسەی ساناو جوانڕۆیی، بارزانی گوتوویەتی: لەو کەیسەدا دادگا و یاسا چ بڕیارێکیان دا، ئەوە جێبەجێ دەکرێ.

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (456) - دووشەممە 2017/5/8



## عومەر قەڵادزەیی دەبێتە پارێزگاری سلێمانی

ڕووداو- سلێمانی

سەردار قادر لەبری پارێزگاری سلێمانی ڕۆژی 2017/5/7 ڕایگەیاند نامەی دەستلەکارکێشانەوەی ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کردووە. د.سامی جەلال، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند نامەی دەستلەکارکێشانەوەی سەردار قادر گەیشتووەتە وەزارەتی ناوخۆ. گوتیشی "نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەی دەبرێتە بەردەم وەزیری ناوخۆ، دوای پەسەندکردنی، بەپێی یاسا بەشێوەیەکی کاتی عومەر قەڵادزەیی کە جێگری پارێزگارە، کارەکانی پارێزگاری سلێمانی ڕایی دەکات". لەبارەی ئەگەری گەڕانەوەی د.ئاسۆ فەریدوون-یش بۆ پۆستەکەی، سامی جەلال گوتی "د.ئاسۆ فەریدوون، پارێزگاری سلێمانی، لەلای ئێمە مۆڵەتی وەرگرتووە، بەپێی یاسا بۆی هەیە بگەڕێتەوە".

## د.جەعفەر ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:

# تا مانگێکی دیکە پەرلەمان کارا دەکرێتەوە

**د.جەعفەر ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، بە گوێرەی ئەو هەوڵە جددیانەی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان لە ئارادان، ڕەنگە لە ماوەی مانگێکی دیکەدا پەرلەمان کارا بکرێتەوە.**

**جێگری سەرۆکی پەرلەمان هەر لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی پەیوەندیی خۆی و د.یوسف سەرۆکی پەرلەمان دەکات کە لە مانگی 10ی 2015ەوە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێگری لێکرا بگەڕێتەوە پەرلەمان. جەعفەر ئیبراهیم دەڵێت: "پەیوەندیی نێوانمان کاری پەرلەمان بوو، ئێستا لە مەجالی کاردا یەکدی نابینین، بۆیە پەیوەندیمان نەماوە".**

**هەڤپەیڤین: دیار عادل**
**ڕووداو- هەولێر**



**ڕووداو: نزیکەی 18 مانگە پەرلەمانی کوردستان کڵۆنەبووەتەوە، یان وا باشترە بڵێم پەکخراوە، هۆکاری کارانەکردنەوەی چییە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** هۆکاری کارانەکردنەوەی پەرلەمان دەگەڕێتەوە بۆ دانوستاندنی لایەنەکان کە وەکوو پێویست بەڕێوەنەچوو.

**ڕووداو: چ لایەنێک بەرپرسە لە سستیی بەڕێوەچوونی دانوستاندنەکان؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ئێستا کەشوهەوایەکی ئیجابی هەیە، هەوڵی جددی هەیە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان. بۆیە هیچ لایەنێک تۆمەتبار ناکەم. من دەڵێم ئەرکێکی گشتی هەیە، پەرلەمان دامەزراوەیەکی نیشتیمانییە و دەبێت بە ڕۆحییەتێکی نیشتیمانی و دیدگایەکی نیشتیمانی، ئەو گرفتەی ڕووبەڕووی پەرلەمان بووەتەوە چارەسەری بکەین. ئەمە بە تەنیا ئەرکی یەک لایەن نییە، هەموو لایەنەکان بەرپرسن لە کاراکردنەوەی پەرلەمان.

**ڕووداو: ئەو هەوڵە جددیانە چین بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** بێگومان پەیامەکەی سەرۆک بارزانی زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو، نەخشەڕێگاش بوو بۆئەوەی چۆن هەنگاوەکان یەک لەدوای یەک بهاوێین بۆ ئەم پرسە. بەڕاستی ناوەڕۆکی ئەو پەیامەش ئیشی زۆر لەسەر کرا کە متمانە بگەڕێتەوە بۆ لایەنەکان و کێشەکان چارەسەر بکەین و لە پەرلەمانەوە دەستی پێبکەین، چونکە کێشەکان لە پەرلەمانەوە دروستبوون. ئێستا کەشوهەوایەکی سیاسیی ئەرێنی هەیە لە کوردستان. هەر لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە هەوڵی هاوبەش ئیشی باش کراوە. لایەنی دیکەش بەشدار بوون، یەکگرتووی ئیسلامی ڕۆڵی زۆر ئیجابیی گێڕاوە. من وای دەبینم ئێستا لە هەموو کاتەکان نزیکترین لە چارەسەر.

**ڕووداو: باسی ئەنجامدانی گشتپرسی دەکرێ، گشتپرسی هیچ پەیوەندییەکی بە پەرلەمانەوە هەیە، واتە پێویستی بە کاراکردنەوەی پەرلەمانە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** پەرلەمان کاری بنەڕەتی بۆ ڕیفراندۆم کردووە، یاسایەکی زۆر باشی دەرکردووە، ئەویش یاسای کۆمیسیۆن و ڕاپرسییە. ئەم یاسایە دەسەڵاتی بە کۆمیسیۆن داوە لە کاتی پێویست دەتوانن ڕێنمایی و سیستمی تایبەت بۆ ڕاپرسی دەربکەن. کۆمیسیۆن دەسەڵاتی تەواوی هەیە بۆ ئەو پرسە. مامەڵەکردن لەگەڵ ڕیفراندۆم هەروەکو هەڵبژاردنی گشتی وایە، بەڵام بەشێوەیەکی سادەتر و ئاسانتر، هەر بۆیە چوارچێوە یاساییەکەی کێشەیەکی نییە. هەروەها لە مادده 10ی بڕگەی 2 لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا ئەو دەسەڵاتەی بە سەرۆکی هەرێم داوە کاتی ڕیفراندۆم و هەڵبژاردن دیاری بکات و کۆمیسیۆنیش ڕێنمایی هەڵبژاردن دەردەکات. بۆیە ئێمە گرفتی یاساییمان نییە، بەڵام ئەگەر پەرلەمان کارا بکرێتەوە ئێمە بەپێویستی دەزانین یاسایەکی دیکە بۆ گشتپرسی و هەڵبژاردن دەربکەین لە پەرلەمانی کوردستان.

### له مانگی ئەیلولی داهاتوودا گشتپرسی دەکرێت

### ئێستا لە هەموو کاتەکان نزیکترین لە چارەسەر

**ڕووداو: گشتپرسی تەنیا لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، یان ناوچە کێشە لەسەرەکانیش دەگرێتەوە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** نەخێر. ئەوە ڕیفراندۆمی خەڵکی کوردستانە، نەک بە تەنیا هەرێمی کوردستان. هەر کوردێک لە هەر ناوچەیەکی عێراق بێت، تەنانەت لە دەرەوەی عێراقیش، ئەوەی خەڵکی کوردستانی عێراق بێت دەتوانێت بەشدار بێت. پرسی ماددەی 140 یەکلایی بووەتەوە کە پەیوەست بوو بە ئاساییکردنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان. ئێستا دەبینین ئەو ناوچانە چییان بەسەر هاتووە کە لەساڵی 2014 وە حکومەتی عێراق لێی کشایەوە و پێشمەرگە پاراستنی لە داعش. ئێستاش ئەو ناوچانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان یەک پارچەن و یەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. بۆیە ئاساییە ڕیفراندۆم لەو ناوچانە بکرێ.

**ڕووداو: بۆ گشتپرسی لەو ناوچانە هیچ گفتوگۆیەکتان لەگەڵ حکومەتی عێراق کردووە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** بۆ ئەم پرسە دەکرا گفتوگۆ و ڕێککەوتن بکرێت لە نێوان هەرێم و بەغدا. هەروەک نموونەی سوودان کە ڕێککەوتن هەبوو لە نێوان باشوور و باکووری سوودان. ئێستا ڕێککەوتنێکی لەو چەشنە و لەم کاتەدا و لەم بارودۆخەدا مومکین نییە لەگەڵ عێراق بکرێت، بەو بێ متمانەییەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە ناکرێ ڕێککەوتنێکی وەها بکرێ. کەواتە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ بۆچوونی خەڵکی کوردستان، بەڵام بریا عەقڵیەتێکی وەها لە بەغدا زاڵ با کە ڕێزیان هەبووایە بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراق. ڕێزیان هەبووایە بۆ ڕیفراندۆم. ئەو کاتە ئەم جۆرە ڕێککەوتنانە زۆر ئاسان دەبوون.

**ڕووداو: گشتپرسی جگە لە ڕووە یاساییەکەی پێویستی بە کۆمیتەی هاوبەش هەیە لە نێوان لایەنەکان، پێکهێنانی ئەو کۆمیتەیە بەکوێ گەیشت؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ڕیفراندۆم پێویستی بە کۆمیسیۆنە، کۆمیسیۆن خۆی هەموو شتێکە، بەڵام کێ کەمپینی ڕاگەیاندن و پشتیوانی ڕیفراندۆم بەڕێوەدەبات بۆ بەڵێ بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان؟ لە بەرامبەردا ڕەنگە خەڵکانێک بڵێن نەخێر. بۆیە کۆمیتەی سیاسی پێویستە بۆ

### به باشی دەزانین یاسایەک بۆ گشتپرسی لە پەرلەمان دەربچێ

### پەیوەندیم لەگەڵ د.یوسف محەممەد نەماوە

زانینی بۆچوونی هەر لایەنێک. ئەم کۆمیتەیە تەنیا لایەنە سیاسییەکەی پرۆسەکە بەڕێوەدەبات، لایەنە تەکنیکییەکە ئیشی کۆمیسیۆنە.

**ڕووداو: سەردانی پارتی و یەکێتی بۆ لای حیزبەکان تەنیا گومانە لەسەر بۆچوون و هەڵوێستی ئەوان بۆ سەربەخۆیی؟ یان تەنیا ڕێوڕەسمێکی ڕووکەشی و تەشریفاتییە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** سەردانی لایەنەکان زۆر پێویستە، لە ڕووی تێگەیشتن، هاندان و ڕێزگرتن لە یەکدی. ئەم سەردان و نزیکبوونەوانە زیاتر متمانەی بە خەڵک بەخشییەوە. هەروەها من هیچ کاتێک گومانم نییە هیچ هێزێکی سیاسی کوردستان هەبێت دژی ڕیفراندۆم بێ، بەڵام بۆچوونی جیاواز هەیە لە نێوان لایەنەکان. ئەو جیاوازیی بۆچوونەش تەنیا لەسەر کاتی بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمە.

**ڕووداو: جگە لە کۆمیسیۆن چ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئاگادارن یان چاودێریی پرۆسەی بەڕێوەچوونی گشتپرسی دەکەن؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** هەر لایەنێک بیەوێ، بۆی هەیە چاودێریی پرۆسەکە بکات. ئێمەش خۆشحاڵین

### هیچ حیزبێک دژی گشتپرسی نییە

هەر ڕێکخراو و ئۆرگانێکی نێودەوڵەتی کە پەیوەست بن بە هەڵبژاردن و ریفراندۆم، تەشریف بهێنن بۆ هەرێمی کوردستان و چاودێریی ئەم پرۆسەیە بکەن. بەلای ئێمەوە زۆر گرنگە بانگێشتی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق بکرێت کە سەرپەرشتی و چاودێریی پرۆسەکە بکەن. تەنانەت لایەنە سیاسییەکانی عێراقیش بێن چاودێر بن.

**ڕووداو: هیچ پەیوەندییەک لە نێوان تۆ و د.یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ماوە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** ڕاستییەکەی پەیوەندی ئێمە تەنیا پەیوەندی بە کاری پەرلەمانەوە هەبوو، ئێستا لە مەجالی کاردا یەکدی نابینین، بۆیە پەیوەندیشمان نەماوە.

**ڕووداو: پێتوایە ئەمساڵ پەرلەمانی کوردستان کارا بکرێتەوە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم:** لێکتێگەیشتنی باش هەیە بۆ ئەم پرسە، من وای دەبینم لە مانگێکی تردا پەرلەمان کارا بکرێتەوە.

**ڕووداو: ئەی ئەمساڵ گشتپرسی دەکرێ؟**

**جەعفەر ئیمنکی:** بەڵێ وای دەبینم لە مانگی ئەیلولدا بکرێت.

## یەکێتی دەڵێ 20 ملیار دینارە و گۆڕان باسی 70 ملیار دەکات

# گۆڕان و یەکێتی قسەی جیاواز لەسەر داهاتی سلێمانی دەکەن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

هەر یەک لە بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە پێکەوە ئیدارەی سلێمانی دەکەن، ژمارەی جیاواز لەبارەی داهاتی ئەو پارێزگایە دەدەن. یەکێتی دەڵێت مانگانە 20 ملیار دەبێت و بزووتنەوەی گۆڕانیش دەڵێت 70 ملیار دینارە.

هەفتەی ڕابردوو، سەردار قادر لەبری پارێزگاری سلێمانی (کە لە پشکی گۆڕانە) دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە. ئەو ڕایگەیاند کە چووەتە سەر کورسی پارێزگارێکی تەواو بێدەسەڵات "گرفت و ململانێی سیاسی لە ناوچەکە وای کردووە نەتوانین خزمەتی هاووڵاتیان بکەین. بۆیە بە پێویستی دەزانم دەستلەکارکێشانەوەی خۆم ڕابگەیێنم".

هەرچەندە سەردار قادر، زۆرتر مەبەستی بوو بڵێ "ئاگام لە داهاتی پارێزگای سلێمانی نییە"، بەڵام پێش ئەوەش کە ئەو دەستبەکار بێ، بزووتنەوەی گۆڕان ناکۆکی قووڵیان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی هەبوو سەبارەت بە داهاتی پارێزگاکە. هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ: "ئێمە دڵنیاین کە یەکێتی لە مەسەلەی پارەدا هاوبەشی پارتییە و ئەوەش وایکردووە کە بەشێک لە داهاتی سلێمانی دیار نەبێ نەک لە ئێمە، بەڵکو لە بەشێک لە بەرپرسەکانی یەکێتی خۆیشی". بەڵام هێشتا بزووتنەوەی گۆڕان دەرفەتێکی هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی یەکێتی لەسەر پۆستەکان و داهاتی سلێمانی، نێوانی بزووتنەوەکە و خۆی نەگەیێنێتە خولێکی دیکەی یەکدی هاڕین.

### سەرچاوەیەکی یەکێتی: گۆڕان داوای لە یەکێتی کردبوو مانگانە 750 هەزار دۆلاری بداتێ

### گۆڕان: ئێستا یەک دینار لە یەکێتی وەرناگرین

### لیژنەی داهات هیچی پێنەکرا

ڕۆژی 2016/10/10 ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لیژنەیەکی سێ کەسی پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لە داهاتی پارێزگاکە. ڕێکەوت زەکی لە فراکسیۆنی یەکێتی و ڕێبوار ئەحمەد لە فراکسیۆنی گۆڕان و فەرهاد تۆفیق لە فراکسیۆنی سۆسیالیست ئەندامانی لیژنەکە بوون، بەڵام سێ ڕۆژ پاشتر، هەڵوەشانەوەی لیژنەکە ڕاگەیێندرا.

ڕێکەوت زەکی، هەڵوەشانەوەی لیژنەکە بۆ کشانەوەی ئەندامەکەی فراکسیۆنی گۆڕان دەگێڕێتەوە: "کشایەوە بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی باس بکات. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لیژنەکە هەڵبوەشێتەوە".

بەڵام ڕێبوار ئەحمەد، ڕەتیکردەوە ئەو هۆکاری هەڵوەشانەوەی لیژنەکە بووبێ: "من داوام کرد لیژنەکە حەوت ئەندام بێ نەک سێ، چونکە ئەرکێکی ئاوا گرنگ و گران بە سێ کەس ناکرێ". ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ نووسراوەکەی لای سەرۆکایەتی ئەنجوومەن ماوە کە داوای کردووە لیژنەکە ژمارەی ئەندامانی زیاد بکرێ "چونکە دەمزانی بە سێ کەس ناگاتە ئەنجام".

پارێزگای سلێمانی کە ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاتر لە دوو ملیۆن کەسە، بە هاوبەشی لەلایەن یەکێتی و گۆڕانەوە بەڕێوەدەبرێ، ئەوەش لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەیەک کە پۆستەکانی تێدا دابەشکراوە. بەڵام ئەو ڕێککەوتننامەیە و ڕێککەوتننامەیەکی دیکەی سیاسی کە لە نێوان هەردوولادا هەیە، هێشتا گومانەکانی بزووتنەوەی گۆڕانی لە داهاتی پارێزگاکە نەڕەواندووەتەوە.

### داهاتی سلێمانی چەندە؟

ڕێکەوت زەکی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، دەڵێ داهاتی پارێزگای سلێمانی "مانگانە 20 ملیار دینارە و ئەو پارەیە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و پارێزگار بەپێی ڕەزامەندیی وەزارەت لێی خەرج دەکات بۆ پرۆژەکان".

ساڵی ڕابردوو، بزووتنەوەی گۆڕان هەوڵی دا لەسەر ئاستی حیزبیش بەدواداچوون بکات بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر داهاتی سلێمانی، بەڵام دواتر دەنگی نەما. ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، دەڵێ "بزووتنەوەی گۆڕان تێگەیشتن کە داهاتەکە 20 ملیارە نەک ئەوەی خۆیان پێشبینییان کردبوو، چونکە وایاندەزانی پارەکە زۆرە و یەکێتی دەیشارێتەوە".

بەڵام غالب محەممەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت ئەو دڵنیایە لەوەی داهاتی پارێزگاکە "مانگانە 70 بۆ 80 ملیار دینارە، بەداخەوە بەشێکی دەڕوات بۆ هەولێر و بەشێکی دیار نییە".

تەنانەت خودی ئەندامانی گۆڕانیش ژمارەی جیاواز لەبارەی داهاتی سلێمانی باس دەکەن. ڕێبوار ئەحمەد دەڵێ "داهاتی پارێزگاکە 140 ملیار دینارە، بەڵام هیچ لاپەڕەیەکی فەرمی نییە وا بڵێ و ئێمە لە ئەنجوومەن هیچ زانیاریمان نییە لەسەر داهاتی پارێزگاکە و داهاتی فەرمانگەکانی".

بەڵام سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی قسەکانی ڕێکەوت زەکی پشتڕاست دەکاتەوە لەبارەی داهاتی سلێمانی: "20 ملیار دینارە و ئەو پارەیەش هەر لە سلێمانی خەرج دەکرێتەوە و ناگەڕێتەوە بۆ هەولێر". دانا شەهید جەزا گوتیشی "وەسڵەکانی باج و داهات ناگەڕێنەوە بۆ وەزارەتی دارایی و هەریەکە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ و شارەوانی و ئاو 40%ی داهاتی خۆیان خەرج دەکەنەوە، بەڵام سلێمانی مانگانە بە گشتی پێویستی بە 70 ملیار دینارە".

### "یەکێتی و ئەنجوومەن بەرپرسن"

غالب محەممەد پێیوایە بەرپرسی یەکەم لە کێشەی ناڕۆشنی و نادیاریی داهاتی پارێزگای سلێمانی ئەنجوومەنی پارێزگا و یەکێتی نیشتمانین. "ئەگەر ئەنجوومەن ناتوانێ ئەوە ڕوون بکاتەوە با هەڵبوەشێتەوە و هەرێمێک بۆ سلێمانی دروستبکرێ، چونکە پارتی بە ئەنقەست وا لە سلێمانی دەکات، بەڵام وادیارە یەکێتیش شەریکی پارتییە". لەبارەی ئەو لیژنەیەش کە بزووتنەوەی گۆڕان دەیویست پێکیبهێنێت بۆ دەرخستنی ڕاستیی داهاتی پارێزگاکە، غالب محەممەد دەڵێ "کە پارێزگار نەزانێ، بزووتنەوەی گۆڕان چۆن بزانێ".

دانا جەزا، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دەڵێت ئێمەش ئاگادارین کە پارێزگار ئاگای لە داهاتی سلێمانی نییە "خۆی گوتی دەسەڵاتی گۆڕینی فەرمانبەرێکم نییە بەبێ ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی، ئێمەش دەزانین دەسەڵاتی نییە و کێشەکە ئەوەیە داهات بەشێکی دیار نییە".

### گۆڕان: بە پارەی یەکێتی ناژین

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە چەند سەرچاوەیەک وەریگرتوون، لە دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی دەباشانی نێوان گۆڕان و یەکێتی نیشتیمانی، یەکێتی مانگانە بڕێک پارەی داوەتە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بەڕێوەبردنی خەرجیی بینا و بارەگاکانی و میدیای گۆڕان و تاوەکو ماوەیەک بەردەوام بووە.

سەرچاوەیەکی یەکێتی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، دەڵێ "ئەوەندەی من ئاگادار بووم، بزووتنەوەی گۆڕان مانگانە 750 هەزار دۆلاری داوا کردبوو بۆ خەرجیی بینا و بارەگاکانی و میدیاکەی، بەڵام دڵنیانیم لەوەی یەکێتی پێیدان یان نا".

بەڵام ئاوات شێخ جەناب، بەرپرسی ژووری ئابووری و دارایی بزووتنەوەکە دەڵێ، بەشێک لە مووچەی پەرلەمانتاران و وەزیرەکان دەگێڕدرێتەوە بۆ بزووتنەوەکە و بەشێک لە هەڵسوڕاوانیان خۆبەخشانە کار دەکەن، بەشێکیش لە کارمەندانیان فەرمانبەرن و هەندێک لە هەڵسوڕاوانیش باری داراییان باشە و هاوکاریی گۆڕان دەکەن.

ئاوات شێخ جەناب، لەبارەی وەرگرتنی پارە لە یەکێتی گوتی: "ئێستا یەک دینار لە یەکێتی وەرناگرین".



## 40%ی پێشمەرگەی کەمئەندامەکان لە پشکنین دەرنەچوون

**ڕووداو- هەولێر**

لیوا فەریق جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی گوت ڕۆژی 2017/5/7 لەگەڵ جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، وەزیری پێشمەرگە، نوێنەری یەکەکانی 70 و 80ی پێشمەرگە، وەزارەتی دارایی و بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی یەکەکانی 70 و 80 و کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان و دەزگای ئەیلوول کۆبوونەتەوە بۆ پێداچوونەوە بە لیستی خانەنشینی پێشمەرگە. یاوەر ڕایگەیاند "لە وەزارەت پرۆسەیەکمان دەستپێکردووە، پێداچوونەوە بە لیستی کەمئەندامان دەکەین، شەش پزیشکی پسپۆڕ هەفتانە دووجار بۆ پشکنین دادەنیشن" گوتیشی "تاوەکو ئێستا 1937 کەمئەندام چوونەتە بەردەم ئەو لیژنەیە؛ 1177 کەس دەرچووە و 757 کەسیش دەرنەچوون".

### سێ سکاڵای لەسەرە

# 6ی حوزەیرانی داهاتوو مەلا عەلی کەڵەک دادگایی دەکرێ

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**



### سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی دهۆک: کەس نەهاتووە داوای ئازادکردنی مەلا عەلی بکات

### پارێزەرێک: ئەگەر تۆمەتەکەی بسەلمێ، سزاکەی لە یەک تا پێنج ساڵ بەندکردن دەبێ

نزیکەی هەفتەیەکە، مەلا عەلی کەڵەک کە کارەکەی خۆی بە پزیشکی نەبەوی دەناسێنێ، لەلایەن پۆلیسی دهۆکەوە دەستگیرکراوە، پۆلیس دەڵێت تاوەکو ئێستا پارێزەری نییە بەدواداچوون بۆ دۆسیەکەی بکات. هەروەها دەڵێت کە مەلا عەلی لەسەر سکاڵای وەزارەتی تەندروستی دەستگیر کراوە و ڕۆژی 6ی حوزەیرانی داهاتووش یەکەمین دانیشتنی دادگاییەکەی بەڕێوەدەچێ.

کاژێر 11ی شەوی 2017/5/2 مەلا عەلی کەڵەک لەلایەن مەفرەزەیەکی پۆلیسی قەزای بەردەڕەشەوە، لە ماڵەکەی خۆی لە ناحیەی کەڵەک دەستگیر کراو گواسترایەوە زیندانی چاکسازیی گەورانی دهۆک.

#### سێ سکاڵای لەسەرە

سەرچاوەیەک کە ئاگاداری گرتنەکەی مەلا عەلییە، بە (ڕووداو)ی گوت "مەلا عەلی پێشتر دوو سکاڵای لەسەر بوو، سکاڵاکانیشی لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە لەسەر تۆمار کرابوو. ئەو سکاڵایەشی کە ئەمجارە لەسەری تۆمار کراوە، ئەویش هەر لەلایەن وەزارەتی تەندروستییە".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، سکاڵای یەکەم لەدژی مەلا عەلی، بە تۆمەتی ئەوە بووە کە گوتوویەتی میزی حوشتر چارەسەرە بۆ نەخۆشی. سکاڵای دووەمیش لەسەر ئەوە بووە کە داوای خەتەنەکردنی کچانی کردووە. سەبارەت بە سکاڵای سێیەمیش، ئەو سەرچاوەیە گوتی "لەسەر ئەوە بووە کە گوتوویەتی خواردنی کلینێکس مرۆڤ لاواز دەکات".

مانگی ڕابردوو ژنێکی دانیشتووی شاری هەولێر دوای ئەوەی گوێی لە مەلا عەلی بوو بوو کە گوتبووی کلینێکس کێشت دادەبەزێنێ، لە ماوەی 46 ڕۆژدا زیاتر لە هەزار پارچە کلینێکسی خواردبوو، بەو هۆیەشەوە ریخۆڵەکانی گیرابوون و پزیشکەکانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر بە پەلە نەشتەرگەرییان بۆ کرد.

ئەو سەرچاوەیە گوتی "خودی وەزیری تەندروستی داوای لە پۆلیس و دادگای دهۆک کرد کە بەدواداچوون بۆ سکاڵاکانیان بکەن".

سەرچاوەکە باسی شەوی دەستگیرکردنی مەلا عەلی کرد و گوتی "ئەو شەوە بەڕێوەبەری پۆلیسی بەردەڕەش فەرمانی دەستگیرکردنی لەگەڵ خۆی بردووە، بەڕێزەوە تەلەفۆنی بۆ کردووە، بە ئۆتۆمبێلێکی لاندکرۆزەری مۆدێل بەرز بردوویەتی بۆ دهۆک". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "لەبەر ئەوەی مەلا عەلی کەسایەتییەکی ناسراوە، ڕێزی لێدەگیرێ و لە زیندانیش لە شوێنێکی تایبەت دانراوە".

لیوا تارق ئەحمەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای دهۆک سەبارەت بە دەستگیرکردنی مەلا عەلی گوتی: "بە فەرمانی دادوەر و لەسەر سکاڵای وەزارەتی تەندروستی دەستگیرکراوە".

سەبارەت بە ئازادکردنیشی بە کەفالەت، لیوا تارق گوتی "تاوەکو ئێستا کەس نەهاتووە داوای ئازادکردنی بکات بە کەفالەت، هەر کاتێک پارێزەری گرت و بەدواداچوونی بۆ دۆسیەکە کرد، ئەوە دادوەر بڕیار دەدات بە کەفالەت ئازاد بکرێ یان تاوەکو ڕۆژی دادگایی لە زیندان بمێنێتەوە".

بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای دهۆک ڕۆژی دادگایی مەلا عەلی کەڵەکی ئاشکرا کرد و گوتی "ڕۆژی شەشی مانگی داهاتوو دادگایی دەکرێ، بەڵام ئەو دادگاییە لەسەر ئەو سکاڵایە نییە کە ئێستا لەسەری تۆمار کراوە، بەڵکو لەسەر سکاڵاکانی پێشووتری وەزارەتی تەندروستییە".

دادوەر محەممەد ئەمین شەرەفانی سەرۆکی دادگەی تێهەڵچوونەوەی دهۆک باسی ئەو ماددە یاساییەی کرد کە مەلا عەلی پێ دەستگیرکراوە و گوتی "مەلا عەلی بەپێی مادەی 456 لە یاسای سزادانی عێراقی کە تایبەتە بە فێڵکردن لە خەڵک، دەستگیرکراوە".

سەبارەت بە ئازادکردنی مەلا عەلی بە کەفالەت کە شەش ڕۆژە لە زیندان ڕاگیراوە، دادوەر محەمەدئەمین دەڵێت "بۆ ئازادکردنی بە کەفالەت پێویستە پارێزەر بۆ خۆی بگرێ، ئەگەر تاوەکو ڕۆژی دادگایی پارێزەری نەگرت، دادگا خۆی پارێزەری بۆ دەگرێ، بەڵام تاوەکوو ئێستا هیچ کەس پەیوەندی پێوە نەکردووین بۆ ئازادکردنی".

#### سزاکەی چییە؟

مەلا عەلی کەڵەک، بەپێی ماددە 456 لە یاسای سزادانی عێراقی لەلایەن پۆلیسی دهۆکەوە دۆسیەی بۆ کراوەتەوە. پارێزەر هەژار سوبحی لەبارەی سزای کەسێک کە ئەو تۆمەتەی بەسەردا ساخ دەبێتەوە، گوتی "مادەی (احتيال) فێڵکردن لە خەڵک، زۆر بەش لەخۆ دەگرێ، بەڵام ئەگەر تۆمەتەکانی بەسەردا ساخ ببنەوە وەک لە ماددەکەدا هاتووە، ئەوا سزاکەی لە یەک تاوەکوو پێنج ساڵ بەندکردن دەبێ".

### ڕای زۆرینەی بزووتنەوەکە لەگەڵ کشانەوەیە لە حکومەتی لۆکاڵی

# گۆڕان پۆستی پارێزگاری سلێمانی وەرناگرێتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

### یەکێتی: پۆستی پارێزگاری سلێمانی پڕناکەینەوە

بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان سەرقاڵی تاوتوێکردنی مانەوە یان کشانەوە لە ئیدارەی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەن. پەرلەمانتارێکی بزووتنەوەکەش دەڵێ "سەردار قادر لەبەر ئەوە وازی هێناوە کە دەسەڵاتی نەبوو، ئایا ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان کەسێکی دیکە بەبێدەسەڵاتی دەنێرێ بۆ پڕکردنەوەی شوێنەکەی؟".

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2017/5/8 سەرکردایەتی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان کۆببنەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا، یەکێتی پرۆژەکەی خۆی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان دەخاتە بەردەستی گۆڕان، بەڵام ئەمجارەیان گۆڕان زۆرتر چاوەڕوانی دەستپێکردنی کۆبوونەوەکەیە، چونکە دەیەوێ لەبارەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی و پۆستەکانی دیکەی نێو حکومەتە خۆجێییەکان و بێدەسەڵاتیی بەڕێوەبەرەکانی لەنێو حکومەتدا، چەند پرسیارێک ڕووبەڕووی یەکێتی بکاتەوە.

بەڵام پێش کۆبوونەوەکە و هەر لە ئێستاوە، زۆرینەی نێو بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ ئەوەن نەک تەنیا پۆستەکەی سەردار قادر، بەڵکو بزووتنەوەی گۆڕان لە تەواوی حکومەتە خۆجێییەکە بکشێتەوە. هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ "لەناو بەرپرسە بڕیار بەدەستەکانی بزووتنەوەکەشدا، زۆرینە لەگەڵ ئەوەن بەهیچ شێوەیەک گۆڕان پۆستی پارێزگاری سلێمانی وەرنەگرێتەوە".

ئەو هەڵسوڕاوەی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ ڕاستە چەند ڕۆژێکە سەردار قادر دەستی لەکارکێشاوەتەوە "بەڵام دەمێکە پارێزگار و بەڕێوەبەرەکانی دیکەی گۆڕان گلەیی و سکاڵای ئەوەیان هەیە کە بێدەسەڵاتن و ناتوانن وەک پێویست ئەرکی خۆیان ڕاپەڕێنن، بۆیە بابەتەکە تەنیا پەیوەندی بە پارێزگاری سلێمانییەوە نییە، هەرچەندە گۆڕان تاوەکو کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هاوبەش نەکات بڕیاری کۆتایی نادات، بەڵام زۆرینەی بۆچوونەکان لەگەڵ وەرنەگرتنەوەی ئەو پۆستە و کشانەوە لە پۆستەکانی دیکەشن".

ڕۆژی 2014/4/30 هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کرا، هەڤاڵ ئەبوبەکر، کە زۆرینەی دەنگەکانی ئەو پارێزگایەی بەدەستهێنا، کاندیدی گۆڕان بوو بۆ وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری سلێمانی، بەڵام نەیتوانی دەستبەکار ببێ تاوەکو ڕێککەوتننامەی یەکێتی و گۆڕان بۆ دابەشکردنی پۆستەکان هاتە گۆڕێ و دوو ساڵ بە دوو ساڵ، پۆستەکانیان دابەش کرد.

بزووتنەوەی گۆڕان نیگەرانە لەوەی لەلایەن یەکێتییەوە ئاستەنگی زۆر بۆ پۆستەکانیان دروستکراوە. بێستوون فایەق، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ، هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانییە و لەبەر کێشەی سیاسی و ئەو کێشە یاساییانەی بۆی دروستکران دەستبەکار نەبوو "بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان بیر لەوە دەکاتەوە کە کاک سەردار قادر، بۆ خۆی هیچی پێنەکرابێ و دەسەڵاتی نەبووبێ، بۆچی بێدەسەڵاتێکی دیکە لە شوێنەکەی دابنێ؟".




وەک کاک سەردار بێدەسەڵاتن و کێشەیان بۆ دروستدەکرێ، ئێستا گفتوگۆی جددی لەنێو گۆڕان هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی پارێزگار و ژمارەیەک پۆستی دیکە". گوتیشی "ئەو بەڕێوەبەر و لێپرسراوانەی لەنێو ئیدارەی خۆجێیی سەر بە یەکێتین، ڕەنگە باشترین و ئیشیان باشتر بڕوات، هەم لای یەکێتییەوە و هەم لەولاشەوە".

ڕۆژی دووی ئەم مانگە، سەردار قادر، دوایین کۆبوونەوەی خۆی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی و قایمقامی سلێمانی و سەرۆکی شارەوانی و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ئەنجامدا و دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستەکەی ڕاگەیاند.

(ڕووداو) پەیوەندی بە ژمارەیەک لە بەرپرسانی یەکێتییەوە کرد، ئاخۆ پۆستی پارێزگاری سلێمانی لەلایەن یەکێتییەوە بەڕێوەدەبرێ تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو، یان یەکێتی چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکات؟ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە نەیویست ناوەکەی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ "ئەوە پۆستی گۆڕانە و پێویستە گۆڕان بۆ خۆی چارەسەری بکات، ئێمە وەک یەکێتی وەک چۆن پۆستی وەزیرەکانی ئەوانمان پڕنەکردەوە، هەر ئاواش پۆستی پارێزگاری سلێمانی پڕ ناکەینەوە".

بەڵام لەنێو بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتیدا گومانێک دروستبووە لەوەی کە گۆڕان ئەو پۆستە وەرناگرێتەوە و تەنانەت پلانی هەیە دەستبەرداری پۆستەکانی دیکەش ببێ، ئەوەش وەک ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو.

### بە 100 دۆلار کڕدراون و بە 10 هەزار دینار دەفرۆشرێنەوە

# سەرە مەنهۆڵی ئاوەڕۆکانی هەولێر و سلێمانی دەدزرێن

**ئاسۆ سەراوی**
**ڕووداو- هەولێر**

### لێپرسراوی چاککردنەوەی ئاوەڕۆکانی سلێمانی: لە سلێمانی زیاتر لە 500 سەرە مەنهۆڵ دزراون

دزینی سەرە مەنهۆڵ و موشەبەکی باراناو، لە هەولێر و سلێمانی خەریکە دەبێتە دیاردە، کەسێک لە هەولێر کە لەسەر ئەو کارە دەستگیرکراوە، دەڵێت هەر دانەیەکی لەو سەرە مەنهۆڵانە بە 10 هەزار دینار فرۆشتووەتەوە، لەکاتێکدا هەر یەکێک لەو سەرە مەنهۆڵانە لەسەر حکومەت 100 دۆلار کەوتووە.

بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ لە وەزارەتی شارەوانی و گشتوگوزار ڕایگەیاند، بەسەتان سەری مەنهۆڵی ئاوەڕۆ و موشەبەکی باراناو لە سلێمانی و هەولێر دزراون و کەسێکیش لەسەر ئەو کارە لە شاری هەولێر دەستگیرکراوە.

مەسعود کاکەڕەش، بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە شاری هەولێر دیاردەی دزینی سەری مەنهۆڵ سەری هەڵداوە و گوتی "دەکرێت بڵێین سەتان سەرە مەنهۆڵ دزراون، بەزۆری لە گەڕەکی هەولێری نوێ و شەقامی کەسنەزان دزییەکان کراون".

بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ لە وەزارەتی شارەوانی و گشتوگوزار دەڵێت لەسەر ئەو دیاردەیە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا پۆلیسی هەولێر کەسێکیان دەستگیر کردووە "ئێستا ئەو کەسە لەلای پۆلیس لەژێرلێکۆڵینەوەدایە".

هەر لەو بارەیەوە هۆگر عەزیز گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسەی دەستگیریان کردووە بەردەوامە و گوتی "ئەو کەسەی دەستگیرمان کردووە دەڵێت هەر دانەیەک لەو سەرە مەنهۆڵانەی بە 10 هەزار دینار فرۆشتووە، لەکاتێکدا ئەوەندەی پرسیارمان کردووە، هەر دانەیەک لەو سەرە مەنهۆڵانە بە دانانەوە 100 دۆلار لەسەر حکومەت کەوتووە".

لەشاری سلێمانیش وەک لێپرسراوی چاککردنەوەی ئاوەڕۆکانی سلێمانی باسی دەکات، دیاردەکە بەشێوەیەکی مەترسیدار سەریهەڵداوە، تاوەکو ئێستا زیاتر لە 500 سەرە مەنهۆڵ و موشەبەکی باراناو دزراون.

مەحموود محەممەد، لێپرسراوی چاککردنەوەی ئاوەڕۆکانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە سلێمانی دیاردەکە بەشێوەیەکی بەربڵاو سەریهەڵداوە و گوتی "پێشتر کە قەیرانی دارایی نەبوو، ئەگەر بشدزرایە، دەمانتوانی بەزوویی بیکڕینەوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئێستا ئەوە ناکرێت".

ئەو بەرپرسە گوتی کە ژمارەیەکی دروستیان لەبەر دەست نییە چەند دزراوە، بەڵام گوتی "دەتوانین بڵێین زیاتر لە 500 سەرەمەنهۆڵ و موشەبەکی ئاو دزراون".

لێپرسراوی چاککردنەوەی ئاوەڕۆکانی سلێمانی، دەڵێت تاوەکو ئێستا کەسیان لەسەر ئەو کارە دەستگیر نەکردووە، گوتیشی "ئەوانەی ئەو دزییە دەکەن، سەرە مەنهۆڵەکان وەکو خۆی لە بازاڕ نافرۆشنەوە، بەڵکو پارچە پارچەی دەکەن یان دەیتوێننەوە، ئینجا دەیفرۆشنەوە".

مەحموود محەممەد، ئاماژەی بەوەشدا لەسەر بەربڵاویی ئەو دیاردەیە نووسراویان بۆ پۆلیس و ئاسایش کردووە، گوتیشی "مەترسییەکی دیکەی ئەم دیاردەیە تەنها دزینەکەی نییە، بەڵکو لەسەر شەقامەکان بەهۆی دروستبوونی ئەو چاڵانەوە ڕەنگە ڕووداوی هاتوچۆ بکەوێتەوە، یاخود منداڵ بکەوێتە ناوی، بۆیە پێویستە چارەسەرێکی خێرا بۆ ئەم دیاردەیە بدۆزرێتەوە، هاوکاری یەکەمیش بۆ ئەو کارە جگە لە پۆلیس هاووڵاتیانن، ئەگەر هەستیان بەشتێکی لەو جۆرە کرد، بەزوویی پۆلیسی لێ ئاگادار بکەنەوە"



## فازڵ نەبی، بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق بۆ (ڕووداو):

# بەهۆی کێشەی سیاسییەوە خانەنشین کرام



دوای ماوەیەک بێدەنگی، د.فازڵ نەبی، بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق باسی هۆکاری دەستلەکارکێشانەوە و خانەنشینبوونی بۆ (ڕووداو) دەکات. فازڵ نەبی کە زیاتر لە 12 ساڵ وەکو کوردێک لە وەزارەتی دارایی عێراق کاری کرد، دوای لەسەر کارلابردنی هۆشیار زێباری لە پۆستی وەزیری دارایی عێراق دەڵێ: "چەندین لایەنی سیاسی داوایان لێکردم ئەو پۆستە وەربگرم". فازڵ نەبی لەبارەی دەستبەسەرکردنی لە فڕۆکەخانەی هەولێر، دەڵێ "حەقیقەتەکان ڕوون بوونەوە". دەشڵێت پارتی لەبەغدا بە کەسێکی وەکو ئەو سەری بەرزە.

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

**دەکرا زۆر شت لە مالیکی وەربگری، بەڵام ئەوە لەگەڵ عەبادی زەحمەتە**

**لە 2015 بەدواوە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندا نەما**

**مالیکی پێیدەگوتم پارەی عێراقت هەمووی بۆ کوردستان نارد**

**ڕووداو: ئەگەر لێت بپرسن بۆ هەرێمی کوردستان چی باشە، ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا یان فرۆشتنی نەوت بە سەربەخۆیی، چ وەڵامێک دەدەیەوە؟**

**فازڵ نەبی:** تاوەکو کۆتایی 2013 لەگەڵ ڕێککەوتن بووم لەگەڵ بەغدا، بە برادەرانی هەرێمی کوردستانیشم دەگوت با پەیوەندییە دارایی و ئابوورییەکان لەگەڵ بەغدا نەپچڕێت، ئەگەر ڕاسپاردەکانم بە باشی وەرگیرابایە ئەو قەیرانە داراییە بەو شێوەیە دروست نەدەبوو، بەتایبەتی لە ساڵی 2014.

**ڕووداو: ئەو ڕاسپاردانە چی بوون؟**

**فازڵ نەبی:** لەگەڵ ڕێککەوتن بووم لەگەڵ بەغدا. ئەوکات بەغدا داوای هەناردەکردنی 100 هەزار بەرمیل نەوتیان دەکرد، دەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوتەکەی بداتە بەغدا، لە بەرامبەردا بودجەی وەرگرتبا. بەڵام لە ساڵەکانی دوایی لە یاسای بودجەدا بڕگەیەک زیاد کرا دەڵێ 17%ی خەرجیی فیعلی بدرێتە هەرێمی کوردستان. وشەی (فیعلی) بووە هۆی ئەوەی لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە بەغدا، ئەو بودجەیە کە بەغدا ئامادەبوو بیدات کەمتر بوو لەوەی خۆت لە فرۆشتنی نەوت دەستت دەکەوت. بۆیە لە دوای 2015 ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندا نییە. لە شەش مانگی یەکەمی 2015 کە ڕێککەوتنی هەولێر بەغدا جێبەجێ دەکرا، لە باشترین حاڵەتدا 600 ملیار دینارمان بۆ هەرێمی کوردستان دەنارد، لە کاتێکدا هەولێر 900 ملیار دیناری دەستدەکەوت.

**ڕووداو: بەڵام بەو 900 ملیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیتوانی مووچەی فەرمانبەران بدات؟ ئەم سیستەمی پاشەکەوتی مووچەیە چی بوو؟**

**فازڵ نەبی:** ڕاستە بە فرۆشتنی نەوت و سەرجەم داهاتەکان زیاتر لە 900 ملیار دیناری دەستدەکەوێت، لە باشترین حاڵەتیشدا مووچەی فەرمانبەران 800 ملیار دینارە، بەڵام حیسابی ئەوە بکە هەرێمی کوردستان قەرزدارە، پارەی موستەحەقاتی کۆمپانیای نەوتی هەیە، خەرجی بەکاربردنی وەزارەتەکانی هەیە. لە هەمووشی گرنگتر خەرجیی شەڕی داعشی هەیە.

**ڕووداو: قەیرانی دارایی لە بەغداش ڕوویداوە، بۆچی ئەوان توانییان مووچەی فەرمانبەران بدەن و شەڕی داعشیشیان کرد، بۆچی هەرێمی کوردستان نەیتوانی؟**

**فازڵ نەبی:** عێراق دەتوانێت قەرزی نێودەوڵەتی بکات، چونکە خاوەنی سەروەرییە. جگە لەوە عێراق لە یەدەگی بانکی ناوەندی دەتوانێت پارە ڕابکێشێ، ئەویش لە ڕێگای بانکی ڕەشید و ڕافیدەین، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بانکێکی وا نییە. ئەوانەی کوردستان بانک نین، بەڵکو هەندێک ئیشی بچووک پەیوەست بە مووچە و هەندێک بابەت دەکەن، عێراق لە سەروبەندی دەستپێکردنی شەڕی داعش پارەی یەدەگی نزیکەی

**شتێک بەناوی وەبەرهێنان لە کوردستان نەماوە**

**عێراق 80 ملیار دۆلار قەرزدارە**

55 ملیار دۆلار بوو. بەبڕوای من هەرێمی کوردستان دەتوانێت کۆمەڵێک هەنگاوی دیکە بنێت کە ئێستا دەستی پێکردووە، لەوانە جێبەجێکردنی یاسای گومرگی، بۆ نموونە ئێمە لە بەغدا بۆ زیادکردنی داهات، پەنامان بردە بەر جێبەجێکردنی یاسای گومرگی و داهات، نزیکەی 200% داهاتمان زیاد بوو. تۆ دەبێ باج زیاد بکەی و یاسای باج چالاک بکەی، بەداخەوە هەندێک کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان باج نادەن، ئێمە لە بەغدا لە ڕێگای یاسای بودجەوە باجمان خستە سەر کۆمپانیاکانی مۆبایل، ئەوە بۆ هاووڵاتیان زۆر نەبوو، بەڵام نزیکەی دوو ترلیۆن دینارمان بۆ گەڕایەوە. ئەگەر هەرێمی کوردستان هەنگاوی لەو جۆرەی نابا، پەیکەری حکومەتی بچووکتر کردبایەوە، خەرجییە زیادەکانی کەم کردبایەوە، ڕەنگە بەم جۆرە تووشی پاشەکەوتی مووچە نەبووایە، بە بڕوای من هێشتا دەکرێ حکومەت بچووک بکرێتەوە.

جگە لەوە دەبێ کارئاسانی زیاتر بۆ وەبەرهێنەران و سەرمایەداران بکرێ و دڵنیایی و ئەمان بدرێتە سەرمایەداران، ئەگەر ئێستا سەیر بکەین شتێک بە ناوی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان نەماوە. وەبەرهێنەرەکان کشانەوە، ئەگەرچی من ستایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە لە ماوەی ڕابردوودا کەشوهەوایەکی گونجاوی ڕەخساند و وەبەرهێنەران دەستیان بە سەرمایەگوزاری کرد.

**ڕووداو: قەرزەکانی عێراق گەیشتوونەتە چەند؟**

**فازڵ نەبی:** قەرزەکانی عێراق لە چەند ساڵی ڕابردوودا کەڵەکە بوون، قەرزە نێوخۆییەکان نزیکەی 35 ترلیۆن دینارە، قەرزە نێودەوڵەتییەکانیش نزیکەی 80%ی خۆشبوون و 20% کە ماوە، عێراق بە قیستی درێژخایەن دەیداتەوە، عێراق 45 ملیار دۆلاری دیکە قەرزدارە کە بە من قەرزی مردووی دادەنێم، چونکە زۆربەی قەرزەکان هی وڵاتانی کەنداون کە خاوەنی قەرزەکان داوای ناکەنەوە. هەندێک قەرزی دیکەش لە بانکی نێودەوڵەتی و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی وەریگرتوون کە بە قەرزی ئاسانکار ناسراون، چونکە زیادەی قازانجەکەی ناگاتە 1.5% ، هەروەها ماوەی دانەوەشی درێژە. لەبەر ئەو هۆکارانەی باسم کرد، عێراق دەتوانێت مووچەی فەرمانبەران بدات و خەرجیی بەکاربردن و شەڕ بکات بەبێ کێشە.

**ڕووداو: لەو قەرزە نێودەوڵەتییانە بۆچی بەغدا پشکی هەرێمی کوردستان نادات، ئێوە ڕۆڵتان لەوێ چی بوو؟**

**فازڵ نەبی:** قەرزەکان دوو جۆرن، هەندێکیان بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە بوو کە حکومەتی عێراق پێیوایە مادام ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستان نییە، پشکی هەرێمی کوردستان نەدرێت. هەندێک قەرزی دیکەش هەیە کە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانە. لەو قەرزانە پشکی هەرێمی کوردستان دراوە، بۆ نموونە لە قەرزی یابانی. هەروەها لە مانگی 10ی ساڵی ڕابردوو لە واشنتن بووین لە کۆبوونەوەی ساڵانەی بانکی نێودەوڵەتی، ئەوان داوای ڕەزامەندیی ئێمەیان کرد بۆئەوەی 500 ملیۆن دۆلار بدەنە هەرێمی کوردستان وەکو قەرز، منیش سەرۆکی شاندی عێراق بووم، سەرەڕای بەرپرسیارێتیم، بەڵام وەکو کوردێک ڕەزامەندیم دا. لێرەش وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیشی زۆری لەسەر ئەو بابەتە کرد، بڕیاریش بوو بەشی یەکەمی ئەو قەرزە کە 150 ملیۆن دۆلار بوو بدرێتە هەرێمی کوردستان، بەڵام دوای خانەنشینبوونم ئاگادار نیم قەرزەکە دراوە یان نا.

**ڕووداو: دوای وەرگرتنەوەی متمانە لە هۆشیار زێباری، کێ وەزیری دارایی بوو؟**

**فازڵ نەبی:** 90%ی ئیشوکارەکانی وەزارەتی دارایی لەسەر شانی من بوو، لە سەردەمی بەیان جەبر زۆرترین دەسەڵاتم پێدرابوو، دوای گەڕانەوەی کاک هۆشیار زێباری هەموو ئەرکەکان 100% لای من بوو، ئەگەرچی سەرۆکوەزیران خۆی بە وەکالەت وەزیری دارایی بوو، بەڵام عەبادی 100% پشتی بە من دەبەست بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی وەزارەت، ڕاستی بڵێم دەستی لە کاروبارەکانم وەرنەدەدا و ڕێزی لە شارەزایی من دەگرت.

**ڕووداو: لە پشتی پەردەوە هیچ داخوازییەک لە تۆ نەکرا بۆ وەرگرتنی وەزارەتی دارایی؟**

**فازڵ نەبی:** زۆربەی کوتلە سیاسییەکان داوایان دەکرد من پۆستی وەزیری دارایی وەربگرم، منیش لە تەلەفزیۆنەوە گوتم کە من ئەندامێکی پارتیم، ئەگەر حیزبەکەم ڕازی نەبێ ئەو پۆستە وەرناگرم. تا ئەم کاتەش کە قسە بۆ ئێوە دەکەم من پابەندی بڕیارەکانی حیزبم، لە ڕابردووشدا هیچ ئیشێکم بەبێ پرسی حیزب نەکردووە.

**ڕووداو: وەکو کەسێکی شارەزا، تۆ لەگەڵ ئەوەی پۆستی وەزیری دارایی پڕ بکرێتەوە؟**

**فازڵ نەبی:** لەڕووی سیاسییەوە قسە لەسەر ئەو بابەتە ناکەم، پڕکردنەوەی ئەو پۆستە پەیوەندی بە سەرکردایەتی سیاسییەوە هەیە، ئەوان دەزانن چۆن و چ کاتێک ئەو پۆستە پڕ بکەنەوە، بەڵام وەکو لایەنی دارایی و ئابووری پێم باشە بە زووترین کات سەرکردایەتی سیاسی پۆستەکە پڕ بکاتەوە و کەسێک دەستنیشان بکات بۆ پۆستی وەزیری دارایی، ئەگەر هیچ سوودیشی نەبێت، خۆ ئاگاداری وەزارەتەکە و ڕەوشی دارایی عێراق دەبێ و

**بانکی ڕاستەقینە لە هەرێمی کوردستان نییە**

**عێراق دەتوانێت بەبێ گرفت مووچەی فەرمانبەران بدات**

**داعش لەو مووچەیەی دەبرد کە بۆ فەرمانبەرانی مووسڵ دەنێردرا**

زانیاریت دەداتێ، جگە لەوە دەتوانێت بەرگری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکات.

**ڕووداو: بەغدا چەند پارەی هەرێمی کوردستان قەرزدارە؟**

**فازڵ نەبی:** حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆیان حسابیان کردووە و ئەوان دەزانن بەغدا چەند قەرزدارە و تا چەند ئامادەیە ئەو پارەیە بدات، بەڵام بۆ پارەی پێشمەرگە بەغدا قەرزداری پێشمەرگەیە، جگە لە شەش مانگی سەرەتای 2015 کە مانگانە 33 ملیار دیناری بۆ پێشمەرگە دەنارد، دەنا پارەی پێشمەرگەیان نەناردووە. ئەوەندەی من بەرپرس بووم هەموو ساڵێک تاوەکو کۆتایی 2013 ئەوەی لە یاسای بودجە بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە، هەموومان ڕەوانە کردووە و نەمانهێشتووە درهەمێکی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بێت. چەندینجار تووشی کێشە بووم بە تایبەتی لەگەڵ نووری مالیکی، هەموو جارێک دەیگوت دکتۆر فازڵ هەموو پارەکانی بۆ کوردستان نارد و تۆمەتی ئاراستە دەکردم.

**ڕووداو: تۆ ماوەیەکی زۆر لە بەغدا بووی، بۆ کورد لە نێوان مالیکی و عەبادی لە ڕووی داراییەوە کەمیان باشترن؟**

**فازڵ نەبی:** هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، سەرەڕای توندییەکەی، بەڵام دەکرا زۆر شت لە مالیکی وەربگری. عەبادی پیاوێکی نەرم و دیبلۆماسییە، بەڵام بە زەحمەت دەتوانرێت شتی لێ وەربگیرێ، پیاوێکی وردە و حیسابی هەموو شتێک دەکات.

**ڕووداو: داهاتی گەشتیاریی ئایینی هیچی کەمتر نییە لە داهاتی نەوت، بۆچی وەزارەتی دارایی نەیتوانی کۆنترۆڵی ئەو داهاتە بکات؟**

**فازڵ نەبی:** زۆر گوشاریان لەسەر ئێمە دەکرد کە گەشتیاری ئایینی بدرێتەوە پارێزگاکان، پێشتر وابوو، بەڵام بەمدواییە زۆربەی داهاتەکان دەگەڕایەوە بەغدا، ئەگەر کێشەی سیاسی نەبووایە، لەسەر نرخی ڤیزا و زۆر شتی دیکە لەنێوان ئەو وڵاتانەی خەڵکیان سەردانی عێراقی دەکرد، دەتوانرا داهاتی گەشتیاری ئایینی زیاتر بکرێت.

**ڕووداو: میکانیزمی ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی مووسڵ ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتی داعش بوون چۆن بوو؟**

**فازڵ نەبی:** عێراق هەتا ئەم دواییە مووچەی تەواوی فەرمانبەرانی دەنارد، بەڵام لەبەر ئەوەی داعش بەشێک لە مووچەکەی دەبرد و ئەوەش دەبووە هۆی بەهێزبوونی داعش، بۆیە ئەنجوومەنی وەزیران مووچەی فەرمانبەرانی ڕاگرت، بەڵام دواتر داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کرد مووچەی ئەو فەرمانبەرانەی لە کوردستانن خەرج بکات، بۆیە لە ڕێگای وەزارەتەکانەوە مووچەی ئەو فەرمانبەرانە خەرج دەکرا کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی داعش بوون. مووچەی ئەو فەرمانبەرانەی لەژێر دەسەڵاتی داعش بوون بۆیان پاشەکەوت کرا و لە دوای تەواوبوونی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی مووسڵ دەیاندرێتەوە. مووچەی فەرمانبەرانی ژێر دەسەڵاتی داعش بەپێی بەڕێوەبەرایەتییەکان خەرج دەکرا، بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە کە لە کەرکووک بوو، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لە مووسڵەوە دەهاتن مووچەکانیان دەبرد و لە مووسڵ دابەشیان دەکرد. ماوەیەکیش لە ڕێگای نووسینگەکانی حەواڵە مووچەی فەرمانبەران خەرج دەکرا.

**ڕووداو: ژمارەیان چەند بوو؟**

**فازڵ نەبی:** ژمارەی تەواوم لا نییە، بەڵام زیاتر لە نیوەی فەرمانبەرانی مووسڵ لەژێر دەسەڵاتی داعش بوون و دەهاتن لە ناوچەکانی نزیک مووسڵ مووچەکانیان وەردەگرت.

**ڕووداو: ماوەیەک پێش ئێستا بەغدا ڕێگری لە نیشتنەوەی فڕۆکەی بارهەڵگر لە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان کرد، بە بڕوای تۆ بەکارهێنانی ئەم بابەتە پەیوەندی بە نەگەڕاندنەوەی داهاتەوە هەبوو بۆ بەغدا؟**

**فازڵ نەبی:** بەبڕوای من داهاتی فڕۆکەخانەکان بۆ خۆیان بوو، ئاگادار نەبوومە هیچ داهاتێکی فڕۆکەخانەکانی کوردستان هاتبێتەوە بەغدا.

**ڕووداو: دوای ئەم هەموو ساڵە لە بەغدا چۆن بوو گەڕایتەوە هەولێر؟**

**فازڵ نەبی:** پەیوەندی بە هەندێک کێشەی سیاسییەوە هەبوو، بە فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران خانەنشین کراوم و ئێستا وەکو سەرپەشتیاری دکتۆرا گەڕاومەتەوە زانکۆی سەلاحەدین.

**ڕووداو: لەسەر داوای پارتی خۆت خانەنشین کرد؟**

**فازڵ نەبی:** نامەوێ بچمە نێو وردەکاریی ئەو بابەتە، بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆر بڕیار هەیە تۆ لە خۆتەوە نایدەی، جگە لەوە گوشارێکی زۆرم لەسەر بوو. سێ مانگ پێش گەڕانەوەم لەگەڵ حەیدەر عەبادی کۆبوومەوە، داوام لێکرد دەست لەکارکێشانەوەکەم قبوڵ بکات.

**ڕووداو: دەستبەسەرکردنی تۆ لە فڕۆکەخانەی هەولێر لەسەر چی بوو؟**

**فازڵ نەبی:** حەز ناکەم باسی ئەو شتانە بکەم، وابزانم ئێستا حەقیقەتی ڕووداوەکان بۆ بەرپرسانی من دەرکەوت، گرنگ ئەوەیە ئەو ڕووداوانە بخەینە لایەک و چاومان لە ئایندە بێت. خەڵکی کوردستان و حیزبەکەشم دەزانن چ خزمەتێکی کوردستانم کردووە، لە توانای خۆم زیاتر کارم کردووە، هەمیشە مرۆڤ کە سەرکەوتوو بوو، بەردی تێدەگرن.

**ڕووداو: تۆ چاوەڕێی پاداشت بووی لە پارتی؟**

**فازڵ نەبی:** ئێستاش چاوەڕێی پاداشتم لە حیزبەکەی خۆم، یەکێکم لەو کادیرانە کە پارتی سەری بە من لە بەغدا بەرزە، دەتوانن لە کاک دکتۆر ڕۆژ بپرسن کە من چ ئیشێکم بۆ کورد و بۆ حیزبەکەم کردووە.

## ڕاپۆرتێکی ئەنجوومەنی لۆردانی بەریتانیا:

# بەریتانیا نابێ پشتگیری لە هەوڵەکانی بەزۆر هێشتنەوەی دەوڵەتە مەرکەزییەکان بکات



"بەریتانیا دەبێ لەڕووی داراییەوە هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکات"

(فۆتۆ: AFP)

کورد هێشتا دوورە لە سەربەخۆیی خۆیشیان ئەوە دەزانن

نابێ بەریتانیا پشتگیریی کورد بکات بۆ سەربەخۆیی

رووداو- هەولێر

چەند ڕۆژێکی کەم بەر لە داخستنی پەرلەمانی بەریتانیا بەهۆی هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەو وڵاتەوە، لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنەکە ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی (ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست: کاتی ریالیزمێکی نوێ هاتووە)، ڕاپۆرتەکە لە نۆ بەشی سەرەکی پێکدێ و بەشی حەوتەمی تەرخان کراوە بۆ باسکردن لە ئەکتەرە نا- دەوڵەتییەکانی ناوچەکە، لە سەرووی هەمووشیانەوە کورد.

ڕاپۆرتەکەی ئەنجوومەنی لۆردان لە کاتێکدا بڵاودەکرێتەوە کە بەریتانیا لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا، لەگەڵ 27 وڵاتەکەی یەکێتیی ئەورووپا سەرقاڵی دانوستاندنی جیابوونەوە لە یەکێتییەکە دەبێ و ئاکامی دانوستاندنەکە و جیابوونەوەکە کاریگەریی جەوهەری لەسەر سیاسەتی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنێ. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش، وەکوو لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "گۆڕانێکی شۆڕشئاسا" دەڕوات و گۆڕانەکەش لێوانلێوە لە "پشێوی و ئاڵۆزی".

### دەرکەوتنی ئەکتەری نوێ

لە سەرەتای بەشی حەوتەمی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "لەم بەشەدا تاوتوێی ئەوە دەکەین کە سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر ئەو وڵاتانەی لە هەڵوەشانەوەدان، دەبێ چۆن بێ، بە تایبەتیش بەرامبەر یەکێک لە ئەکتەرە نیمچە- دەوڵەتییەکان کە کوردە".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، بونیادی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو لاوازی دەچێت، ڕاپۆرتەکە لە زاری مەنسوور ڕێناد، توێژەر لە پەیمانگەی کارنیگی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە سەدەی بیستەمدا حکومەتە ناوەندییەکان "دەیانتوانی بەسەر هەموو شوێنەکاندا زاڵ بن، بەڵام ئەمە چیدی وەها نەماوە".

بەبۆچوونی مەنسوور کە بۆ ڕاپۆرتەکە ڕاوێژی پێکراوە "سنوورەکان خەریکە سەرلەنوێ پێناسە دەکرێنەوە و سنووری نوێ هاتوونەتە ئاراوە کە بەهێزترن (لە سنوورە کۆنەکان)"، وەکوو چۆن سنووری نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق "زۆر بەهێزترە لە سنووری نێوان عێراق و سووریا". مەنسوور بە لیژنەی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەی ڕاگەیاندووە: "ئەگەر بتەوێ لەبارەی کوردەوە گفتوگۆ بکەیت، ناچیت بۆ بەغدا. چونکە ماوەیەکی زۆرە، ئەو ڕوانگەیەی کە دەوڵەتانی بە ئەکتەری سەرەکیی کاروباری نێودەوڵەتی دەزانی، چیدی باوی نەماوە".

یەکێک لەو پرسانەی لەو بەشەدا هەوڵی وەڵامدانەوەی دراوە، ئەوەیە ئاخۆ پارچە پارچەکردنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەپێی پێکهاتە ئەتنی و ئاینییەکان، لەوانەش عێراق و سووریا، دەتوانێ چارەسەری کێشەکان بکات؟ بۆ ئەم بەشە ڕاوێژ بە کۆمەڵێک لێکۆڵەر کراوە کە هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن دابەشکردنی وڵاتان چارەسەری کێشەکان ناکات. حەیدەر ئەلخویی، لێکۆڵەر لە ناوەندی توێژینەوەی شیعە و حاید حاید، لێکۆڵەر لە پەیمانگای شاهانەی بەریتانیا، کۆکن لەسەر ئەوەی "دەسەڵاتی لامەرکەزی لە عێراق و بەهێزکردنی دەسەڵاتی پارێزگاکان لە سووریا دەتوانێ ڕێگەیەکی گونجاو بێ".

ئەیهەم کامیل، لێکۆڵەر لە گرووپی ئۆڕاسیا، بە تیمی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەی ئەنجوومەنی لۆردانی گوتووە: "هیچکام لە لایەنە جیاوازەکانی سووریا، بە ئۆپۆزیسیۆن و کوردیشەوە، داوای دابەشکردنی سووریا ناکەن". ڕێناد مەنسووریش دەڵێت، عەرەبی شیعە و سوننەی عێراق دەیانەوێ بەشێک لە عێراق بن و خۆیان بە عێراقی دەزانن.

هەم ئەلخویی و هەم مەنسوور کۆکن لەسەر ئەوەی هەر ئێستا دابەشبوونی دەسەڵات خۆبەخۆیی خەریکە ڕوودەدات. ئەلخویی پێیوایە نەخشەی ناوچەکە بەهۆی ڕێککەوتنی "پیاوە سپی و سۆڵەکانی ژوورەکانی کۆبوونەوەکانی پاریس و لەندەن ناکرێ"، واتە ئەوان ناتوانن "نەخشەکان بکێشنەوە و بیسەپێنن، بەڵکو ئەوە پیاوە چەکدارەکانن کە بە خوێنی خۆیان سەرلەنوێ نەخشەکان دەکێشنەوە، دەیگۆڕن و دەشیسەپێنن".

ڕێناد مەنسووریش پێیوایە "ئەکتەرە نیمچە - دەوڵەتییەکان هەوڵی دامەزراندنی حکومەت دەدەن، ئەوان ئەکتەری لۆکاڵین بەڵام لە هەوڵی پێکەوەنانی دەوڵەتدان، دووریش نییە لەسەر ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەت بن، کوردی عێراق و سووریا نموونەی ئەم حاڵەتەن".

نەیل کرامپتۆن، بەڕێوەبەری کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، بە تیمی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەی ڕاگەیاندووە "لە زۆر بارودۆخی جیاوازدا چیدی ناتوانین تەنیا لەگەڵ پایتەختی وڵاتەکان (واتە حکومەتی ناوەندی)دا گفتوگۆ بکەین".

بۆیەش تیمی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە پێشنیاز دەکەن "حکومەتی بەریتانیا دەبێ پەیوەندییەکانی خۆی بۆ ئەو دیو ئەکتەرە دەوڵەتییەکانیش قووڵ بکاتەوە... دەبێ حکومەت ئەوە بخاتە ئەولەویەتی خۆیەوە کە پەیوەندیی لەگەڵ هێزە ناوچەییەکاندا دروست بکات".

بەڵام ڕاپۆرتەکە جەختیش دەکاتە سەر ئەوەی کە بەریتانیا نابێ پشتگیری پرۆسەکانی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتان بکات. بەڵام دەبێ ئامادەبێ لەگەڵ ڕەوشی دیفاکتۆ یان نیمچە - دەوڵەتەکان کە بوون بە دیفاکتۆ مامەڵە بکات".

ڕاپۆرتەکەی ئەنجوومەنی لۆردان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "پشتیوانیی هاوپەیمانان لە ساڵانی 2015 و 2016 لە کوردی عێراق و سووریا، شەرعیەتی ئەو هێزانەی زۆر کردووە و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەوانیشی فراوان کردووە".

ڕاپۆرتەکە پێیوایە "کورد هێشتا دوورە لەوەی بە ئامانجی سیاسی خۆی کە سەربەخۆییە بگات و خۆشیان ئەو ڕاستییە دەزانن"، گومانیشی هەیە دەوڵەتێکی کوردستانی یەک پارچەی یەکگرتوو بێتە ئاراوە "چونکە کوردەکان لە نێوان خۆیاندا ناکۆکن".

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا هێزی پێشمەرگە بە "کاریگەرترین هێزی دژی داعش" وەسف کراوە. تیمی ئامادەکار جەخت لەوەش دەکەنەوە کە کورد سەرکەوتنە سەربازییەکانی بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانی دیپلۆماتیک و هاوکاریی دارایی بەکارهێناوە. بەپێی ڕاپۆرتەکە لە دوو ساڵی ڕابردوودا 62 وڵات هاوکاریی سەربازییان پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و حەوت وڵاتیش ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان لە پێدانی چەک و ڕاهێنانی سەربازیدا بینیوە.

سەبارەت بە پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەنجوومەنی لۆردانداهاتووە: "کورد دەوڵەتێکی دیفاکتۆیان بۆ خۆیان دروستکردووە کە نەک هەر خەڵکی ناوچەکە دانی پێدا دەنێن، بەڵکو حکومەتی ناوەندیی بەغداش دانی پێداناوە".

ئەنجوومەنی لۆردان جەخت دەکەنەوە لەوەی "کوردی عێراق هاوپەیمانێکی بەنرخن"، بۆیەش پێشنیاز دەکەن "حکومەتی بەریتانیا دەبێ لەڕووی داراییەوە هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات و هاریکاریی سەربازیش پێشکەش بە هێزەکانی پێشمەرگە بکات، بەڵام نابێ پشتگیری لە هەوڵەکانی بۆ سەربەخۆیی بکات".

سەرەڕای ئەم پێشنیازەش ئەنجوومەنی لۆردانی بەریتانیا پێیانوایە "بەرژەوەندیی بەریتانیا لەوەدا نییە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەو شێوازە ناوەندگەراییەی ئێستایان بمێننەوە، واتە وەکوو دەوڵەتێکی یەکپارچە. لەو شوێنانەی وڵاتێکی یەکپارچە یان حکومەتێکی کارامە دەستەبەر نابێ، بەریتانیا نابێ ئیرادەی سیاسی یان سەرچاوە بۆ سەرخستنی ئەو ئامانجە تەرخان بکات، ئەمەش دەکرێ بۆ عێراق، لیبیا و یەمەن ڕاست بێ".

## ئەبوبەکر بەغدادی 10 مانگ لە زیندانەکەدا بووە

# بوکا.. ئەو زیندانەی داعشی تێدا لەدایک بوو

### ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرا:

### شوێنی زیندانی بوکا دەکرێتە ناوچەی بازرگانیی ئازاد

فرمان عەبدولڕەحمان
رووداو- ئوم قەسر

ئەوکاتەی پۆلیسی سەربازیی سوپای ئەمریکا لە سەرەتای ساڵی 2005، بەندکراوی ژمارە 15791 یان بە کەلەپچەکراوی هێنایە نێو زیندانی بوکا لە شارۆچکەی ئوم قەسر لە باشووری عێراق، نەیاندەزانی چ کاراکتەرێکی گرنگ و مەترسیداریان لەچنگدایە. بەندکراوەکە گەنجێکی تەمەن 33 ساڵ بوو کە لە شاری فەللوجە دەستگیر کرابوو، ناویشی ئیبراهیم عەواد ئیبراهیم ئەلبەدری بوو، بەڵام تەنیا 10 مانگ لە بەندیخانەکە مایەوە و ئازاد کرا. ساڵانێک دواتر ئەو کەسە بە نازناوی ئەبوبەکر بەغدادی دەرکەوتەوە و بووە کەسی یەکەمی ڕێکخراوی داعش کە بە ترسناکترین و بەهێزترین ڕێکخراوی جیهادی لە جیهان دادەنرێ.

وەکو زۆرینەی سەرچاوە میدیاییەکان ئاماژەیان بۆ کردووە، هاتنی ئەبوبەکر بەغدادی بۆ زیندانی بوکا، دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ ئەو، چونکە لەنێو ئەو زیندانەدا پلانی هەنگاوە یەکەمینەکانی دروستبوونی داعش دانرا، دوای ئەوەی جیهادییەکان لەگەڵ ئەفسەرە بە ئەزموونەکانی دەزگای هەواڵگری و گاردی کۆماری ڕژێمی بەعس لەو زیندانە بەیەک دەگەن.

زیندانەکە لە نێوەڕاستی بیابانێکی وشکی کاکی بەکاکیدایە لەسەر سنووری نێوان عێراق و کوێت. هەرچەندە ماوەی هەشت ساڵە داخراوە، بەڵام هێشتا شوورا سەخت و تۆکمەکانی، بەربەستە کۆنکرێتییەکانی، قوولە و خاڵە پاسەوانییە بەهێزەکانی، وەکو خۆیان ماون، یەکە جیاوازەکانی زیندانەکەش هێشتا سام و ترسناکیی ئەو ڕۆژانەی تێدا زیندووە کە زیاتر لە 24 هەزار زیندانیی جیهادی و ئەفسەری پلە باڵای سوپای سەردەمی بەعسی لەخۆگرتبوو.

(رووداو) وەکو یەکەمین دەزگای میدیایی کوردی، سەردانی زیندانی بوکا دەکات و لەنێو پاشماوەی زیندانەکە و هۆڵەکانی ئەو گرتووخانەیەدا، وێنەکانی ئەو ڕۆژگارە دەگێڕێتەوە.

زیندانەکە لە دوو شوورای تۆکمە پێکهاتووە، یەکەمیان شوورایەکی خۆڵینە، بە بەرزیی 18 مەتر کە هەردوولای شووراکە بەشێوەیەکی سەخت لێژ کراوە، بەشێوەیەک مرۆڤ بە ئەستەم دەتوانێ بەسەریدا سەرکەوێ. لەسەر لووتکەی شووراکەش دوو هێڵی تەلی دڕکاوی بە بەرزیی دوو مەتر جێگیرکراون. شوورای دووهەمیشیان شوورایەکی کۆنکرێتیی تۆکمە و بڵندە، لە نێوان دوو شووراکەشدا بۆشاییەکی فراوان هەیە، هەر نێوان 100 مەتریش قوللەیەکی پاسەوانی هەیە بۆ چاودێریکردنی ئاسایشی کەمپەکە.

بناغەی زیندانی بوکا لە ساڵی 2003 لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە دانرا بۆ دەستبەسەرکردنی ئەو سەربازانەی سوپای پێشووی عێراق کە وەکو دیلی جەنگ خۆیان دەدا بەدەستەوە. ئەوکات پێیدەگوترا کامپی فرێدی بۆ دیلەکانی جەنگ. لە کۆتایی ساڵی 2003دا کەمپەکە پێشکەشی سوپای ئەمریکا کرا، ئەوانیش فراوانیان کرد و ناونرا کەمپی بوکا، وەک ڕێزلێنانێک بۆ ڕۆناڵد بوکا، ئەندامی پۆلیسی سەربازیی هێزەکانی ئەمریکا کە لە هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەردا کوژرابوو.

ئەمریکا ویستی کەمپی بوکا بکاتە زیندانێکی نموونەیی بۆ ئەوەی شوێنی زیندانی ئەبو غرێب بگرێتەوە کە بەهۆی دزەکردنی چەند وێنەیەکی ناو زیندانەوەکەوە بەدناو بووبوو. وێنەکان ئەوەیان بۆ ڕای گشتیی جیهانی دەرخست کە لەو زیندانەدا چ پێشێلکارییەک دەرهەقی بەندکراوە عێراقییەکان کراوە.

هەر بۆیە لەنێو کەمپی بوکادا زیندان نەبوو بە مانای زیندان، بەڵکو سەرجەم گیراوەکان بەسەر چەند یەکەیەکی جیاوازدا دابەشکرابوون کە لە 24 یەکەی سەربەخۆ پێکهاتبوو، زیندانییەکانیش تا ڕادەیەک ئازادیی هەڵسوکەت و مامەڵەکردن و یەکتربینینیان هەبوو لەنێو یەکە گەورەکاندا. ئەو تایبەتمەندییە بووە هۆی ئەوەی کە زیندانی بوکا ببێتە شوێنێکی ئارام بۆ کۆبوونەوەی جیهادییەکان و لە هەمانکاتیشدا شوێنێکی بێوەی بۆ گفتوگۆکردن و گۆڕینەوەی بیروڕا لە نێوان ئەندامانی گرووپە جیهادییە جیاوازەکاندا.

عەممار ساڵح، ڕۆژنامەنووسێکی خەڵکی بەسرەیە، پێشتر ئاگاداری ڕەوشی زیندانەکە بووە، ئەو بە (رووداو)ی گوت: "زیندانی بوکا، ڕووبەرێکی ئارام بوو بۆ تروکانی شانە سەرەتاییەکانی داعش، چونکە بە هەزاران ئەندامی گرووپە توندئاژۆکان لە شوێنێکدا کۆکرانەوە کە ئازادیی یەکتر بینین و گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوەیان هەبوو. زۆربەی زیندانییەکان بۆ ساڵانێکی درێژ پێکەوە بوون، ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی بتوانن پلانی ڕێکخراوێکی ترسناکی وەکو داعش دابنێن".

لە خۆڕا نەبوو میدیا جیهانییەکان، زیندانی بوکایان بە زانکۆی بەرهەمهێنانی داعش ناوبرد، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لە بوکادا زیندانی بوون، دواتر پەیوەندییان بە ڕێکخراوی داعشەوە کرد و لەنێو ڕێکخراوەکەدا بوونە کاراکتەری کاریگەر. جگە لە ئەبوبەکر بەغدادی، زیاتر لە 10 ئەمیری باڵای دیکەی ڕێکخراوەکە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە بوکا بوون، لە گرنگترینیان ئەبو محەممەد ئەلعەدنانی، ئەبو موسلیم ئەلتورکمانی، ئەبو عەبدولڕەحمان ئەلبیلاوی و ئەبو هاجەر ئەلعراقی و چەندانی دیکە.

عەممار ساڵح دەڵێت یەکێک لە هەڵە ستراتیژییەکانی ئەمریکییەکان لە زیندانی بوکادا تێکەڵاوکردنی جیهادییەکان و ئەفسەرانی باڵای سوپای پێشووی عێراق بوو، کە دواتر هێزێکی ترسناک و کاریگەریان لێ دروستبوو.



زیاتر لە 10 بەرپرسی باڵای داعش پێشتر لە بوکا بوون

(فۆتۆ: رووداو)

لەنێو زیندانی بوکادا ئەبوبەکر بەغدادی چاوی بە حاجی بەکر، ئەفسەری باڵای هێزەکانی گاردی کۆماریی ڕژێمی بەعس کەوت کە دواتر حاجی بەکر توانی زۆر لە کاربەدەست و پلەدارەکانی گاردی کۆماری بهێنێتە ریزەکانی داعشەوە، بەهۆی ئەوەی ئەزموونی سەربازیی گرنگ و بەهێزیان هەبوو، توانییان باڵی سەربازیی ڕێکخراوەکە لە ڕووی پلان و نەخشەی جەنگییەوە بگەیەننە ئاستێکی باڵا.

یەکێک لەوانەی کە ڕێبەری بۆ تیمەکەی (رووداو) دەکرد و نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئاماژەی بۆ شوێنی بەندکردنی ئەبوبەکر بەغدادی کرد کە لە یەکەی (709 تی ئێچ) دەستبەسەر بووە. هەرچەندە رووداو ناتوانێ زانیارییەکانی ئەو ڕێبەرە پشتڕاست بکاتەوە، بەڵام شوێنەکە لە ژمارەیەک هۆڵی گەورەی لە جەمەلۆن دروستکراو و دەیان کۆمەڵە خێوەتی مامناوەند پێکهاتبوو، هەندێ لە هۆڵەکان تەنیا ڕاڕەوێکی تەلی دڕکاوی لە یەکی جیادەکردنەوە کە ئەوەش هێمایەک بوو بۆ ئەوەی زیندانییەکان بە ئاسانی یەکدییان بینیوە.

یەکێک لە ئەمیرەکانی ڕێکخراوی داعش بەناوی ئەبو ئەحمەد کە پێشتر لەوێ زیندانی بووە و ڕۆژی 12ی دیسەمبەری 2014 قسەی بۆ ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی کردووە، دانی بەو ڕاستیەدا ناوە کە زیندانی بوکا یاریدەدەری بەهێز بوو بۆ لەدایکبوونی داعش. ئەبو ئەحمەد بە ڕۆژنامە بەریتانیەکەی گوتووە: "هەر عەرەبێکی سوننە هاتبێتە نێو زیندانی بوکا، ڕێکماندەخست بۆ ئەوەی ببێتە بۆمبێکی تەوقیتکراو و سەربازێکی ئەو هێزەی بڕیارمان دابوو دوای زیندان دروستی بکەین. دەمانزانی ڕێکخراوی قاعیدە کۆتایی هاتووە، چونکە ئەمریکا هەموو ڕێگاکانی لێ گرتبوو".

زیندانی بوکا ڕۆژی 2009/9/17 لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە بە فەرمی داخرا. زۆربەی بەندکراوان ئازادکران، ئەوانەشی مانەوە بەسەر زیندانەکانی عێراقدا دابەشکران کە زۆربەیان بەر زیندانی ئەبو غرێب و مەحاویل کەوتن. دواتر لە چەند هێرشێکی ڕێکخراوی داعشدا بۆ سەر ئەو گرتووخانانە هەموویان ئازادکران.

نۆڤاک ئارام بتروسیان، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرە، جەخت لەو ڕاستییە دەکاتەوە کە داعش لەنێو هەناوی زیندانی بوکادا لەدایکبوو، پێیوایە ئەزموونی بوکا هەڵەیەکی ستراتیژی بوو بۆ هەموو لایەک. دەربارەی ئایندەی زیندانەکەش بە (رووداو)ی گوت کە کەمپەکە دراوەتە سێ کۆمپانیای عێراقی و ئوردنی و کوێتی بۆ ئەوەی بکرێتە ناوچەیەکی بازرگانیی ئازاد.

نزیکەی هەشت ساڵە کەمپی بوکا خاڵی کراوەتەوە لە زیندانییەکانی، بەڵام ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە بوکا بوون، زیاتر لە دوو ساڵە، سێ شار و 27 قەزا و 63 شارۆچکەی عێراقیان کردووەتە زیندانێکی گەورە بۆ دانیشتووەکانیان.

### د.نووری عوسمان، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بە وەکالەت بۆ (ڕووداو):

# 75 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون تەواوکراون و کڕیاریان نییە



ڕەنگە قەیرانی دارایی لەسەر هیچ کەرتێک، هێندەی کەرتی وەبەرهێنان و بەتایبەتیش پرۆژەکانی نیشتەجێبوون کاریگەریی خراپی جێنەهێشتبێ. لەکاتێکدا ئەو کەرتە زۆر بە گەرموگوڕی لە گەشەکردندا بوو، قەیرانی دارایی و پەلاماری داعش و بەدوای ئەوانیشدا قەیرانی سیاسی، بڕستیان لێ بڕی و ئێستا بەدنیایەک کێشە و سەرئێشەوە بۆ دەستەیەکی وەبەرهێنان بەجێماوە کە سەرۆکەکەی ( لە پشکی بزووتنەوەی گۆڕان) وەک یەکێ لە لێکەوتەکانی قەیرانی سیاسی لە کارەکەی دوورخراوەتەوە.

د.نووری عوسمان، سەرۆکی دەستەکە بە وەکالەت، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو)، باسی وردەکاریی ئەو کێشانەمان بۆ دەکات.

ڕووداو- هەولێر

کێشەی دەشتی بەهەشت زۆر قورسە و چارەسەرکردنی ئاسان نییە

خاوەنی فلۆریا ستی بەڵێنی داوە پرۆژەکەی تەواو بکات

وەبەرهێنان جووڵەیەکی سووکی تێکەوتووەتەوە

**ڕووداو: ئێستا ڕەوشی وەبەرهێنان لە کوردستان چۆنە؟ جووڵەی تێکەوتووەتەوە، یان وەکو دوو سێ ساڵی ڕابردوو هەر سستە؟**

**د.نووری عوسمان:** ڕەوشەکە ناتوانم بڵێم باشە. جووڵەکی زۆر سووک هەیە، ئێمە ئێستا زۆرتر خەریکی ڕێکخستنەوەی کارەکانین. ئەو پرۆژانەی کە پێشتر مۆڵەتیان پێدراوە بەدواداچوونی بۆ دەکەین، بۆ ئەوەی تەواو ببن.

**ڕووداو: بۆچی سستە، خۆ قەیرانی دارایی بەراورد بە دوو ساڵی ڕابردوو کاریگەریی کەمتر بووە. داعشیش لە کوردستان دوورکەوتووەتەوە؟**

**د.نووری عوسمان:** قەیرانی دارایی هێشتا بەردەوامە، بەڵام قۆناغە زەحمەتەکەی تێپەڕاندووە. هێشتا شەڕی داعش کۆتایی نەهاتووە. جگە لەوەش سیستمی بانکیی پێشکەوتوومان نییە، ئەوە یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکان.

**ڕووداو: وەبەرهێنەرانی بیانی نەگەڕاونەتەوە کوردستان؟**

**د.نووری عوسمان:** هاتوون، پرسیاریان کردووە، بەڵام داوای مۆڵەتی پرۆژەیان نەکردووە؟

**ڕووداو: ئەی وەبەرهێنەری ناوخۆ؟**

**د.نووری عوسمان:** وەبەرهێنەری ناوخۆ دێن داوای مۆڵەتی پرۆژە دەکەن، هەندێک مۆڵەتیان وەرگرتووە، هەندێکیان مۆڵەتەکانیان لەژێر ئیجرائاتدایە.

**ڕووداو: وەبەرهێنان زۆرتر لە چ سێکتە رێکد ا یە ؟**

**د.نووری عوسمان:** زۆرترین مۆڵەتەکان بۆ پرۆژەی گەشتیاری و پیشەسازی و کشتوکاڵن، چونکە ئێستا ئەولەوییەتی حکومەت زۆرتر بۆ ئەو سێ سێکتەرەیە.

**ڕووداو: لەو سێ سێکتەرە کامیان بە پلەی یەک دێت؟**

**د.نووری عوسمان:** کشتوکاڵ.

**ڕووداو: پێشتر بە بڕیارێک مۆڵەت بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە سێکتەری نیشتەجێبوون ڕاگیران. ئێستاش هەر مۆڵەتی نیشتەجێبوون نادەن؟**

**د.نووری عوسمان:** هەتا ئێستاش ڕاگیراون، چونکە 75 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون تەواو بوون و کەس نایانکڕێت.. ئەگەر زیاتر بکرێ، تەسەور دەکەی کڕیاری هەبێ؟

**ڕووداو: بەڵام خەڵکانێکی زۆر هێشتا چاوەڕێی یەکەکانیان دەکەن و پرۆژەکانیشیان ڕاگیراوە؟**

**د.نووری عوسمان:** نەخێر ئەوەی مۆڵەتی هەیە ڕانەگیراوە. بەڵکو مۆڵەتی تازە ڕاگیراوە.

**ڕووداو: دەشتی بەهەشت، مۆڵەتیشی هەیە و ڕاگیراوە؟**

**د.نووری عوسمان:** دەشتی بەهەشت کێشەی تێکەوتووە، کێشەی دەشتی بەهەشت زۆر قورسە و چارەسەرکردنی ئاسان نییە.

**ڕووداو: ئەی چارەنووسی خاوەنەکەی؟**

**د.نووری عوسمان:** لێرە نییە و دراوەتە دادگا.

**ڕووداو: بێجگە لە خاوەنی دەشتی بەهەشت هیچ وەبەرهێنەری دیکە دراوەتە دادگا؟**

**د.نووری عوسمان:** بەڵێ زۆری دیکەش هەن.

**ڕووداو: هیچ وەبەرهێنەرێک هەیە پرۆژەی دەشتی بەهەشت تەواو بکات؟**

**د.نووری عوسمان:** نەخێر نییە. داوامان کردووە، بەڵام کەس ئامادە نییە وەریبگرێ.

**ڕووداو: پێشتر کڕین و فرۆشتن بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان هەبوو. وەبەرهێنەر دەتوانێ پرۆژەکەی بفرۆشێتەوە؟**

**د.نووری عوسمان:** بەپێی یاسای وەبەرهێنان ئەو وەبەرهێنەرەی 50%ی پرۆژەکەی تەواو کردبێ. بۆی هەیە هاوبەش پەیدا بکات، بە مەرجێک بەشی هاوبەشەکانی لە 50%ی پرۆژەکە تێنەپەڕێت. هەروەها هاوبەشە نوێیەکان پابەند بن بە هەمان مەرجەکانی مۆڵەتەوە. کە 100%ی پرۆژەکەی تەواو بوو بۆی هەیە پرۆژەکەی بفرۆشێ.

**ڕووداو: زۆر کەس خانوویان لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون کڕیوە و ئێستا پرۆژەکان ڕاوەستاون، ئەوان دەڵێن وەبەرهێنەر پارەی لە ئێمە وەرگرتووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە پرۆژەکەی ڕاگرتووە، باشە وەبەرهێنەر چ پەیوەندی بە قەیرانی داراییەوە هەیە. خۆ پارە لە حکومەت وەرناگرێ؟**

حیجزمان لەسەر شەش پارچە زەویی کۆمپانیای نالیا داناوە

وەرگرتنی پارە لە شارە نوێیەکان بەناوی خزمەتگوزارییەوە نایاساییە

قەبارەی وەبەرهێنان لە کوردستان گەیشتووەتە 46 ملیار دۆلار

**د.نووری عوسمان:** ئەو کڕیارە پێش ئەوەی بچێ خانووەکە یان شوقەکە بکڕێ، کە خێری لێ وەردەگرت ئەو قسەیەی نەدەکرد. زۆربەیان بۆ قازانج کڕیویانە نەک ئەوەی پێویستیان پێی بێت. ئەگەر بۆ حاجەت بووایە 75 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە بازاڕ نەدەکەوت و کەس نەیکڕێت. ئەو گرێبەستێکی کردووە لەگەڵ وەبەرهێنەر. وەبەرهێنەر دەبێ بە قیست پارەکەی وەربگرێ بەپێی قۆناغەکانی بەڕێوەچوونی پرۆژەکە، بەڵام هەندێکیان بۆ قازانجی خۆیان، زۆربەی پارەکەیان بە جارێک دەدایە وەبەرهێنەر. کێشەکە لەلای من نییە لەلای کڕیار خۆیەتی. چارەسەر ئەوەیە بەپێی گرێبەست مامەڵە بکات، ئەگەر مافی لەلای وەبەرهێنەرە دەتوانێ بچێتە دادگا. یەکێک لە کەموکوڕییەکانی یاسای وەبەرهێنان ئەوەیە کە دەستەی وەبەرهێنان هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر وەبەرهێنەردا نییە جگە لە هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی، بەڵام کە مۆڵەتەکەت هەڵوەشاندەوە خراپتری دەکەی، کێ پرۆژەیەک بە نیوەچڵی وەردەگرێ؟

**ڕووداو: ئێوە لەسەر سکاڵای هاووڵاتیان مۆڵەتی پرۆژە هەڵدەوەشێننەوە؟**

**د.نووری عوسمان:** ئەوە هەڵمانوەشاندەوە، ئەی چارەسەر چییە، بەدیل چییە؟

**ڕووداو: ئێستا پارەیەکی زۆر بەناوی کارەبا، زبڵ و سیکیوریتی لە هەندێک کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون وەردەگیرێ، پارەکە لە شارێک بۆ شارێکی دیکە جیاوازە؟ ئایا هیچ بەرنامەیەک هەیە بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو کارە؟**

**د.نووری عوسمان:** بەپێی یاسا ئەوەی دەکرێ هەڵەیە. نووسراویشم کردووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و وەڵامیش هاتووەتەوە. ئەو خزمەتگوزاریانە دەبێ وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت جێبەجێی بکەن. نووسراویش کراوە لە ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان بۆ دامودەزگاکانی حکومەت کە ئەو خزمەتگوزاریانە وەربگرن. بەڵام وەزارەتەکان پابەند نەبوون. ئەوە یەکێکە لە کێشەکان. ئێستاش لە کارنامەی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان دیسان ئەو خاڵەم داناوەتەوە بۆ ئەوەی لە وەزارەتەکان دووپات بکرێتەوە کە ئەو خزمەتگوزاریانە وەربگرن.

**ڕووداو: هەست ناکەن ئەوە ئیستغلالکردنە، بە تایبەتی لە شارە گرانبەهاکان کە خەڵکی پارەداریان لێ نیشتەجێن؟**

**د.نووری عوسمان:** بەڵێ ئیستیغلالە. شار کۆمپانیای سیکیوریتی بۆچییە، لە کاتێکدا هەمووومان لە سایەی ئەمن و ئارامیدا دەژین و هێزە ئەمنییەکانی کوردستان ڕەوشی ئەمنییان بە تەواوی کۆنترۆڵ کردووە. کە پرۆژەیەک تەواو بوو هیچ پەیوەندی بە دەستەی وەبەرهێنانەوە نامێنێ. شارەوانی دەبێ جادەوبان بۆ پرۆژەکە دروست بکات و زبڵەکەشی کۆبکاتەوە. وەزارەتی تەندروستی بنکەی تەندروستی بۆ بکاتەوە. وەزارەتی کارەبا، کارەبای بۆ دابین بکات.

**ڕووداو: پرۆژەکەی ئەلئیعمار کە سەرمایەکەی نزیکەی 3 ملیار دۆلار بوو، بۆ دەستی پێنەکرد؟**

**د.نووری عوسمان:** نازانم، مۆڵەتی لەلای من نییە بۆ ئەوەی بتوانم قسەی لەسەر بکەم. باوەڕ ناکەم مۆڵەتی وەرگرتبێ.

**ڕووداو: کێشەی ڕاگرتنی پرۆژەیەکی کۆمپانیای نالیا بە کوێ گەیشت. ئەو پرۆژەیەی کە ئەو ڕۆژە هێزێکی ئەمنی چووە سەری و ڕایگرت؟**

**د.نووری عوسمان:** پرۆژەکە ڕانەوەستاوە. هەندێک کەموکوڕیی لە پرۆژەکەدا هەیە، ئیجرائاتیشمان کردووە، نزیکەی پێنج شەش پارچە زەوی تێدایە مونشەئاتی لەسەر نەکراوە، حیجزمان لەسەر داناوە.

**ڕووداو: ئەو هێزە بە بڕیاری ئێوە چووبوو؟**

**د.نووری عوسمان:** نەخێر.

**ڕووداو: ئێستا چەند پرۆژەی نیشتەجێبوون وەکو ئەوەی دەشتی بەهەشت کێشەیان هەیە؟**

**د.نووری عوسمان:** کۆیە ستی لە شاری کۆیە ڕاگیراوە، ئەویش وەکو دەشتی بەهەشت ڕاگیراوە و تاوەکو ئێستا چارەسەرمان بۆ نەدۆزیوەتەوە.

**ڕووداو: ئەی فلۆریا ستی لە هەولێر کاری تێدا دەکرێ؟**

**د.نووری عوسمان:** نەخێر ئیشی تێدا ناکرێ.

**ڕووداو: ئێوە ڕاتانگرتووە؟**

**د.نووری عوسمان:** نەخێر، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بانگی وەبەرهێنەرەکەم کرد، ئەو دەڵێت 120 ملیۆن دۆلاری لەلای کڕیارەکانە و پارەکەی نادەنەوە.

**ڕووداو: بەڵێنی دا دەست بە پرۆژەکە بکاتەوە؟**

**د.نووری عوسمان:** گوتی دەستپێدەکەمەوە، بەڵام خەڵکەکە پارەی من نادەنەوە. پێمانڕاگەیاند تۆ گرێبەستێکت لەگەڵ کڕیارەکان هەیە دەتوانی بەپێی ئەو گرێبەستە مامەڵە لەگەڵ کڕیارەکانت بکەی. کڕیارەکانیش دەتوانن بەپێی هەمان گرێبەست ڕەفتارت لەگەڵ بکەن. ئەو پرۆژەیە کێشەی تێکەوتووە، دوو سێ جار ڕاگیراوە. دواجار لە 2016 مۆڵەتمان پێدایەوە. ئەو ڕاگرتنانە کاریگەریی نێگەتیڤی هەبوو لەسەر تەواونەکردنی پرۆژەکە.

**ڕووداو: ئێوە لەو حاڵەتە چی دەکەن، ئایا وەبەرهێنەر سەرپشک دەکەن کە یەکەکان بفرۆشرێ؟**

**د.نووری عوسمان:** ئێمە سەرپشکی ناکەین، لە هەر پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون گرێبەستێک لەنێوان کڕیار و وەبەرهێنەر هەیە. گرێبەستەکە تەحەکوم دەکات بەو پەیوەندییەی لە نێوان کڕیار و وەبەرهێنەردا هەیە.

**ڕووداو: ئەی کێشەی خاوەن زەوییەکانی پرۆژەی فلۆریا ستی چارەسەر کرا؟**

**د.نووری عوسمان:** بەڵێ چارەسەر کرا.

**ڕووداو: بە گشتی تاوەکو ئێستا چەند مۆڵەتی وەبەرهێنان دراوە؟**

**د.نووری عوسمان:** 766 مۆڵەت دراوە.

**ڕووداو: چەندی بیانییە و چەندی خۆماڵییە؟**

**د.نووری عوسمان:** 47 پرۆژەی بیانییە، 31 پرۆژە هاوبەشە و 687 پرۆژەش خۆماڵییە؟

**ڕووداو: قەبارەی وەبەرهێنان لە کوردستان گەیشتووەتە چەند؟**

**د.نووری عوسمان:** گەیشتووەتە 46 ملیار دۆلار. زیاتر لە 6 ملیار دۆلاری بیانییە، 4 ملیار دۆلار هاوبەشە و 36 ملیار دۆلاریش خۆماڵییە.

**ڕووداو: ئەمساڵ چەند مۆڵەتی وەبەرهێنان دراوە؟**

**د.نووری عوسمان:** نازانم چەند مۆڵەت دراوە ئامارەکەم لەبەردەست نییە، بەڵام کەمە.

**ڕووداو: دەگوترێ ئێستا مۆڵەتی چێشتخانە و قوتابخانەتان توند کردووە، ئەگەر کەسەکە براندێک نەهێنێتە کوردستان مۆڵەتی نادەنێ؟**

**د.نووری عوسمان:** بەڵێ وایە، شارێکی وەکو هەولێر کە پایتەختی کوردستانە دەبێ چێشتخانەکانی براند بن. بۆ قوتابخانەش بەهەمانشێوە. ناکرێ کابرایەک لەولاوە بێت بڵێت قوتابخانەیەک دەکەمەوە. ناکرێ کەسێک هیچ لە پەروەردە نەزانێت و مۆڵەتی کردنەوەی قوتابخانەی پێبدرێ.

**ڕووداو: دەڵێن ئەوانەی ئێستا دێن مۆڵەت وەردەگرن، وەبەرهێنەری ڕاستەقینەن؟**

**د.نووری عوسمان:** با ئەو بابەتەت بۆ ڕوون بکەمەوە، یاسای وەبەرهێنان یاسایەکی زۆر باش و سەردەمیانەیە. کاری باشیشی پێکراوە. گەورەترین سێکتەر کە وەبەرهێنانی

مۆڵەت تەنیا بە چێشتخانە و قوتابخانەی براند دەدەین

ڕەشنووسێکمان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان ئامادە کردووە

وەبەرهێنەرانی بیانی تەنیا بۆ پرسیارکردن سەردانمان دەکەن

چوونە دەرەوەی وەبەرهێنان بەشێکی پەیوەندی بە ڕۆتینی حکومەتەوە هەیە

تێدا کرابێ. سێکتەری پیشەسازییە. نزیکەی 19 ملیار دۆلار لەو سێکتەرە وەبەرهێنان کراوە. ئەزموونی ئێمە لە وەبەرهێنان کەمێک کورتە. ئەو یاسایە هەموار نەکراوەتەوە. بۆ ئاگاداریشت ئێمە درافتێکمان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی یاسای وەبەرهێنان هەموار بکرێتەوە. بە گشتی تێگەیشتنێکی باش بۆ پرۆسەی وەبەرهێنان نییە. چ لەلایەن خەڵکەوە، چ لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەتیش. کەمتەرخەمی لە حکومەتیش هەبووە، چونکە دەبووایە تاوەکو ئێستا نەخشەڕێی وەبەرهێنان ئامادەکرابا، لە هەر شوێنێک چ پێویستە بکرێ. پێداویستی کەلار وەکو زاخۆ نییە. ئامێدی وەکو هەڵەبجە نییە. یان ئەو ماددە خاوەی کە بۆ پیشەسازییەک بەکاردێت لە پێنجوێن هەیە، ڕەنگە لە دهۆک نەبێ. ئەوەی لە ڕانیە هەیە ڕەنگە لە سلێمانی نەبێ. دەبێ ئەوە حازر بکرێ، زەویی ئامادە بکرێ. ئیعلان بکرێ وەکو هەلی وەبەرهێنان. دەبێ وەبەرهێنەری ڕاستەقینە بێ پێشکەش بکات، ئەوکات ڕۆتین نامێنێ، گەندەڵیش لە پرۆسەکە نامێنێ. تۆ هەموو شتێکت ئامادە کردووە وەبەرهێنەر دێت گرێبەست دەکات و دەستبەکار دەبێ.

**ڕووداو: باسی هەمواری یاساکەت کرد، هەموارەکە زۆرتر چ بوارێک دەگرێتەوە؟**

**د.نووری عوسمان:** زۆر شت لەخۆ دەگرێ، بوارێک و دوو بوار نییە.

**ڕووداو: ئەی مەسەلەی باج، هەندێک پێیانوایە ئەو ماوەیەی کە دانراوە 10 ساڵ باج لە وەبەرهێنەر وەرنەگیرێ، زۆرە، ئەوە هەموار دەکرێتەوە؟**

**د.نووری عوسمان:** کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ نییە. ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی پڕ ئاگرە. وەبەرهێنەر چۆن لێرە ئیش دەکات ئەگەر تۆ تەشویقاتی نەدەیتێ. بێجگە لەوەش ئێمە کە وەبەرهێنان دەکەین دوو ئامانجی سەرەکیمان هەیە. یەک ئاوەدانکردنەوەی کوردستانە. دوو: پەیداکردنی پشتگیریی سیاسی نێودەوڵەتییە . من کە دەڵێم تەفەهومێکی باش نییە بۆ وەبەرهێنان، بە دیاریکراوی باسی ئەو خاڵە دەکەم.

**ڕووداو: ڕەنگە ئەو تەشویقە بۆ بیانییەک باش بێ، بەڵام هەمان مامەڵە لەگەڵ وەبەرهێنەری ناوخۆش دەکرێ؟**

**د.نووری عوسمان:** من با کارگەیەکت بە نموونە بۆ بهێنمەوە، کارگەیەک لە سلێمانی قوتووی کۆکا کۆلا و پیپسی دروست دەکات. ڕۆژانە پێنج ملیۆن قوتوو دروست دەکات. ئێران و تورکیا لێی دەکڕن. کارگەکانی چیمەنتۆمان هەیە، ساڵانە 12 ملیۆن تۆن چیمەنتۆ بەرهەم دێنن، چوار ملیۆنی لە کوردستان ساخدەکرێتەوە، هەشت ملیۆنی بۆ خوارووی عێراق دەچێ. کارگەی ئاسن لە کوردستان بەشی هەموو عێراق بەرهەمی هەیە. کارگەی خشت بەشی هەموو عێراق لە کوردستان هەیە، باشە نابێت پاڵپشتیی بکەم. تورکیا بە چی پێشکەوت؟ پاڵپشتی لە بەرهەمی ناوخۆ دەکات، دەرفەت دەڕەخسێنێ خەڵکەکە وەبەرهێنان بکەن. نابێت ئێمە وا بیر بکەینەوە کە فڵان کەس پارچە زەوییەکی وەرگرتووە، دەوڵەمەند دەبێ.

**ڕووداو: بە قسەی گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، لە ماوەی ڕابردوودا 5000 وەبەرهێنەر سەرمایەکانیان بردووەتە تورکیا و لەوێ وەبەرهێنان دەکەن. چیتان کردووە بۆ ئەوەی وەبەرهێنەری ناوخۆ نەچێتە دەرەوە؟**

**د.نووری عوسمان:** ڕاستە خەڵێکی زۆر ئێستا لە تورکیا و وڵاتانی دیکە وەبەرهێنان دەکەن. بەگشتی تێنەگەیشتنێک بۆ پرۆسەی وەبەرهێنان لە کوردستان هەیە. بۆ نموونە وەزارەتی شارەوانی یان وەزارەتی کشتوکاڵ یان دارایی، زۆر پرۆژەی وەبەرهێنان لەسەر زەوییەکانیان کراون. بەپێی یاسا دەبێ ئەو پرۆژانە بەناوی دەستەی وەبەرهێنان بکرێن. بۆ ئەوەی وەبەرهێنەر هەڵسوکەوت تەنیا لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان بکات، بەڵام ئاسانکاریمان بۆ ناکەن. ڕۆتین زۆرە. گەندەڵیش لە پرۆسەی وەبەرهێناندا کراوە و گومانی تێدا نییە. دووەم: نەبوونی سیستمی بانکی. سێیەم: ناسەقامگیریی ئەمنی. شەڕ هەبوو. سەرمایەش ترسنۆکە و ڕوو لە شوێنی سەقامگیر دەکات.

## تەماتە هەرزان دەبێت

ڕووداو- هەولێر

چاوەڕوان دەکرێت نرخی تەماتەی تورکی دابەزێت، لەکاتێکدا ماوەیەکە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان نرخی تەماتەی تورکی بەڕێژەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە. فاروق ئاکباش، جێگری سەرۆکی گشتی فیدراسیۆنی دۆخی تورکیا بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان ڕایگەیاند بەهۆی ئەوەی تورکیا لە ساڵی ڕابردوودا دووچاری قەیران بوو، بۆیە ئاستی بەرهەمهێنان و چاندنی تەماتە کەم بوو، گوتیشی "ئەمساڵ ئاستی هەناردەکردنی تەماتە زیاتر بوو، لەلایەن هاووڵاتیانی تورکیاش خواستی زیاتری لەسەربوو، بۆیە نرخی تەماتە چووە سەرەوە". ئاکباش پێیوایە بە پێگەیشتنی وەجبەی نوێی تەماتە، لە 10 ڕۆژی داهاتوودا تەماتەی تورکی نرخەکەی دابەزینی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێ.



# فرۆشی چیمەنتۆی کوردستان بۆ دوو هێندە زیاد دەکات



ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەهۆی قەیرانی دارایی و وەستانی کار لە زۆربەی پرۆژەکان، فرۆشی چیمەنتۆ لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەڕێژەی 70% دابەزیبوو، بەڵام بەهۆی قەدەغەکردنی هێنانی چیمەنتۆی فەلی ئێرانی و دانانی ڕەسمی گومرگی لەسەر چیمەنتۆی هاوردە، ئێستا جوڵەیەک کەوتووەتە بازاڕی چیمەنتۆ، بەو هۆیەشەوە نرخەکەی گران بووە.

شەش کارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لە هەرێمی کوردستان هەن کە بریتین لە کارگەکانی: ماس، تاسلۆجە، بازیان، دەلتا، کار و کاسن. ئەم کارگانە ئەگەر بە وزەی تەواو کار بکەن، بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە زیاتر لە 15 ملیۆن تۆن، بەڵام بەهۆی دابەزینی نرخ و گرفتی ساغنەبوونەوەی بەرهەم، بە وزەی کەمتر لەتوانای خۆیان کاردەکەن و زۆربەی بەرهەمەکەشیان بۆ شارەکانی عێراق هەناردە دەکەن.

کارگەی ماس یەکێکە لە گەورەترین کارگەکانی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لە هەرێمی کوردستان، خاوەنی سێ هێڵی بەرهەمهێنانە و ساڵانە شەش ملیۆن تۆن چیمەنتۆ بەرهەمدێنێ.

ئاراس عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری کارگێڕیی کارگەی چیمەنتۆی ماس دەڵێت: "دوای هێرشی داعش و قەیرانی دارایی و وەستانی کار لە زۆربەی پرۆژەکاندا، گرفتی ساغبوونەوەی بەرهەمی چیمەنتۆ سەریهەڵدا، بۆیە بەناچاری هێڵێکی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆمان ڕاگرت".

لە دوو ساڵی ڕابردوودا فرۆشی ئەو کارگەیە بە ڕێژەی 70% دابەزیبوو، بەڵام ئەمساڵ جوڵەیەک لە فرۆشتنی چیمەنتۆدا ڕوویداوە و ئێستا کارگەکەیان ڕۆژانە نزیکەی 12 تۆن چیمەنتۆ دەفرۆشێ.

ئاراس عەبدوڵڵا دەڵێت: "نزیکەی 70%ی ئەو چیمەنتۆیەی لە کوردستان بەرهەم دێ، بۆ شارەکانی عێراق هەناردە دەکرێت، بۆیە ئەگەر عێراق ڕێگە بە چیمەنتۆی کوردستان نەدات، زۆربەی کارگەکان لەکار دەکەون".

ژمارەیەکی زۆر کارگەی چیمەنتۆ لە عێراق هەن، بەڵام هەندێکیان بە تایبەتی لە مووسڵ و تکریت و ئەنبار بەهۆی هێرشەکانی داعشەوە لەکارکەوتوون. حکومەتی عێراق بۆ پاڵپشتی و ساغکردنەوەی بەرهەمی کارگەکانی، ساڵانە لەڕێی لێژنەیەک بەپێی پێویست ڕێگە بە هاوردەکردنی چیمەنتۆ دەدات، جگە لەوەش باجی دەخاتە سەر.

شوان محەممەد سلێمان، خاوەنی کۆمپانیای ئیبیریا بۆ فرۆشتنی چیمەنتۆ کە چیمەنتۆ هەناردەی شارەکانی عێراق دەکات، دەڵێت: "عێراق ساڵانە پێویستی بە نزیکەی 45 ملیۆن تۆن چیمەنتۆ هەیە، نزیکەی 35 ملیۆن تۆنی لەڕێگەی کارگەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکات، ئەوەی دیکەش هاوردە دەکات".

بەگوتەی شوان محەممەد، ئەگەر پەیوەندی دارایی و سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان ئاسایی ببێتەوە، کارگەکانی هەرێمی کوردستان ئەگەر بە وزەی تەواویش کار بکەن گرفتی ساغکردنەوەی بەرهەمیان نابێت.

کارگەکان چیمەنتۆ بەشێوەی فەل و کیس بەرهەم دەهێنن، کیس زیاتر بۆ کاروباری دروستکردنی خانوو یان پێویستییەکانی دیکە بەکاردێت، فەلیش بۆ کۆنکریت و کارگەکانی بەرهەمهێنانی بلۆک بەکاردێت، پێشتر زۆربەی چیمەنتۆی فەل لە ئێرانەوە هاوردە دەکرا، بەڵام ئێستا قەدەغە کراوە.

شوان محەممەد دەڵێت: "پێشتر ڕۆژانە 20 هەزار تۆن چیمەنتۆی فەل لە مەرزەکانی ئێرانەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرا، بەڵام ماوەی نزیکەی 50 ڕۆژە هاوردەکردنی چیمەنتۆی فەل وەستاوە، بۆیە ئێستا بەشێک لە کارگەکان زیاتر لە بەرهەمی ڕۆژانەیان چیمەنتۆ دەفرۆشن".

شوان محەممەد نموونە بەفرۆشی کارگەی چیمەنتۆی کاسن دەهێنێتەوە و دەڵێت "کارگەی کاسن بەرهەمی ڕۆژانەی نزیکەی 6 هەزار تۆنە، ئێستا ڕۆژانە نزیکەی 12 هەزار تۆن فرۆشی هەیە، واتە فرۆشی دوو هێندە زیادی کردووە. ئەو زیادە فرۆشیەشی بەهۆی ئەو چیمەنتۆ خەزنکراوەی زستانە کە پێشتر بەهۆی هەرزانبوونی نرخ بۆیان ساغ نەبووەتەوە".

شوان محەممەد گوتی "دوای قەدەغەکردنی هاوردەی چیمەنتۆی فەلی ئێرانی و خواستی سەر چیمەنتۆی خۆماڵی، نرخی تۆنێک چیمەنتۆ لە مانگی ڕابردووەوە نزیکەی 9 دۆلار گران بووە".

شوان محەممەد هۆکارێکی زیادبوونی نرخ و فرۆشی چیمەنتۆی کارگەکانی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە چیمەنتۆی فەل لە مانگی 4 تاوەکو 11 لە هەرێمی کوردستان زیاتر بەکاردێت و خەڵک زۆرتر لەو ماوەیەدا خانوو دروست دەکەن.

جگە لە بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆ، چیمەنتۆی ئێرانی و تورکیش لە بازاڕەکانی کوردستاندا هەیە، بەهۆی هەرزانیی نرخیشیان، خواستێکی زۆریان لەسەرە.

ڕابەر محەممەد، بەڕێوەبەری فرۆشتنی کۆمپانیای ڤان بۆ فرۆشتنی چیمەنتۆ و کۆنکریتی ئامادەکراو کە بریکاری فرۆشتنی چیمەنتۆی ئورمییەی ئێرانی و چوار کارگەی خۆماڵییە، دەڵێت "نرخی چیمەنتۆی ئێرانی بەشێوەیەکی گشتی نزیکەی 8 دۆلار لە نرخی چیمەنتۆی کارگەکانی ناوخۆ هەرزانترە، بۆیە خواستێکی زۆری لەسەرە و زۆربەی کارگەکانی بلۆک دەیکڕن.

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، لەساڵی 2013 کارگەکانی ناوخۆ زیاتر لە 7 ملیۆن و 400 هەزار تۆن چیمەنتۆیان بەرهەمهێناوە، بەڵام بەهۆی گرفتی ساغنەبوونەوەی بەرهەم و دابەزینی نرخ، لە ساڵی 2014 بەرهەمیان بۆ 5 ملیۆن و 700 هەزار و لە ساڵی 2015 بۆ 4 ملیۆن و 800 هەزار دابەزیوە ، بەڵام ساڵی ڕابردوو زیادی کردووە و گەیشتووەتە 5 ملیۆن و 200 هەزار تۆن.

ئاراس ڕەئوف عارف، بەڕێوەبەری گشتیی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، دەڵێت: "ئێستا بەهۆی قەیرانی دارایی و وەستانی پرۆژەکان، هەرێمی کوردستان ساڵانە تەنیا نزیکەی 3 ملیۆن تۆن چیمەنتۆ بەکاردێنێ، بەرهەمی کارگەکانیش 15 ملیۆن تۆنە، بۆیە ئەوەی دەمێنێتەوە ڕەوانەی شارەکانی عێراق دەکرێ".

ئاراس دەڵێت: "دوو ساڵە حکومەتی عێراق هاوردەکردنی چیمەنتۆی فەلی قەدەغە کردووە، ئێمەش کاتی خۆی قەدەغەمان کرد، بەڵام بە بڕیارێک دووبارە ڕێگەی پێدرایەوە. خۆشبەختانە جارێکی دیکە حکومەت ڕەزامەندی لەسەر قەدەغەکردنی هاوردەی چیمەنتۆی فەل دەرکرد، بەهۆی ئەم بڕیارەشەوە ئێستا فرۆشی بەرهەمی خۆماڵی زیادی کردووە".

هەرێمی کوردستان ساڵانە تەنیا نزیکەی 3 ملیۆن تۆن چیمەنتۆ بەکاردێنێ

**بەڕێوەبەری کارگێڕیی کارگەیەک:**

**70%ی چیمەنتۆی کوردستان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێ**

**بەرپرسێکی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی:**

**بەرهەمی ساڵانەی چیمەنتۆی خۆماڵی 15 ملیۆن تۆنە**

## بازاڕی تایەی چینی گەرمە

# هەرێمی کوردستان ساڵانە 6 ملیۆن تایەی ئۆتۆمبێل دەکڕێت

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

ساڵانە 6 ملیۆن تایەی ئۆتۆمبێل دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی بازرگانێکی هاوردەکردنی تایە دەڵێت بەهۆی قەیرانی داراییەوە فرۆشیان زۆر کەمی کردووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، نزیکەی ملیۆنێک و 400 هەزار ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان هەن، لەو ژمارەیەش نزیکەی ملیۆنێک و 320 هەزاریان ئۆتۆمبێلی تایبەت و کرێ و بارهەڵگرن، ئەوانی دیکەش ئامێری کشتوکاڵی و پیشەسازین کە ساڵانە یان دوو ساڵ جارێک بەگوێرەی بەکارهێنانیان پێویستیان بەگۆڕینی تایە هەیە، بەهۆی نەبوونی کارگەی بەرهەمهێنانی تایەش، ساڵانە بە ملیۆنان تایە لە وڵاتانی چین، کۆریا، تایلەند، مالیزیا، ئیندۆنیزیا، تورکیا، ئیمارات، هیند، پۆڵەندا، فەرەنسا و ئەڵمانیاوە دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان.

سەعد کەمال، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە کۆمپانیای سوپەر ستار بۆ بازرگانیی گشتی و هاوردەکردنی تایە و پاتریی ئۆتۆمبێل بە (ڕووداو)ی گوت: "پێشتر ساڵانە 7 تاوەکو 10 ملیۆن تایە هاوردە دەکرا و بەشێکی لەناوخۆ بەکاردەهات و بەشەکەی دیکەشی هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرا، هەندێکیشی بەقاچاخ بۆ ئێران دەچوو، بەڵام ئێستا بەهۆی کەمبوونەوەی فرۆش، ساڵانە هەر 5 بۆ 6 ملیۆن تایە هاوردە دەکرێت".

بە گوتەی ئەو بازرگانە، بەهۆی قەیرانی داراییەوە، شوفێران ئێستا درەنگتر لە جاران تایەی ئۆتۆمبێلەکانیان دەگۆڕن، بۆیە بە تەخمینی ئەو فرۆشی تایە بە ڕێژەی 60% کەمی کردووە.

سەعد کەمال، نموونە بە فرۆشی کۆمپانیاکەی دەهێنێتەوە و دەڵێت: "دوای بڕینی مووچە لەلایەن بەغدا و هێرشی داعش لە ساڵی 2014 ، فرۆشمان زۆر کەمی کرد، ساڵی 2015 بەهۆی بەردەوامیی قەیرانی دارایی ئاستی فرۆشمان بۆ 50% دابەزی، ساڵی ڕابردووش دابەزینی فرۆشمان گەیشتە 60%. بەو هۆیەشەوە هاوردەکردنی تایەمان لە 150 کۆنتێنەر بۆ 50 کۆنتێنەر کەم کردەوە".

بەگوتەی سەعد، لەسەرەتای ئەمساڵەوە بێ بازاڕییەک لە فرۆشی تایە سەریهەڵداوە کە لە 10 ساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبووە. ئەو دەڵێت: "بەهۆی بێ پارەییەوە، ئێستا خەڵک لە جیاتی کواڵیتی بەدوای هەرزانیی نرخدا دەگەڕێن، بۆیە زیاتر خواست لەسەر تایەی چینییە، تەنانەت هەندێ خەڵک توانای کڕینی تایەی چینی کواڵیتی خراپیشیان نییە و بەدوای تایەی بەکارهاتوودا دەگەڕێن".

تایە یەکێکە لە پێویستییە سەرەکییەکانی ئۆتۆمبیل. بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و سەلامەتیی گیانی سەرنشینان و کارکردنی ئۆتۆمبیل بەشێوەیەکی دروست، پێویستە ساڵانە یان 2 ساڵ جارێک تایەی ئۆتۆمبێلەکەت بگۆڕی.

سەعد کەمال، دەڵێت "کاتی گۆڕینی تایەی ئۆتۆمبیل دەوەستێتە سەر کواڵیتی و ڕاددەی بەکارهێنانی، تایەی کواڵیتی باش ئەگەر کەم بەکاربێت دەتوانی چوار ساڵ نەیگۆڕی، بەڵام ئەگەر کواڵیتییەکەی خراپ بێت یان زۆر بەکاربێت، ساڵانە یان دوو ساڵ جارێک پێویستی بەگۆڕین هەیە".

ئەو دەڵێت بەهۆی کزیی بازاڕەوە، لە دوو ساڵی ڕابردوودا تایەی کواڵیتی نزم هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە "هەندێک بازرگان بێ گوێدانە سەلامەتیی گیانی خەڵک، تەنیا بۆ قازانج جۆرە تایەیەکیان هاوردە کردووە، تەنیا 5 تاوەکو 6 مانگ بەرگەی بەکارهێنان دەگرێت، دوای ئەو ماوەیە یان دەتەقێت یان خوار دەبێت، یان گوپ دەکات و باڵانسی ئۆتۆمبێلەکە تێکدەدات".

سەعد زیاتر لەبارەی ئەو جۆرە تایە خراپە دوا و گوتی" هەندێ بازرگان تایەی مارکە چینی و مارکەکانی دیکە تەزویر دەکەن و بەنرخی کەمتر لەنرخی خۆی دەیفرۆشن، بۆ ئەوەی کڕیار هەستی پێنەکات، تەزویر لە پێکهاتەی تایەکە دەکەن، بۆ نموونە سیمی زیاد دەکەن و کەتانی کەم دەکەنەوە، ئەو مادەیەشی لە داپۆشینی تایەکە بەکاردێت کواڵیتییەکەی کەم دەکەنەوە، بۆیە ئەو جۆرە تایانە ماوەیەکی کەم خۆیان دەگرن".

جگە لە تایەی ئاسایی، تایەی ئۆتۆمبێلی درع و ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکانیش هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن کە نرخی هەندێکیان 4 بەرامبەری نرخی تایەی ئاساییە.

سینان حسام داود، خاوەنی کۆمپانیایەکی هاوردەکردنی تایەی گرانبەها و براند، دەڵێت: "نرخی تایەکانمان بەگوێرەی کواڵیتی و جۆری مارکەکان و قیستەکانی دەگۆڕێت، بەشێوەیەکی گشتی نرخەکانیان لە 800 دۆلارەوە تاوەکو 3800 دۆلار دەڕوات".

جگە لە تایەی تازە، تایەی کۆن و بەکارهاتووش هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئەو جۆرە تایانەش بەهۆی ئەوەی کواڵیتییان بەرزە و نرخیان هەرزانە، خواستی زۆریان لەسەرە.

عەبدولقادر ئەکرەم، خاوەنی پێشەنگای جیهانی تایە و ویل کە زیاتر تایەی بەکارهاتووی ئیماراتی دەفرۆشێت، دەڵێت "ئەو تایە بەکارهاتووانەی ئێمە لە ئیمارات هاوردەیان دەکەین مارکەن و کواڵیتییان بەرزە، زۆر کەم لەسەری ڕۆیشتوون، هەیانە 500 کیلۆمەتر ڕۆیشتووە، هەشیانە زیاتر لە 1000 کیلۆمەتر ڕۆیشتووە، بۆیە لە بازاڕ بە تایەی سفر کیلۆمەتری مارکە یان دەستی دوو ناویان دەرکردووە، نرخەکەشیان 20% کەمترە لە تایەی نوێ".

سەرەڕای ئەوەی بازاڕی تایە کزە، بەڵام بە گوتەی عەبدولقادر ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی تایەفرۆشان لە هەڵکشاندایە. وەک ئەو گوتی "بەهۆی بێکارییەوە خەڵکێکی زۆر ڕووی لە فرۆشتنی تایە کردووە. تەنانەت ڕۆنگۆڕ و پەنچەرچییەکانیش تایە دەفرۆشن، هەندێک لەوانە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کڕیار، تایەکە بە نرخی کڕین دەفرۆشنەوە، تەنیا دەستهەقی بەستنی تایەکە وەردەگرن".



### تایەی چینی کارگەیەکی بە داخستن دا

پێشتر کارگەیەک لە هەرێمی کوردستان تایەی دووبارە چاک دەکردەوە، بە تایبەتی تایەی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر. ئەمەش سوودێکی زۆری بۆ پارێزگاری لە ژینگە و کەمکردنەوەی هاوردەکردنی تایە هەبوو، بەڵام سەعد کەمال کە بازرگانێکی هاوردەکردنی تایەیە، دەڵێت "بەهۆی هەرزانیی نرخی تایەی چینی، ئەم کارگەیە فەشەلی هێنا. ئێستا چەند کارگەیەک لە کوردستان دامەزراون تایە کۆنەکان دەهاڕن و ڕووپۆشی گۆڕەپانی یاریی منداڵان و یاریی باسکەی لێ دروست دەکەن".



خارالامبۆس پیسرۆس*

# کۆبوونەوەکەی ڤیەننا هیوابەخش نییە



نرخی نەوتی سووکی تەکساس تاوەکوو کۆتایی ئەمساڵ لە دەوروبەری 50 دۆلار دەمێنێتەوە.

کۆبوونەوەی 25ی ئەم مانگەی ڕێکخراوی ئۆپێک لە ڤییەنا بەدڵنیاییەوە گرنگترین ڕووداوی کەرتی وزەیە، بەڵام ڕەنگە زۆر ئومێدبەخش نەبێ بۆ وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوەکە.

کاتێک مانگی 11ی ساڵی ڕابردوو وڵاتانی ڕێکخراوی ئۆپێک کۆبوونەوە، بڕیارێکی بوێرانەیان بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت دا کە لەدوای ساڵی 2008 وە بێوێنە بوو. ئەوان ڕێککەوتن بۆ ماوەی شەش مانگ بەردەوام بن لە کەمکردنەوەی خستنە بازاڕی نەوت. لەگەڵ نزیکبوونەوەمان لە وادەی کۆبوونەوەکەی ئۆپێک، پێشبینی دەکرێت بازاڕی نەوت زیاتر شڵەژانی پێوە دیاربێت. ئەگەری هەیە بەرهەمهێنەرانی نەوت بڕیار لەسەر درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکەیان بدەن. من لێرەدا باس لە کاریگەرییەکانی سیناریۆکانی دوای کۆبوونەوەکە دەکەم. خۆ ئەگەر بەرهەمهێنەرانی نەوت نەیانتوانی ڕێککەوتنەکەیان درێژ بکەنەوە، وەبەرهێنەران ئەوە بەبێ هیوایی ئەندامانی ئۆپێک وەردەگرن و کاردانەوەی بازاڕیش وەها دەبێت کە ڕەنگە نرخی بەرمیلێک نەوت تاوەکوو 40 دۆلار دابەزێت.

ئەگەریش بەرهەمهێنەرانی نەوت ڕێککەوتن، ئەوا نرخی نەوتی تەکساس هێوربوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت و ئەگەری هەیە نرخی نەوت لەسەرخۆ بەرزببێتەوە، بەڵام بەرزبوونەوەکانی بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەیی ئەمریکا سنووردار دەبن، هەر بۆیە کۆمەڵێک هۆکاری دیکە دەبێت ڕووبدەن تاوەکوو بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بەرچاو بێت.

داتاکانی ئەمدواییە پێشانی دەدەن کە قەبارەی نەوتی یەدەگکراوی ئەمریکا بەرز دەبێتەوە. بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، پێشبینی کراوە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا لەساڵی 2018 بەرزببێتەوە بۆ ڕۆژانە 9.9 ملیۆن بەرمیل، هەرچەندە ئەگەریشی هەیە ئەم ژمارەیە تەنانەت لە کۆتایی ئەمساڵدا بەدەستببێت. ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا وەک شێڤرۆن و ئێکسۆن ڕوویان لە بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەیی کردووە، ئەو کۆمپانیایانە دەتوانن بە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا و تەکنیکی نوێ، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خۆیان بەرزبکەنەوە، تەنانەت ئەگەر نرخەکانی نەوتیش لە ئاستێکی کەمدا بن. لەبەر ئەوەیە من پێشبینی دەکەم ساڵی داهاتوو تەنانەت ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا سنووری ڕۆژانە 10 ملیۆن بەرمیلیش تێپەڕێنێت.

لەلایەکی دیکەوە ئۆپێک هەوڵ دەدات ئەو کەمکردنەوەیەی کە دەیکات لە ئاستی بەرهەمهێناندا، لەو نەوتەدا بێت کە بە نەوتی قورس دادەنرێت، ئەم جۆرە نەوتە کواڵێتییەکەی نزمە و تێچووەکەشی بەرزە، جۆری ئەو نەوتەی کە ئۆپێک کەمی دەکاتەوە هەمان ئەو نەوتە سووکە نییە کە لە بازاڕدا بازرگانان مامەڵەی پێوەدەکەن، هەربۆیە کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت، کاریگەرییەکی کەمی لەسەر نرخی ئەو نەوتە هەیە کە لە بۆرسەی نیویۆرک مامەڵەی پێوەدەکرێت.

سێیەم فاکتەر کە بووەتە بەربەست لەبەردەم باڵادەستیی ئۆپێک لەسەر کەرتی نەوت، ڕکابەرییە. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی ئۆپێک، ئاستی بەرهەمهێنانی ڕێکخراوەکە لە ساڵی 2015 بەراورد بە ساڵی 2014 بەڕێژەی 3% زیادی کردووە، ئەمە لەکاتێکدایە بەریتانیا بەڕێژەی 13.4% و بەرازیل بەڕێژەی 8.1% و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێژەی 8.3% بەرهەمهێنانیان زیادکردبوو.

بۆ ئەوەی وتارەکەم کورت بکەمەوە، دەمەوێت بڵێم: ئەگەر تەنانەت لە ڤییەنا بەرهەمهێنەرانی نەوت ڕازی بوون بە درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکەیان، ئەوا نرخی نەوت زۆر بەرز نابێتەوە، چونکە بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکای لێدەکەوێتەوە. با چاو لە خشتەی نرخی نەوت بکەین، من پێموایە ئەگەر نرخی نەوتی تەکساس لە نێوان 51 دۆلار تا 55 دۆلار بێت، ئەوا ئەوە ئەو سنوورەیە کە بەرهەمهێنەرانی نەوتی لیتەیی ئەمریکا دەتوانن سەکۆ نەوتییەکانیان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان زیاد بکەن. لەبەر ئەوەیە پێموایە نرخی نەوتی سووکی تەکساس تاوەکوو کۆتایی ئەمساڵ لە دەوروبەری 50 دۆلار بمێنێتەوە.

*** شرۆڤەکاری دارایی لە کۆمپانیای ئایرۆن ئێفێکس**

**خارالامبۆس پیسرۆس ئەم وتارەی تایبەت بۆ (ڕووداو) نووسیوە**

شەهریار شێخلەر*

# دیپلۆماسیی وزە

ڕۆڵ و پێگەی وزە، بەتایبەتی نەوت و گازی سروشتی لە دیپلۆماسی و سیاسەتی جیهانیدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕووی لە زیادبوونە، ئێستا ئەو سامانە سروشتییانە وەک ئامرازێک بۆ دانانی پەیوەندی، گەشەپێدانی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان، یان دانانی گوشار لەسەر وڵاتانی دیکە بەکاردێن. وزە بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو یان بەرەو پێشکەوتن، وەکوو خوێنی ناو دەمار وایە و بەبێ ئەو، پلانەکانی ئابووری و گەشەی ئەو وڵاتانە سەرناگرێت، بۆیە دابینکردن یان نرخی دابینکردنی سەرچاوەکانی وزە، وەک ئامێرێک لەلایەن وڵاتانی بەرهەمهێنەری ئەو سەرچاوانەوە بۆ مەبەستە سیاسییەکانیان بەکار دێت. هەروەها بەهۆی کاریگەریی داهاتی ئەو سەرچاوانە لەسەر بودجەی وڵاتانی بەرهەمهێن، یاری بە نرخ و ڕێژەی کڕین یان دانانی سزا لەسەر کڕیارەکانیان، لەلایەن وڵاتانی زلهێزەوە وەک کارت بەرامبەر ئەو وڵاتانە بەکاردەبردرێت. ڕووسیا و سعودیە نموونە و پێشڕەوی وڵاتانی جیهانن لە بەکارهێنانی وزە و بەتایبەت نەوت و گازی سروشتیدا وەک ئامرازێکی دیپلۆماسی.

سامانی سروشتیی فراوان یەکێکە لە ستوونە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوە و شکۆی ناوخۆیی ڕووسیا و سعودیە، هەروەها سەرچاوەیەکی بەهێزە بۆ دانانی پلانە پتەوەکانی داهاتوویان. ئەوان، ئەو سامانە وەک ئامرازێک بۆ ڕاکێشانی وڵاتانی دراوسێ و هاوبەشەکان لە بواری ئابووری و سیاسییەوە بەکاردێنن. ئەو دوو وڵاتە لە ساڵانی 1960 بەدواوە کە پێگەی وزە لە جیهاندا گرینگ بووە، چەندین جار وەکوو چەک دژی نەیارەکانیان یان بۆ بەرژەوەندیی پلانەکانی خۆیان بەکاریان هێناوە.

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا، مەسەلەی هاوکاریی ڕووسیا و عێراق بۆ دانانی کۆمپانیایەکی هاوبەش بۆ بەبازاڕکردنی نەوت و گاز لە دوبەی، بووە باسی میدیاکان، ئایا ئەوە یەکەم کاری لەو جۆرەی ئەو وڵاتانەیە و بۆ چ مەبەستێک کراوە؟ ئایا سۆمۆ لە فرۆشی نەوتی خۆی گرفتی هەیە؟ یان بۆ بەرزکردنەوەی داهاتیان ڕوویان کردووەتە ئەو هاوکارییە؟

هاوکات باس لەوەش دەکرێت کە ئارامکۆی سعودیە بە کڕینی 50%ی بەشی ڕۆیال داچ شێڵی هۆڵەندی، بووەتە خاوەنی 100%ی گەورەترین پاڵاوگەی نەوتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بۆچی سعودیە پێویستی بەو کارە و خەرجیی لەو جۆرە هەیە؟ ئایا کەموکورتی لە پاڵاوتن هەیە و دەیەوێت بەرهەمەکانی بێنێتەوە ناو سعودیە؟ ئەو کارە چ ئاسانکارییەک یان پاڵپشتییەک بۆ پلانە سیاسی و ئابوورییەکانی سعودیە دەکات؟

وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەند پرسیارێکی تری هاوشێوەیان، گرینگیی وزە و سەرچاوەکانی وزە لەسەر پەیوەندیی دیپلۆماسی و ئابووریی وڵاتان و هۆی ئەو جۆرە کارانە زیاتر ڕوون دەکاتەوە.



## پەیوەندییەکانی وزەی وڵاتان:

هەریەک لە ڕووسیا و سعودیە، وڵاتانی پێشڕەون لە بەکارهێنانی وزە و سەرچاوەکانی وزە بۆ دانانی پەیوەندی یان سزادانی وڵاتان.

ڕووسیا دوای ئەوەی لەماوەی 40 ساڵی کۆتایی سەدەی بیستدا توانی بە دیپلۆماسیی وزە (بەتایبەت گازی سروشتی) پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپی بگەشێنێتەوە و جگە لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکانی خۆی لەناو وڵاتانی ئەورووپی و زیاتر لە هەموویان ئاڵمانیا، توانی وەبەرهێنانی هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئەورووپا بۆ پەرەپێدان بە کەرتی نەوت و گازی خۆی بکات، وەکوو:

- دانانی کۆمپانیای ئاچیم گاز بە وەبەرهێنانی دوو ملیار یۆرۆیی بۆ بلۆکی گازی ئاچیمۆڤ لە سیبیریا بە هاوبەشی وینترشاڵی ئاڵمانی و گازپرۆم کە بۆ ماوەی 40 ساڵ بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر لە 200 ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی و زیاتر لە 40 ملیۆن تۆن کاندنسەیت کار دەکات.
- دانانی کۆمپانیای ئاسۆرا بە هاوبەشیی گازپرۆمی ڕووسی و BASFی ئاڵمانی بۆ ئەمبارکردنی گازی سروشتی لە ئاڵمانیا کە خاوەنی توانای ئەمبارکردنی 25%ی گازی سروشتییە لە سەرانسەری ئاڵمانیا.
- دانانی کۆمپانیای نواتێک بە هاوبەشیی کەرتی تایبەتی ڕووسیا، کۆمپانیای تۆتاڵی فەڕەنسی و گازپرۆم کە گەورەترین کۆمپانیای کەرتی تایبەتی ڕووسیایە بۆ بەرهەمهێنانی گازی سروشتی و ساڵانە زیاتر لە 15 ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی و نزیک بە سێ ملیۆن تۆن کاندێنسەیت بەرهەم دەهێنێت.
- ڕاکێشانی وەبەرهێنانی کۆمپانیاکانی ئیتاڵیا ENI/ENEL لە کەرتی وزەی ڕووسیا بە زیاتر لە 2.6 ملیار یۆرۆ لە ماوەی پێنج ساڵی 2007 تا 2012.

هەروەها دەیان و سەدان هاوبەشی و هاوکاریی دیکەی کۆمپانیا ڕووسییەکان (وەکوو ڕۆس نەفت و گازپرۆم) لەگەڵ کۆمپانیا ئەورووپییەکان کە جگە لە پەرەپێدان بە کەرتی نەوت، گاز و وزەی ڕووسیا لەڕێی هێنانی سەدان ملیار یۆرۆ سەرمایە و تەکنۆلۆجیای نوێی کۆمپانیا ئەورووپییەکان بۆ ڕووسیا، توانای ئەو وڵاتەی بۆ دابینکردنی وزەی ئەورووپا زیاد کردووە و بووەتە هۆی بەرزتربوونەوەی کاریگەریی سیاسی و ئابووریی ئەو وڵاتە لەسەر وڵاتانی ئەورووپا.

لە پاش ئەوەی بازاڕی وزەی ئەورووپا بۆ نەوت و گازی ڕووسیا پڕ بوو، ڕووسیا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەوە، ڕووی کردووەتە ئاسیا و دەیەوێت پاش پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژاپۆن، کۆریای باشوور، چین و هیندستان، لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بگاتە ئاستێکی بەرچاوی هاوکاری و هاوبەشی. لەو ڕووەوە لە دوای 2001 و بەتایبەتی لە 2015 بەدواوە، پەیوەندییەکانی ئابووری و بەتایبەتی وزەی ڕووسیا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکە گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر بەرز و بەرچاو و هەموو جۆرەکانی هاوکاریی تەکنیکاڵ، بازرگانیی بەرهەمەکان و هاوبەشی لە کۆمپانیا نەوتییەکانی گرتووەتەوە، وەکوو:

- ڕاکێشانی سەرمایەی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوتی ژاپۆن (Sodeco) و هیندستان (ONGC Videsh) بەبڕی زیاتر لە پێنج ملیار دۆلار بۆ بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لە بلۆکەکانی ساخالین (1 و 2).
- گرێبەستی هاوکاری و هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا ژاپۆنییەکان بۆ دانانی پلانتێکی نوێی LNG، ڕاکێشانی بۆڕی گازی سروشتی بۆ هۆکایدۆ، دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت و گاز لە دەریای ڕووسیا لە 2016.
- فرۆشتنی 20% لە بەشی کۆمپانیای ڕۆس نەفت (Roseneft) بە کۆمپانیایەکی قەتەری – سویسرایی QHG
- گرێبەستی کڕینی نەوتی کوردستان لەلایەن کۆمپانیای ڕۆس نەفت بۆ ماوەی سێ ساڵ (تا 2019) و دانی یەک ملیار دۆلار پارەی پێشەکی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان

سعودیەش هاوشێوەی ڕووسیا، بەڵام بەشێوازێکی سنووردارتر، کەڵک لە هاوکاری و هاوبەشیی وڵاتانی جیهان لەبواری وزە و هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزە وەردەگرێت وەک ئامرازێک بۆ پلانە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی. سعودیە هەموو کارتەکانی خۆی لە ڕاکێشانی سەرمایەی وڵاتان بۆ پڕۆژە نەوتییەکانی خۆی، یان دانانی دیسکاونت لە گرێبەستەکانی فرۆش بەکاردێنێت تا پێگەی خۆی لە سیاسەت و ئابووریی جیهانیدا پتەوتر بکات.

چەند نموونەیەک لە بەکارهێنانی وزە و سەرچاوەکانی وزە لەلایەن سعودیە:

- بوونی ئارامکۆ بە خاوەنی گەورەترین پاڵاوگەی نەوتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (لە ولایەتی تێکساس) بە کڕینی 50%ی بەشی شێلی هۆڵەندی لەو پاڵاوگەیە کە ڕۆژانە 600 هەزار بەرمیل دەپاڵێوێت و بازاڕی داهاتووی نەوتی سعودیە لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مسۆگەر دەکات.
- خاوەنبەشبوونی لە چەندین پاڵاوگەی نەوت لە سەرتاسەری جیهان بە توانای زیاتر لە 5.5 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.
- دانانی کۆمپانیای پاڵاوتنی نەوتی ئارامکۆ – تۆتاڵ بەهاوبەشی تۆتاڵی فەڕەنسی بۆ پاڵاوتنی ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت و بەرهەمهێنانی گازوایل، بەنزین، نەوتی سپی و هەروەها بەرهەمە پێترۆکیمیاویەکان لە نەوتی قورسی عەرەبی.
- دانانی کۆمپانیای YASERF بە هاوبەشی سینۆپێکی چینی بۆ پاڵاوتنی ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت لە نەوتی قورسی عەرەبی.
- دانانی کۆمپانیای مەوادی کیمیاوی SADARA بە هاوبەشی لەگەڵ گەورەترین کۆمپانیای مەوادی کیمیاوی جیهان، DOW بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆژانە 85 ملیۆن پێ سێجا گازی ئێتان و هەروەها 53 هەزار بەرمیل نەفتا کە زیاتر لە سێ ملیۆن تۆن مەوادی خاوی پلاستیکی و کیمیاوی بەرهەم دێنێت.

بەپێی ئەو هاوبەشیانە و چەندین هاوبەشیی تر، سعودیە توانیویەتی زیاتر لە 20 ملیار دۆلار لە ساڵانی ڕابردوودا لە کەرتی پێترۆکیمیاوی وەبەرهێنان بکات و ببێتە یەکێک لە یاریزانە سەرەکییەکانی ئەو بازاڕە.

سعودیە هەروەها بایی زیاتر لە 30 ملیار دۆلار تا ساڵی 2014 وەبەرهێنانی لە وڵاتانی دیکە کردووە و لە ساڵانی 2014 تا 2016ش چەندین ڕێککەوتنی لەسەر وەبەرهێنانی نوێ واژوو کردووە، وەکوو:

- وەبەرهێنانی کۆمپانیای سابیک بەڕێژەی زیاتر لە 10 ملیار دۆلار تا کۆتایی ساڵی 2014 لە وڵاتانی دیکە (بە ئەنجامدان یان هاوبەشبوون لە 81 پڕۆژەی گەورە).
- وەبەرهێنان بە قەبارەی 8 ملیار دۆلار لە وڵاتی چین تا ئاداری 2015
- وەبەرهێنان بە نزیکەی پێنج ملیار دۆلار لە تورکیا تا مانگی ئاداری 2015 کە بووەتە هۆی خوڵقاندنی زیاتر لە 7.500 هەلی کار.
- وەبەرهێنان بە قەبارەی زیاتر لە نۆ ملیار دۆلار لە وڵاتانی ئیمارات، ئوردن و میسر.
- وەبەرهێنان بە قەبارەی زیاتر لە دوو ملیار دۆلار لە کۆریای باشوور.

ئەو وەبەرهێنانانە و ڕاکێشانی سەرمایەی وڵاتانی دەرەوە، جگە لەوەی دەبێتە هۆی بەیەکەوە بەستنی وڵاتان و کۆمپانیاکان، دەتوانێت لە بەردەوامبوونی دابینکردنی مەوادی سەرەکی یان خاو بۆ کارگەکانی پیشەسازی یان لە فرۆشتنی سەرچاوەکانی وزە و بەرهەمەکانیان دڵنیایان بکاتەوە و پێگەی ئابووریی ئەو وڵاتانە لە جیهاندا پتەوتر بکات.

بۆیە، هاوکاری و هاوبەشیی کۆمپانیاکانی لیتاسکۆی ڕووسی و سۆمۆی عێراقی دەکرێت لەو ڕوانگەیەوە هەڵبسەنگێنرێ و شیبکرێتەوە، ئەوە یەکەم هاوکاریی لەوجۆرەی ئەو دوو وڵاتە نییە و کۆتاییش نابێت، بۆیە دەتوانین بڵێین لە بازاڕەکانی وزەی داهاتوو، هیچ کۆمپانیایەک یان وڵاتێک بەتەنیا سەرکەوتوو نابێت و چارەسەر لە هەمەجۆرکردنی پەیوەندیەکانە لەگەڵ وڵاتان و کۆمپانیاکانی دیکە، تەنانەت لەگەڵ ڕکابەرەکان.

*** ڕاوێژکاری ئابووریی وزە**

هونەری
ڕووداو
ژمارە ( 6



## کاری داهاتووی دەرهێنەرە جیهانییەکە لەسەر کوردە

**هیوا سەلاح / ڕووداو- هەولێر**

ئیحسان عوسمان، دەرهێنەر و شانۆکاری کوردی دانیشتووی ئەڵمانیا، بەشداری لە کارێکی دەرهێنەری ناوداری ئەمریکی ڕۆبەرت ویلسن دەکات. ئیحسان عوسمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "وەکو ئەکتەر بەشداریم لە کارێکی دەرهێنەری ناوداری جیهانی ڕۆبەرت ویلسندا کردووە کە بەناوی بورجی بابلە و بڕیارە لە مانگی 11 لە فرانکفۆرت نمایش بکرێت". ئیحسان لەبارەی ڕۆبەرت دەڵێت "ڕۆبەرت باشترین دەرهێنەری جیهانە، هەموو کارەکانی ئەو پێشوازییەکی باشیان لێدەکرێت لە ئەمریکا و ئەوروپا". ئیحسان گوتیشی "لەگەڵ ئەو دەرهێنەرە لە گفتوگۆداین بۆ ئەوەی کارێکی شانۆیی لەسەر کورد بکەین کە نزیکەی 500 هەزار دۆلاری دەوێت، بۆیە لەوانەیە لەگەڵ شانۆی نەتەوەیی ئەڵمانیا ئەم شانۆگەرییە پێشکەش بکەین، تاوەکو ئێستا ئەم دەرهێنەرە هیچ کارێکی هونەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەکردووە".



### عەممار کوڤی بۆ(ڕووداو):

# دوو ئەلبووم بە کوردی و عەرەبی بڵاودەکەمەوە

**عەممار کوڤی، ئەستێرە و گۆرانیبێژی گەنجی کورد و بەشداربووی وەرزی سێیەمی پرۆگرامی عەرەب ئایدڵ، هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە باس لە پەیوەندیی خۆشەویستی لە نێوان ئەو و ئەستێرە و نمایشکاری عێراقی تارا فارس دەکەن، کۆڤی دەڵێت "من خۆشەویستی خۆمم هەیە و لەم نزیکانە زەماوەند دەکەین".**

**عەممار لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کارە هونەرییەکانی دەکات و دەڵێت "کار لە دوو ئەلبوومی گۆرانیدا دەکەم کە یەکێکیان عەرەبیە و ئەویدیکەیان کوردییە، ئەلبوومە کوردییەکە بەر لە ئەلبوومە عەرەبییەکە بڵاودەکەمەوە".**

**هەڤپەیڤین: دەرباز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕوودلو: ئێستا لە کوێ دەژیت، خەڵک دەپرسن ئێستا عەممار لە کوردستانە، لە عەممانە، لە بەیروتە، لە کوێیە؟**

**عەممار کوڤی:** ئێستا لە هەولێر دادەنیشم، بەڵام زۆر سەفەر دەکەم بۆ دوبەی و بەیروت. شوێنی نیشتەجێبوونی کۆتاییم نییە، بە گوێرەی کارەکەم هەر ماوەیەک لە شوێنێکم.

**ڕوودلو: تۆ بەشداریت لە بەرنامەی عەرەب ئایدڵ کرد و دەرگای بەختت کرایەوە، ناوبانگێکی زۆرت لە وڵاتانی عەرەبی و کوردستانیش پەیدا کرد، ئێستا پەیوەندیت لەگەڵ ئەندامانی لیژنە و لەگەڵ ئەستێرەکانی ئەو بەرنامەیە ماوە؟ بۆ نموونە نانسی عەجرەم و حەسەن شافیعی؟**

**عەممار کوڤی:** هەتا ماوەیەک لەمەوبەر پەیوەندیم لەگەڵ حەسەن شافیعی هەبوو. لە میسر بینیم. لەوێ زۆر قسەمان کرد. بەڵام لەگەڵ ئەستێرەکانی بەرنامەکە بوار نەبووە پەیوەندیمان هەبێ، چونکە هەر یەکەمان بە ئیشی خۆی مەشغوڵە.

> خۆشەویستی خۆم هەیە و لەم نزیکانە زەماوەند دەکەین

> هیچ پەیوەندیەکم لەگەڵ تارا فارسدا نییە

> پەیوەندیم لەگەڵ ئەستێرەکانی عەرەب ئایدڵ نەماوە

**ڕوودلو: هەوادارانت دەڵێن عەممار کوڤی لە دوای بەرنامەی عەرەب ئایدڵ بەرهەمی زۆر کەمی بڵاوکردووەتەوە، پرۆژە و کارەکانی تۆ ئێستا چین؟**

**عەممار کوڤی:** تاوەکو ئێستا 3- 4 سترانم بڵاوکردووەتەوە. من ئێستا دوو کار دەکەم، بەڕاستی مرۆڤ کاتێک دوو کار بکات بە کوردی و عەرەبی، زۆر زەحمەتە. هەڵبژاردنی گۆرانی کەمێک زەحمەتە. بەنیازم دوو ئەلبوومی گۆرانی بەرهەم بهێنم، زۆریان نەماوە تەواو ببن. یەکێک بە کوردی و ئەوی دیکەشیان بە عەرەبییە.

**ڕوودلو: هەوادارانت گلەیی ئەوەت لێدەکەن بۆچی تاوەکو ئێستا گۆرانی بە کوردی نەگوتووە؟**

**عەممار کوڤی:** 2- 3 سترانم بە کوردی بڵاوکردوونەتەوە، بەڵام کلیپم نەکردوون. کاتێک تۆ شتێک هەڵدەبژێری بۆ کلیپ دەبێت شتێکی تازە بکەی. تۆ پێویستت بەوەیە دەرهێنەر هەڵبژێری، شوێنی کلیپ هەڵبژێری. ئێستا من سەرقاڵی ئەلبوومەکانم، دوای تەواوبوونی ئەلبوومەکان، کلیپێکی کوردی دروست دەکەم.

**ڕوودلو: لە دوو ئەلبوومەکە کامەیان پێشتر بڵاودەکەیەوە؟**

**عەممار کوڤی:** یەکەمجار کوردییەکە بڵاودەکەمەوە. نزیکەی 7- 8 گۆرانی دەبێت. گۆرانییەکانیش بە شێوەزاری کرمانجی و سۆرانین.

**ڕوودلو: گلەیی ئەوەشت لەسەرە کە زۆرتر لە وڵاتە عەرەبییەکان کۆنسێرت دەکەی، لە کوردستان کەمتر کۆنسێرتت هەیە؟**

**عەممار کوڤی:** بە پێچەوانەوە پتر لە کوردستان کۆنسێرتم هەیە، بە تایبەتی لە هەولێر زۆر ئاهەنگم کردووە. مەبەستی من لە کۆنسێرتکردن لە وڵاتانی عەرەبی ئەوەیە کە گۆرانی کوردییان پێ بناسێنین. خەڵک بە هەڵە تێدەگەن. من کە دەچم لە وڵاتانی عەرەبی کۆنسێرت دەکەم، ئەوان پتر حەز لە سترانی کوردی دەکەن. ئێمە بەشداریمان لە میهرەجانی فەلەستین کرد، سەرم سوڕما کە جەماوەر هەموو دەیانگوت گۆرانی کەڤۆکێ بڵێ.

**ڕوودلو: تۆ بەشداریت لە کۆراڵی پێشمەرگە کرد، بەنیازیت کاری دیکە بۆ پێشمەرگە بکەی، بە تایبەتی بە عەرەبی؟**

**عەممار کوڤی:** بەنیازم کاری دیکە بۆ پێشمەرگە بکەم، بۆ گۆرانییە کوردییەکە هۆنراوەم پەیدا کردووە، بەڵام بۆ عەرەبییەکە خەریکین چۆن بیکەین.

**ڕوودلو: دوایین کلیپی گۆرانیت لە ماوەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە. لەو کلیپەدا نمایشکاری بەناوبانگی عێراقی تارا فارس دەرکەوت. بەشێک لە هەوادارانت دەڵێن پەیوەندیت لەگەڵ تارا هەیە. تەنانەت هەندێکیان دەڵێن بە نهێنی چووەتە نێو ژیانی هاوژینییەوە. ئەوە ڕاستە؟**

**عەممار کوڤی:** نەخێر شتی وا نییە. مەسەلەی بەشداریی تارا فارس لە کلیپەکە، ئەوە دەرهێنەر هەڵیبژاردبوو، بەڵام من هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵی نییە. بۆ مەسەلەی هاوسەرگیریش زۆرجار پرسیارم لێکراوە کە ئایا خۆشەویستت هەیە؟ گوتوومە بەڵێ هەمە، مرۆڤ ئەگەر خۆشەویستی نەبێ چۆن دەتوانێ سترانی ڕۆمانسی بڵێت. بە دڵنیاییەوە خۆشەویستم هەیە و لە ئایندەیەکی نزیکدا زەماوەند دەکەین.

**ڕوودلو: کەواتە گۆرانییەکانت بۆ خۆشەویستەکەتە.**

**عەممار کوڤی:** بەڵێ.

**ڕوودلو: ئەو ئەزموونەی لە عەرەب ئایدڵ وەرتگرت، چۆن بەکارتهێنا.**

**عەممار کوڤی:** بەدڵنیاییەوە سوودی زۆرم لێ بینی، ئەوەی لە دڵمدا هەبوو لەو بەرنامەیە بە گوێگری عەرەبیم گەیاند، بۆم دەرکەوت کە خەڵکێکی زۆری عەرەب هەن حەز دەکەن گوێ لە گۆرانیی کوردی بگرن. بۆم دەرکەوتووە کە عەرەب لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە زۆر گوێ لە گۆرانیی کوردی دەگرن و زۆریش حەزی پێ دەکەن.

> لە میهرەجانی فەلەستین جەماوەر تێکرا داوای گۆرانیی کەڤۆکێیان کرد

> ئێستا عەرەبێکی زۆر هەن حەز دەکەن گوێ لە گۆرانیی کوردی بگرن

> کازم ساهیر پێیگوتم گۆرانیی "مدرسە الحب"ت زۆر جوان گوتووەتەوە

**ڕوودلو: کاریگەریی کازم ساهیر بە ڕوونی بەسەر دەنگی عەممار کوڤییەوە دیارە، پەیوەندیت لەگەڵ کازم ساهیردا هەیە؟**

**عەممار کوڤی:** کاتێک چووم بۆ سالزبۆرگ لە نەمسا لەگەڵ کازم ساهیر دانیشتم و قسەمان کرد، ئەو پێیگوتم سترانی "مدرسە الحب"ت زۆر جوان گوتەوە. کازم ساهیر پێیگوتم حەز دەکەم جارێکی دیکە لە دوبەی بە یەکەوە دابنیشین و قسە لەسەر کاری هونەری بکەین.





# شومبا حەزی لە کوردستانە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

ئیسێلین شومبا، خانمە ئەکتەر و بەرهەمهێنەری نەرویجی بەنیازە بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەیەک بۆ منداڵانی کۆچبەر سەردانی هەرێمی کوردستان بکات.

شومبا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەمەبەستی ئەنجامدانی پڕۆژەیەکی فێرکاری بۆ منداڵان لە بواری هونەری وێنەکێشان و نواندن، لە ماوەیەکی نزیکدا مەبەستمە سەردانی کوردستان بکەم، لەوێ دەچمە ئەو کەمپانەی کە ئاوارە و کۆچبەری سووری و عێراقییان تێدا دەژین".

ئیسێلین دەڵێت "چەندین هاوڕێی کوردم هەن، بۆیە زانیاریی باشم لەسەر سروشتی کوردستان هەیە و ئەنجامدانی ئەم پڕۆژەیەم زۆر لا گرنگە، ڕاوێژم بە چەند کەسێکی شارەزا لە ناوچەکە کردووە و ئەوانیش پڕۆژەکەیان لا پەسەندە، بە وێنەکێشان و کورتە شانۆی کۆمیدی دڵی منداڵان خۆشدەکەین، فێری وێنەکێشان و نواندنیشیان دەکەین".



# کازیوەی کاوە دەچێتە ئەمریکا

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کاوە فەتحی، گۆرانیبێژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ڤیدیۆکلیپێک بەناوی کازیوە، بەشداری لە فێستیڤاڵی indiewise لە ئەمریکا دەکات.

کاوە فەتحی بە (ڕووداو)ی گوت "ڤیدیۆکلیپی گۆرانیی کازیوە کە باس لە ژنانی کۆبانێ دەکات، لەنێو 1800 ڤیدیۆکلیپ هەڵبژێردراوە بۆ خولی کۆتایی فێستیڤاڵی indiewise لە ئەمریکا، ئەمەش دەستکەوتێکی مەزنە بۆ هونەری کوردی".

گۆرانیی کازیوە، لە ئاواز و هۆنراوەی جەبار شافیعیە و شۆڕش وەکیلی کاری دەرهێنانی بۆ کردووە. کاوە فەتحی هەرچەندە دڵنیا نییە کە کلیپەکەی پلەی یەکەم بەدەستدێنێ و خەڵات وەردەگرێ، بەڵام دەڵێت "ئەوە یەکەمجارە ڤیدیۆکلیپێکی کوردی دەگاتە ئەم فێستیڤاڵە، ئەمەش بۆ گەلی کورد گرنگیی خۆی هەیە".

# باران حەکیمی بێ قەرارە

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

باران حەکیمی، خانمە گۆرانیبێژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەریکی ڤیدیۆکلیپێکە بەناوی بێقەرارم کە بڕیارە لە ڕێگەی ڕووداوەوە بڵاوی بکاتەوە.

باران حەکیمی لە شاری سنەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ماوەیەکی زۆر کارکردن، توانیمان ڤدیۆکلیپی بێقەرار ئامادە بکەین بۆ بڵاوکردنەوە کە لە شیعری خۆمە و سەعد لوتفی دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە. هەروەها لەلایەن زانکۆ فیلمەوە کاری مۆنتاژ و دەرهێنانی بۆ کراوە". باران هیچ ئەلبوومێکی گۆرانیی نییە و دەڵێت باوەڕی بە ئەلبوومی گۆرانی نییە و بە سینگڵ گۆرانییەکانی بڵاودەکاتەوە. تاوەکو ئێستاش شەش گۆرانی بڵاوکردووەتەوە.

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە ( 456 ) - دووشەممە 2017/5/8



## سوێد بە مەرج ئیقامە دەداتە منداڵان

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

حکومەتی سوێد مافی مانەوەی کاتی دەداتە منداڵانی کۆچبەر بەو مەرجەی قۆناغی ئامادەیی بخوێنن. ئەو پێشنیازە هەفتەی ڕابردوو لە پەرلەمانی سوێد دەنگی لەسەر درا و لە سەرەتای مانگی داهاتووش کاری پێدەکرێ. هێلین یاسین، 19 ساڵ ساڵ بۆ ماوەی شەش مانگ دەرسی خوێند. بەڵام بەهۆی ئیقامە و کێشەی ژیان دەستی لە خوێندن هەڵگرت بۆ ئەوەی کار بکات. هێلین بە (ڕادیۆی سوێد)ی گوتووە "ئەگەر دڵنیابم ئەم هەواڵە ڕاستە یەکسەر دەست بە خوێندن دەکەمەوە". بڕیارەکە ئەو منداڵانەش دەگرێتەوە کە ڕەد و دەرکردنیان وەرگرتووە، بەڵام لەبەر هەندێک هۆکار ناتوان دەربکرێن.

# نۆڤۆسیبیرسک.. نیشتیمانی کوردان لە سیبیریا

ساڵحێ کەڤریری
ڕووداو- نۆڤۆسیبیرسک/ سیبیریا


20 هەزار کوردی ئێزدی لە سیبیریا دەژین
(فۆتۆ: ڕووداو)

ئەو کوردانەی بە وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوودا بڵاوبوونەتەوە، لە زۆر شوێن و دەڤەر و هەرێم هەوڵی ژیانێکی ئاسوودە دەدەن. یەکێک لەو ناوچانەش هەرێمی سیبیریایە لە باکووری ڕووسیا. لەو شوێنە دوورەدەستە ساردەی دنیا چەندین کارسازی دیار و وەرزشوانی کورد هەڵکەوتوون.

نۆڤۆسیبیرسک و تۆمسک دوو شاری سەرەکیی هەرێمی سیبیریان لە ڕووسیا کە دەرگایان بۆ کوردی وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کردەوە، بە تایبەتی لە کاتی شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو.

بەر لە شەڕی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان لە هەرێمی ناگۆرنۆقەرەباغ، بە تەنیا کوردێک لە هەرێمی سیبیریا هەبوو، ئەویش محەممەدێ ئەسۆیی ئۆسێ بوو.

محەممەد کارسازێکی دیاری کوردە لە شاری نۆڤۆسیبیرسکی سیبیریا، لە ئۆفیسی کۆمپانیاکانی و لە شوێنی کارەکانیدا ئاڵای کوردستانی داناوە. ئەو دەڵێت "پێشتر کرمانج (کورد) لە سیبیریا نەبوون، کرمانج بۆ یەکەمجار لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت هاتنە سیبیریا. خەڵکێکی زۆر لە ئەرمەنستان و جۆرجیا و لە ئازەربایجانەوە ڕوویان لەو شارەی ئێمە کرد. ئێستا نزیکەی 12-15 هەزار کرمانج لە نۆڤۆسیبیرسک هەن. پێشتر تەنیا من و خێزانەکەم بووین".

سەرجەم ئەو کوردانەی لە سیبیریا دەژین، زیاتر لە سەدەیەک لەمەوبەر لە باکووری کوردستان، لە وان، ئاگری، قەرسێ و ئیدر دەژیان، بەڵام دوای کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان لەسەر دەستی سوپای عوسمانی، ئاوارەی وڵاتی قەفقاسیا بوون.

عەلیخانێ حەسەنێ شەرۆ کە کوردێکی نیشتەجێی سیبریایە، دەڵێت "باپیرانی ئێمە لە ساڵی 1915 لە قەرسێ چوونەتە ئەرمەنستان، تاوەکو ساڵی 1995 لە ئەرمەنستان بووین. ئێستاش خوشکێکم لەوێیە. باوکم سەردانی دەکات، دوای شەڕی ئەرمەنستان و ئازەربایجان ڕوومان لە سیبیریا کرد".

هەر لەوبارەوە عەگیدێ فەیزۆی خودۆ چیرۆکی چوونی خۆی بۆ سیبیریا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "من لە ساڵی 1988 خزمەتی سەربازیی ڕووسیام تەواو کرد، ژیانم لە ئەرمەنستان زۆر ناخۆش بوو، بیرم لەوە کردەوە بچمە شوێنێکی دیکە، ژیانێکی باش بۆ خێزانەکەم دابین بکەم، ئەوکات ژنم هێنابوو، منداڵێکیشم هەبوو، ئیدی هاتم بۆ سیبیریا و لە شاری تۆمسکی نیشتەجێ بووم".

بەشێکی زۆری کوردەکانی سیبیریا چیرۆکی کۆچکردنیان دەبەستنەوە بە شەڕی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجانەوە کە لەساڵی 1988 هەڵگیرسا و لەساڵی 1994 کۆتایی هات.

جەماڵێ یوسفێ عەلی، کارمەندی پێشووی ڕادیۆی یەریڤان کە ئێستا لە نۆڤۆسبیریسک دەژی، دەڵێت "کە شەڕ لە نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان بەرپا بوو، زەحمەتیی زۆر بۆ ئێمە دروستبوو، دەبووایە ڕۆڵەکانی ئێمە لە ڕیزی سوپای ئەرمەنستاندا شەڕی ئازەربایجان بکەن، بەڵام ئێمە ئەوەمان نەدەخواست، چونکە ئێمە دەمانگوت چۆن شەڕی سوپای ئازەربایجان بکەین، لە کاتێکدا ئەوان دۆستی ئێمەن، بۆیە زۆربەمان کۆچمان کرد بۆ سیبیریا".

نۆڤۆسیبریسک لە سیبیریا، دوای مۆسکۆ و سانت پێترسبۆرگ، لە ڕووی ژمارەی دانیشووانەوە سێیەم گەورەترین شاری ڕووسیایە کە ژمارەی دانیشتووانەکەی 2.5 ملیۆن کەسە.

یەکەمین کوردی سیبیریا، چیرۆکی چوونی خۆی بۆ ئەو هەرێمە دەگێڕێتەوە و دەڵێت باوک و باپیرانی لە ساڵی 1915 لە باکووری کوردستانەوە چوونەتە ئەرمینیا، ئەو ساڵی 1965 بەشی فیزیای لە زانکۆ تەواو کردووە و ساڵی 1977 چووەتە شاری نۆڤۆسیبیرسک.

محەممەد ئێستا یەکێکە لە پیاوماقوڵانی کورد لە شارەکەی خۆیدا. دڵسۆزیی ئەو پیاوە لە کارکردندا وایکرد سەرنجی ڕووسەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و لە یەکێک لە گەورەترین کارگەکانی بەرهەمهێنانی فڕۆکە لە ڕووسیا دابمەزرێ کە کارگەی چکالۆڤە.

محەممەد لە ساڵی 1991 وەکو ئەندازیاری تەکنیک لە کارگەکە دادەمەزرێ و لە ساڵی 2006 خانەنشین دەبێ. دوای خانەنشینبوونیشی لەگەڵ منداڵ و ئامۆزاکانی کاری بازرگانی دەکات. ئێستا پتر لە 1000 کەس لە کارخانە و کۆمپانیاکانی ئەودا کاردەکەن.

محەممەد بە تەنیا کارمەندێکی کارگەکە نەبووە، بەڵکو سەردەمانێک بووەتە فریادڕەسی کارگەیەک کە لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا 20 هەزار فڕۆکەی دروستکردووە.

ڤالێری سکۆرجۆڤ، کارمەندی کارگەی چکالۆڤ بۆ دروستکردنی فڕۆکە دەڵێت "محەممەدێ ئەسۆ لە دەمێکی دژواردا هاتە لای ئێمە، ئەوکات سۆڤیەت هەڵدەوەشایەوە، کێشەی ئێمە ئەوەبوو چۆن کارخانەکە بپارێزین. ئەسۆ بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆی و ڕاوێژەکانی توانی کارگەکە بپارێزێ. لە سەرەتای ساڵی 1990 تووشی قەیران بووین، کارمەندەکانمان 18 مانگ مووچەیان وەرنەگرتبوو. ئەسۆ لە تەنیشت کارخانە دوکانی کردەوە و بە قازانجی خۆی هاوکاریی دایە کارمەندەکان و نەیهێشت کارگەکە بکەوێ".

لە سیبیریا کورد زۆرتر لە هەرێمی نۆڤۆسیبریسک دەژین، زوربەی ئۆسێ فەرمان، سەرۆکی جڤاتی کوردی لە سیبیریا دەڵێت: 1500 کوردی ئێزدی لەو شارە هەن. بە گوتەی ئەو 20 هەزار کورد لە سەرتاسەری سیبیریا دەژین.

زوربەی ئۆسێ فەرمان لە نۆڤۆسیبریسک خاوەنی زۆر دەزگا و باڵەخانەی بازرگانییە، زۆر کورد و ڕووس و نەتەوەکانی دیکە لە پرۆژەکانی ئەودا کار دەکەن. ئەو هەروەها خاوەنی دەزگایەکی کوردی ئێزدییە بەناوی (شەمس). بەردەوام پشتگیریی ئەو گەنجە کوردانە دەکات کە لەسەر ئاستی جیهان ناوبانگ پەیدا دەکەن.

یەکێک لەو گەنجانەی کە ئەو پشتگیریی دەکات، میشا ئەلۆیانە کە بۆکسێنەرێکی کوردە. میشا لە ڕێگەی ماڵپەڕە کوردییەکانەوە، چاودێریی ڕەوشی کوردستان دەکات و دەڵێت "حەز دەکەم سەردانی کوردستان بکەم و لەسەر وەرزشەکەم قسە بکەین". ئەلۆیان لە ساڵی 2012 لە ئۆلۆمپیادی لەندەندا پلەی سێیەمی بەدەستهێنا و میدالیای برۆنزی وەرگرت.

قوتابخانەی 77 لە نۆڤۆسیبیرسک تاکە قوتابخانەیە کە زۆربەی قوتابیانی کوردن. قوتابخانەکە لە گەڕەکی یەریڤانسکییە کە زۆرتر بە گەڕەکێکی کوردی ناسراوە.

ماسکۆڤا ئۆلکا فلادیمیرۆڤنا کە 29 ساڵە لەو قوتابخانەیە وانە دەڵێتەوە، دەڵێت "هەتا پێنج ساڵ لەمەوبەریش 30%ی قوتابیانی قوتابخانەکەمان کورد بوون. ئێستا ژمارەی قوتابیانی کورد هەندێک کەم بووە، چونکە بەشێک لەوان دەچنە قوتابخانەی دیکە". ئەو زۆر پەسنی قوتابیانی کوردی دا و گوتی "قوتابیانی کورد بە ڕاستی شارەزا و لێهاتوو و سەرکەوتوون. پێرار دوو زارۆکی کورد لەبەر ئەوەی زۆر لێهاتوو بوون، میدالیامان پێدان".

کاتێک بەشداری بۆنەیەکی کوردی سیبیریا دەکەی، وا هەست دەکەی لە گوندێکی شاری وان، یان قارسی. هەمان ئەو کولتوورەی لە باکوور هەیە، لەوێ وەکو خۆی ماوە.

گۆچۆی حەسەنێ ئۆزمان، کە کارسازێکی کوردە، دەڵێت "ئێمە لە ئەرمەنستانەوە هاتین بۆ ئێرە. کوردستان قیبلەی ئێمەیە. ئێمە کاتێک پێکەکانمان لێکدەدەین دەڵێین بە خۆشی و عەشقی کورد و کوردستان".

کاتێک (ڕووداو) سەرقاڵی ئامادەکاریی ئەم دۆکیۆمێنتارییە بوو لەسەر کوردی سیبیریا، ئۆزمان ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

# برێکزت کێشە بۆ کوردی ئەوروپا دروست دەکات

ڕووداو- ستۆکهۆڵم




دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا کە بە برێکزت (Brexit) ناسراوە، بەرەو قۆناغی پراکتیک دەڕوات، ئەوەش کێشەی بۆ هەندێک لەو کوردانە دروستکردووە کە پێشتر لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپاوە ڕوویان لە بەریتانیا کردبوو. ئەوان ئێستا ناچارن بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتوون.

زۆریی دەرفەتی کار لە بەریتانیا و جۆرێک لە سوودمەندبوون لە سیستمی باج کە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی ئەورووپا باجی کەمتر وەردەگیرێ، هانی زۆر کوردی ئەورووپای دا بۆئەوەی کۆچ بکەن بۆ بەریتانیا، بەتایبەتی کوردی سوێد.

زانیار حوسێن جەهانگیر لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێتە خاوەنی سێیەمین پاسپۆرت، پاش ئەوەی پاسپۆرتی بەریتانی وەردەگرێ. بەڵام کێشەی ئەو، جۆری بازرگانییەکەیەتی کە بەبێ سوێد و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا سوودی بۆی نابێت. "من سوودم لە دار و تەختەی کۆنی فینلاندی و ئیستۆنیایی وەردەگرت، بە ئۆتۆمبێلەکەی سوێدم لە لەندەن خانووم پێ دروست دەکرد، حیسابی بانکییەکانیشم لە سوێد بوون، قازانجێکی باشم لەوە دەکرد، بەڵام ئیدی ناتوانم بەو شێوەیە کار بکەم". ئەوە قسەی زانیارە لەبارەی شکستی کارەکەی، بەهۆی دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا.

جەهانگیر کە پێشتر لە سوێد بوو، 33% باجی دەدا، بەڵام باجی کارەکەی لە بەریتانیا 22% بوو. تەنیا زانیار نییە کە لەدوای دابڕانی تەواوی بەریتانیا لە ئەورووپا تووشی کێشە دەبێت، بەڵکوو هەموو ئەو کوردانەی سوێد کە سوودیان لە سیستمی کاری بەریتانیا وەردەگرت، تووشی ئەم کێشەیە دەبن و بە ناچاری بەرەو سوێد دەگەڕێنەوە.

### ناتوانێت منداڵەکانی ببات

تارا، چاوەڕوانی ئەوەبوو کچەکەی ئامادەیی تەواو بکات و وەک سوێدییەکی بەریتانی لە یەک لە زانکۆکانی ئەو وڵاتە درێژە بە خوێندن بدات، بەڵام برێکزت شکستی بە خەونەکەی هێنا و دەگەڕێتەوە سوێد. تارا دەڵێت "کچەکەم وەک خوێندکارێکی سوێدی بۆی نییە بەهەمان سیستم لە بەریتانیا بخوێنێ، خەمی ئێمەش ئەمە بوو".

تارا کە لە بەریتانیا ئارایشگای هەبوو، هەشت کەس لەلای ئەو کاریان دەکرد، ئێستا گەڕاوەتەوە سوێد و وردە وردە دەست بە پرۆژەکانی دەکاتەوە. ئەو دەڵێت "دەبێ لە سفرەوە تێهەڵچمەوە. پێشتر هەشت شاگردم هەبوو، ئێستا مەمنوونم ئەگەر بتوانم لە ستۆکهۆڵم تەنیا خۆم کار بکەم و ئیدارەی ئارایشگاکەم بدەم".

ئەو هەست بە شکستێکی گەورە دەکات و هەمووشی دەبەستێتەوە بە هاتنە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا. لەبەر ئەوەی نەشیدەویست خێزانەکەی پارچەپارچە ببێت، ناچار دەستبەرداری ژیانی بەریتانیای بوو.

ئارا ئازاد، 18 ساڵ، دانیشتووی ئۆپسالا و قوتابی ئامادەیی، خۆی لە سوێد دەژی و باوکی لە بەریتانیا، پلانی ئەوەی هەبوو هاوشێوەی کچەکەی تارا دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی بچێتە بەریتانیا و لەوێ بژی. بەڵام برێکزت پلانەکەی تێکدا. ئارا بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێستا دەبێ وەکو قوتابییەکی بیانی داواکاری خوێندن لە بەریتانیا پێشکەش بکەم کە پارەکەی زۆر زۆر زیاترە، لەو حاڵەتەشدا کە بەریتانیا دەچێتە دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا، حکومەتی سوێد یارمەتیم نادات".

ئەگەرچی تا ئێستا بەفەرمی لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە هیچ شتێک بەو ئەورووپییانە نەگوتراوە کە لە بەریتانیان، بەڵام لەلایەک خۆیان تووشی دڵەڕاوکێ بوون و لەلایەکی دیکەش لەلایەن خاوەن کارەکانیانەوە ئاگادار کراونەتەوە.

مەیاد کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە و دەرچووی کۆلێژی دەرمانسازییە، کەمتر لە دوو ساڵە چووەتە لەندەن، ئێستا لەلایەن خاوەن کارەکەیەوە پێیگوتراوە کە کۆنتراکتی بۆ تازە ناکاتەوە.

مەیاد لە دەرمانخانەیەکی ناو شاری لەندەن کاری وەرگرتبوو، زۆر خۆشحاڵ بوو بە کارەکەی. ئەو دەڵێت "دەمویست بە مەبەستی پەرەپێدانی پیشەکەم و تەواوکردنی خوێندن لە بەریتانیا بژیم. بەڵام پێناچێت خەونەکەم بێتەدی و ناچار گەڕامەوە".

بە گوتەی مەیاد، ئەو کوردانەی خاوەن ڕەگەزنامەی ئەورووپی نین، ئیقامە کاتییەکەیان بۆ نوێ ناکرێتەوە و تەنانەت ڤیزاشیان پێ نادرێت. بەڵام ئەوانەی سێ ساڵە لە بەریتانیان کێشەیان نابێ.

مەغدید حاجی، بازرگانی خانووبەرە لە ستۆکهۆڵم، دەڵێت تەنیا لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا زیاتر لە 25 کوردی سوێد کە پێشتر چووبوونە بەریتانیا، ئێستا گەڕاونەتەوە سوێد. مەغدید دەڵێت :"هەندێک لەوانە پێشتر خانوویان لەلای من دانابوو بۆ کرێ، پەیوەندییان پێوەکردووم کە خانووەکانیان بۆ چۆڵ بکەین، بەشێکیشیان ئێستا کێشەی نیشتەجێبوونیان هەیە و دەیانەوێ بە پەلەش بگەڕێنەوە".

## کچێکی کورد لە هەنگاریا خەڵات دەکرێ



ڕووداو- هەولێر

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی زانکۆی ڕاپەڕین، ڕۆژی 2017/5/5 مامۆستایەکی ئەو زانکۆیە بەناوی پەیمان ڕەمەزان ئەحمەد، لە هەنگاریا خەڵاتی باشترین توێژینەوەی زانستی پێدرا. خەڵاتەکە لە چوارچێوەی کۆنفرانسی (ناوەند و خۆرهەڵاتی ئەورووپا بۆ دیموکراسی ئەلیکترۆنی و حکومەتی ئەلیکترۆنی) کە لە شاری بوداپێست لە هەنگاریا بەڕێوەچوو، بەو مامۆستایە درا. "پەیمان ڕەمەزان، خوێندکاری دکتۆرایە لە زانکۆی نیشتیمانی هەنگاریا لە بوداپێست، بەناوی زانکۆی ڕاپەڕینەوە بەشداری لە لە کۆنفرانسەکە کردووە. توێژینەکەی پەیمان لە نێو 46 توێژینەوە یەکێک بوو لەو سێ توێژینەوانەی خەڵاتکران و بە باشترین توێژینەوە دەستنیشانکرا.

ژنان
ڕووداو
ژمارە (456) - دووشەممە 2017/5/8

### کڕیاری لە دەرەوە زیاترە

# کچێکی کورد دەبێتە خاوەنی براندێکی پێڵاو









دیمەن بورهان
ڕووداو- هەولێر

کانی ئەحمەد، تەمەنی 30 ساڵانە و لەدایکبووی شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەوکە ماوەی سێ ساڵە لە هەولێر نیشتەجێیە، ئێستا خاوەنی براندێکی پێڵاوە بۆ ژنان و پیاوان.

(Luminous Spring) ناوی براندەکەی کانییە کە بەمانای (سەرچاوەی ڕووناکی) دێت، ئەو دەڵێت حەزم لێبوو وەکو پێڵاوێکی کوردی بنووسرێت، چونکە ئەمە یەکەم پێڵاوی کلاسیکی کوردییە.

کانی ساڵی 2014 دوای تەواوکردنی ماستەر لە بواری بزنس لە شاری تاران، بەرەو هەولێر بەڕێدەکەوێت تا لەوێ خەونەکانی منداڵی بهێنێتە دی.

کانی دەربارەی بیرۆکەی دروستکردنی پێڵاو کە وەک خۆی دەڵێت بۆ یەکەمینجارە لە کوردستان کارێکی وا دەکرێت، بە (ڕووداو)ی گوت "کە هاتمە هەولێر بەهۆی ئەوەی زمانی کوردی، فارسی، ئینگلیزی و تورکی و تارادەیەک فەرەنسیم دەزانی، وەک تیمی فرۆشی پەیوەندییەکانی نێوان موشتەری و هۆتێل لە هۆتێلێک دەستم پێکرد و دوو ساڵ لەوێ کارم کرد و پارەیەکم کۆکردەوە".

هەروەها گوتی: "دوای ئەوە ئەم بیرۆکە یە بە مێشکمدا هات، پێڵاوێکم نەدەبینی کە بتوانی لە بەیانی تا ئێوارە لەپێی بکەیت و ئارامیت پێبدات و پەنجەکانت تێیدا ئازار نەخۆن، هەروەها بینینی پێڵاوە مارکەکان جێی سەرنج بوو بۆ من، لە وڵاتان بە کواڵیتییەکی بەرز و باش، بەڵام هەمان مارکەی پێڵاو لە کوردستان کە دەهێنرێت، بە پارەیەکی زۆر دەفرۆشێت و کواڵیتییەکی خراپی هەیە، بۆیە حەزم کرد پێڵاوێک دروست بکەم ناوی پێڵاوی کوردی بێت".

لەکۆتایی ساڵی 2016 دەست بە جێبەجێکردنی بیرۆکەکەی دەکات: "مانگی 11ی 2016 دەستم بە کار کرد و کارگەیەکم دامەزراند بۆ دانانی پێڵاوەکان تێیدا و فرۆشتنی بە نرخی کۆ، ئۆفیسێکم لە گوندی ئینگلیزی و شوێنی نمایشی پێڵاوەکانیشم لە عەنکاوە دانا، بڕی 30 هەزار دۆلارم هەبوو کە بە کارکردن کۆمکردبووەوە و خستمە خزمەتی کارەکەمەوە".

لەبارەی شێوازی ئەو پێڵاوانەش کە دروستی دەکات، کانی دەڵێت "قاڵب و قوماش و ماددەکان خۆم هەڵمبژاردن، حەزمکرد هونەری ڕەنگ زاڵ بێت بەسەر پێڵاوەکانەوە، چونکە کورد حەزی بە ڕەنگە". هەروەها لەبارەی جۆری پێڵاوەکانیشەوە دەڵێت: "زانستی و پزیشکانە بیرمان لە کارەکان کردەوە تا پێڵاوێک بێت ماندووت نەکات، لە ژێری شوێن پەنجەکان ماددەیەکمان دانا وەک پلاستیکە بۆ ئەوەی پەنجەکان ماندوو نەبن، پاژنەکانیش پزیشکین و ئازاری پشتت نادات، بۆ ناو پێڵاوەکانیش قوماشێکمان هەڵبژاردووە تا لە وەرزی هاویندا پێ ئارەقە نەکاتەوە".

لەبارەی کارگەی دروستکردنی پێڵاوەکانیشەوە کانی دەڵێت: "جێگەی داخە من نەمتوانی لە کوردستان کارگەی پێڵاو دروستکردن دابمەزرێنم، بۆیە لە تورکیا دروستیان دەکەین، بەرپرسانی ئەو وڵاتەش ڕێگە نادەن لەسەر پێڵاوەکە بنووسین کوردستان، چونکە کارگەکە هی ئەوانە، هەرچەندە هەموو شتەکان و بیرۆکەکەی هی ئێمەیە، بۆیە نووسراوە Made in Turkya و تەنیا ڕێگەیان داوە لۆگۆی من بنووسرێت کە بە ناوی (Luminous spring)ـە".

کانی هەتا ئەمڕۆ کە ماوەی 6 مانگە دەستی بەو کارە کردووە، نزیکەی 1000 جووت پێڵاوی بەرهەمهێناوە بە چەند شێوەیەکی سەرنجڕاکێش کە بۆ پیاوان و ژنانە، بەڵام ئەوەندەی لە دەرەوە خواستی لەسەر بووە، لە کوردستان وا نەبووە، چونکە 70%ی پێڵاوەکانی لە دەرەوە و 30%ی لەناو کوردستان فرۆشراوە.

کانی دەڵێت "لەڕێگەی Online Shoping لە زۆر وڵاتەوە داوای پێڵاوەکان دەکەن، بۆ نموونە کۆمپانیای ئەمازۆن پێڵاویان لێکڕیوم و بردوویانە بۆ کالیفۆرنیا و کەنەدا، لەوێ ئاگادارم بە چوار قات دەیفرۆشن، ئەگەر کاڵاکەشم باش نەبێت لەوێ نافرۆشرێت. هەروەها لە ئوردن و تورکیا و لە سلێمانیش خواستی لەسەرە".

سەبارەت بە نرخ و ژمارەی پێڵاوەکانیش، کانی گوتی "بۆ ژنان لە ژمارە 36 هەتا 40مان هەیە، بۆ پیاوانیش لە 40 تا 44 هەیە. نرخەکان بە نرخی کۆ بۆ کوردستان لە 25 هەزار بۆ 45 هەزار دەستپێدەکات، ئەمەش بێ قازانجە، چونکە پێڵاوەکان گەرەنتی دوو ساڵی لەگەڵدایە، لەگەڵ بە بازاڕبوونی کاڵاکان ئەوکات قازانجی دەخەمە سەر".

### بە ڤیدیۆ چات سێکسی لەگەڵ ژنێکدا دەکرد

# لەبەر خاتری منداڵەکانی چاوپۆشی لە خیانەتی مێردەکەی کرد

دیمەن بورهان
ڕووداو — هەولێر

سارا حەوت ساڵە هاوژینی (ز.ع)ـە، قەت بە خەیاڵیدا نەدەهات ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوژینەکەی خیانەتی لێ بکات، بەڵام شەوێک بە چاوی خۆی ئەو خیانەتەی بینی. کەچی سارا لەبەر خاتری ئایندەی منداڵەکانی چاوپۆشی لەو کارەی مێردەکەی کرد.

سارا ناوی خوازراوی ژنێکی تەمەن 32 ساڵە، دەڵێت شەوێک تینووی بووە و لە خەو هەستاوە، بینیویەتی هاوژینەکەی لە تەنیشتی نییە، کاتێک دەچێتە دەرەوە، لە ژوورێکی دیکە گوێی لە دەنگی هاوژینەکەی دەبێت، کە دەچێت دەبینێ هیچ جلێکی لەبەر نییە و بە مۆبایل قسە لەگەڵ ژنێک دەکات.

سارا کە دایکی دوو کچە و فەرمانبەرە، باسی ئەو شەوەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "ڕۆژی 2017/4/15 هاوژینەکەم من و منداڵەکانی بردە دەرەوە بۆ نانخواردن، کاتێکی خۆشمان بەسەر برد. کاژێر 12ی شەو گەڕاینەوە. بەیانی هەردووکمان دەواممان هەبوو، بۆیە بەئاگاییەوە خەوتم و دڵم لای بەیانی بوو تا زوو خەبەرمان ببێتەوە، بەڵام (ز) گوتی تۆ بخەوە و خەمت نەبێت، مۆبایلەکەم تەوقیت کردووە، بۆیە من و منداڵەکان خەوتین".

سارا دەڵێت شەو درەنگ تینووی بووە و خەبەری بووەتەوە، بەڵام سەیر دەکات هاوژینەکەی لەسەر جێگا نەماوە. سارا گوتی: "کاتێک چووم ئاو بخۆمەوە، گوێم لە دەنگێکی نزم بوو، چوومە ژوورەوە دەبینم مێردەکەم بە ڕووتی مۆبایلەکەی بەدەستەوەیە و لەگەڵ ژنێکی عەرەب بە ڤیدیۆ سێکس دەکات".

سارا هەروەها گوتی "ئەو کە منی بینی زۆر ترسا و شڵەژا، لەبری ئەوەی تەلەفۆنەکە بپچڕێنێت، دەنگەکەی دا بە دەرەوە و ژنە عەرەبەکە گوێی لە دەنگمان بوو، هاوژینەکەم دەیگوت بڕوا بکە خەتام نییە، هەڕەشەی ئەوەی لێکردووم ئەگەر بەم شێوەیە لەگەڵی نەبم....".

سارا لەبارەی ژنە عەرەبەکەوە دەڵێت "لەوکاتەدا گوێم لە قاقای پێکەنینی ژنەکە بوو کە بە عەرەبی دەیگوت (تۆش کەوتیتە داوی ژنەکەت، ترسنۆک مەبە)".

سارا دەشڵێت: "لەوکاتەدا پێش چاوم ڕەش بوو، هیچم نەدەبینی، دەستم دایە بەردی قاچ خاوێنکردنەوە و بە هەموو هێزم کێشام بە دەمی هاوژینەکەمدا و دوو ددانی پێشەوەی شکا، دواتر مۆبایلەکەی هاوژینەکەم برد و ڕۆیشتم بۆ ژووری کچەکان. بینیم دوو کارتی کۆڕەکی 10 دۆلاری بۆ ژنە عەرەبەکە ناردووە. کە سەیری نامەکانی کۆڕەکم کرد، لەوەندەی نەسڕابووەوە 26 کارتی بۆ ناردبوو".

هەر ئەو شەوە سارا بیر لە جیابوونەوە دەکاتەوە "تا بەیانی دانیشتم، بیرم دەکردەوە لێی جیاببمەوە، بەڵام ئایا چی بەسەر کچەکانم دێت، هەروەها ئەگەر لەگەڵی بژیم هەتا مردنم ناتوانم لێی ببوورم و گومانی لێنەکەم".

بۆ بەیانی کاتێک سارا لەخەو هەڵدەستێ، دەبینێ مێردەکەی لەماڵ نییە. ئەویش منداڵەکانی دەبات بۆ دەوام و دەچێتە ماڵی باوکی. ئەوەی لەو شەوە ڕوویدابوو بۆ باوکی دەگێڕێتەوە. سارا دەڵێت: "باوکم پێیگوتم کچم تۆ مافی خۆتە چ بڕیارێک بدەیت، بەڵام تۆ دوو کچت هەیە، بیر لەوە بکەوە کە ئەگەر لە هاوژینەکەت جیاببیتەوە و کچەکانت گەورە بوون خەڵکی پێیان دەڵێن کچی ئەو پیاوە بوون، بۆیە لەناو خەڵک ناویان باش نابێت. منیش ناچار بێدەنگیم هەڵبژارد و بەناچاری هێشتا لەگەڵی دەژیم".



# لەنێو کەروێشک و مریشکەکانیدا خۆی خنکاند



عومەر چاوشین
ڕووداو — قەڵادزێ

گوڵێ وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی، دەمەو عەسر چووە نێو مریشک و کەروێشکەکانی بۆ ئەوەی خواردنیان بداتێ، بەڵام ئیدی نەگەڕایەوە بە زیندوویی. کەسوکارەکەی دەڵێن خۆی خنکاندووە، بەڵام پۆلیس بۆ دڵنیابوون لە ڕاستیی ڕووداوەکە تەرمەکەی بۆ پشکنین دەنێرنە سلێمانی.

ڕۆژی 2017/5/1، ژنێکی تەمەن 53 ساڵ بەناوی (گوڵێ.م.ح) دانیشتووی گەڕەکی شەهیدان لە قەڵادزێ، بە پەت خۆی هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ئەبوبەکر محەممەد، کوڕی گەورەی گوڵێ، دەڵێت دایکی لە هۆڵێکدا خۆی خنکاندووە کە مریشک و کەروێشکیان تێدا بەخێو دەکرد، زۆربەی کاتیش دایکی خزمەتی پەلەوەر و کەروێشکەکانی دەکرد، بۆیە قەت لەو باوەڕەدا نەبوون دایکیان لەو شوێنەدا خۆی بخنکێنێ.

ئەو دەڵێت: "دایکم هیچ نەخۆشییەکی نەبوو، هیچ کێشەیەکیشی لەگەڵ ماڵەوە و دەرەوەی ماڵەوە نەبووە، بۆیە کە زانیمان خۆی خنکاندووە تووشی شۆک بووین، خۆخنکاندنی دایکم بووەتە گرێیەکی گەورە لەسەر دڵی هەمووومان".

گوڵێ خاوەنی پێنج منداڵ بوو، دوای ڕووداوەکە تەرمەکەی بۆ پشکنین ڕەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی لە سلێمانی کرا. پۆلیسیش هێڵکاری بۆ شوێنی ڕووداوەکە کردووە. کوڕە گەورەکەی گوڵێ دەڵێت داوایان لەسەر کەس نییە و کەسیش لەسەر ئەو ڕووداوە دەستگیر نەکراوە.

ڕێبوار ئەسعەد کە گوڵێ ئامۆژنیەتی، دەڵێت: "لەو باوەڕەدا نیم گوڵێ هیچ کێشەیەکی لەگەڵ مامم هەبووبێ، چونکە مامم زۆر باشە بۆ منداڵەکانی، لەگەڵ ئامۆژنیشم زۆر باش بوو، زۆریان یەکتری خۆشدەویست، پێنج منداڵیان هەیە، هیچ کات کێشەی میرات و دڵپیسی و کێشەی گەورەیان نەبووە".

سەبارەت بە ڕۆژی ڕووداوەکە، ڕێبوار دەڵێت "ئەو ڕۆژە مامم و منداڵەکانی هەموویان خەوتبوون، نزیکەی بانگی عەسر بوو، ئامۆژنم چوو بوو بۆ نێو مریشک و کەروێشکەکانی کە لە هۆڵێکی بەرامبەر ماڵەکەیانە، تەنەکەیەکی دانابوو، پەتێکی بە سەقفی هۆڵەکەوە هەڵواسیبوو، خۆی بە پەتەکە خنکاندبوو، کوڕێکی کە تازە نەشتەرگەری بۆ کرابوو، چوو بوو بۆ هۆڵەکە بینیبووی دایکی بە پەتێکەوە شۆڕبووەتەوە، نەیتوانیبوو لە پەتەکەی بکاتەوە، یەکسەر باوک و براکانی ئاگادار کردبووەوە، ئەوانیش هاتبوون لە پەتەکەیان کردبووەوە، کە بردبوویان بۆ نەخۆشخانە گیانی دەرچووبوو".

کەسوکاری گوڵێ هەموویان نکۆڵی لەوە دەکەن کە گوڵێ کێشەی لەگەڵ کەس هەبووبێ، یان نەخۆشیی دەروونی هەبووبێ، هیچ شتێکیشی دوای خۆی جێنەهێشتووە کە هۆکاری ڕووداوەکە ڕوون بکاتەوە، بۆیە گوڵێ نهێنیی مردنەکەی لەگەڵ خۆی بردە نێو گڵ.

دراوسێیەکی گوڵێ کە ماوەیەکی کەم بەر لەو ڕووداوە گوڵێی بینیوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە ماوەی ساڵێکە ماڵمان هاتووەتە ئەو گەڕەکە، نەمزانیوە ئەو ماڵە هیچ کێشەیەکیان هەبێ. پێش نیوەڕۆ گوڵێم لە کۆڵان بینی، دەمێک بە یەکەوە قسەمان کرد، باسی زۆر شتمان کرد، بەڵام باسی هیچ کێشەیەکی خۆی نەکرد، بە ڕوخساریشیدا دەرنەدەکەوت کە هیچ کێشەیەکی هەبێ".

ئەو دراوسێیەی گوڵێ کە نەیویست ناوەکەی بڵاوبکرێتەوە، باسی کاتی ڕووداوەکەی کرد و گوتی "ئەو ڕۆژە لە ئاهەنگێکی بووکگواستنەوە بووین بەسەر ڕووداوەکەدا هاتینەوە، کۆڵان خەڵکی لێبوو وامانزانی میوانی کوڕەکەیانە کە نەشتەرگەریی بۆکراوە، دواتر کە باجی گوڵێ بەدەستی هەموویانەوە بوو پێمانوابوو مار پێوەی دابێت، دواتر کە زانیمان خۆی خنکاندوە بەڕاستی تووشی شۆک بووین".

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتیی قەڵادزێ بە (ڕووداو)ی گوت: "تەرمی ئەو ژنە کاژێر 16:20 خولەک هێنرایە بەشی پزیشکی دادوەری نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ، گشت ڕێکارێکی پزیشکیمان بۆ کرد، کاتێک ویستمان بیدەینەوە دەست کەسوکارەکەی، دەنگەدەنگ لەنێو بنەماڵەکەیان دروستبوو، بەو هۆیەوە گومانمان بۆ دروستبوو، بۆیە تەرمەکەمان بەڕێکرد بۆ پەیمانگەی دادپزیشکیی سلێمانی".

عوسمان محەممەد گوتیشی: "بەپێی ئەو پشکنینانەی بۆ تەرمەکەمان کرد، دەرکەوت ئەو ژنە بە پەت خۆی خنکاندووە، تەرمەکەی هیچ شوێنەوارێکی زەبر و لێدانی پێوە نەبوو".

هەروەها ڕائید شۆڕش ئیسماعیل گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین لەبارەی ڕووداوەکە گوتی، بەهۆی ئەوەی ڕووداوەکە تازەیە، تاوەکوو ئێستا هۆکاری خۆخنکاندنی ئەو ژنەیان بۆ ڕوون نەبووەتەوە، لە لێکۆڵینەوەکانیان بەردەوام دەبن بۆ ئەوەی هۆکارەکەی ئاشکرا بکەن.

ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (456) - دووشەممە 2017/5/8



## چوار کوردی ڕۆژئاوا دەخنکێن

ڕووداو- مێرگەسۆر

شەوی 2017/5/6 لە ڕووباری ماوانی سنووری مێرگەسۆر، چوار هاووڵاتیی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان لەکاتی پەڕینەوەیان بۆ دیوی باکووری کوردستان خنکان. سێ لە خنکاوەکان منداڵن، ئەندامی یەک خێزانن و دوو خوشک و برایەکن، تەمەنیان 3 ساڵ، 9 ساڵ و 12 ساڵ بووە، تەرمەکانیان دۆزراونەتەوە و بردراونەتە شەمزینان. تەرمی یەکێکیشیان کە ئەویش منداڵە و لە خێزانێکی دیکەیە، تاوەکو ئێستا نەدۆزراوەتەوە.

نوورە یوسف، دایکی سێ لە منداڵە خنکاوەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "منداڵەکانم بەهۆی سەربازە تورکەکان خنکان، ئەوان پەڕیونەتەوە و چوونەتە نێو خاکی باکووری کوردستان، بەڵام سەربازانی تورک گەڕاندوونیانەتەوە، لەکاتی گەڕانەوەیان خنکاون".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## کچێکی به جورئەت

کچێک کە خوێندکاری کۆلێژ بوو، پەیوەندیی پێوەکردین کە بە زووترین کات داڵدەی بدەین، چونکە بەیانی دەچێتە نێو قۆناغێکی نوێی ژیانی کە ڕەنگە تاوەکوو کۆتایی تەمەنی لێی پەشیمان ببێتەوە. ئەو کچە بە زۆر لە کوڕێک مارە کرابوو. دەیویست بە هەر جۆرێک بێت نەگاتە ئەو ڕۆژەی جلی بووکێنی لەبەر بکات.

ئەو کچە بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە و گوتی من خوێندکاری زانکۆم، ئەوەی بیرم لێنەدەکردەوە شووکردن بوو، تاوەکوو ڕۆژێک باوکم بانگی کردم و گوتی کچەکەم چ کوڕ چ کچ، زوو یان درەنگ دەبێت بچێتە جێگە و ڕێگەی خۆی، بە کوردییەکەی کوڕ دەبێ ژن بهێنێ و کچیش شوو بکات. جا ئێستا ڕەفیقێکم داوای تۆی کردووە بۆ کوڕەکەی.

کچەکە زۆر بیانوو بۆ باوکی دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی شوو بەو کوڕە نەکات، جارێک پێی دەڵێت شوو ناکەم تاوەکوو خوێندنەکەم تەواو دەکەم، بەڵام باوکی پێیدەڵێت لەگەڵ باوکی کوڕەکە قسەی کردووە کە کچەکەی دەخوێنێ، ئەویش پێیگوتووە هیچ کێشە نییە و ڕێگر نابن لە تەواوکردنی خوێندنی کچەکەی.

ئەمجارەیان کچەکە بە باوکی دەڵێت تەمەنی بچووکە و کاتی شووکردنی نەهاتووە، بەڵام باوکی پێیدەڵێت یاسا ڕێگر نییە لە شووکردنت، چونکە تەمەنت 20 ساڵە و یاساش ڕێگەی داوە کچ لە تەمەنی 16 ساڵی شوو بکات.

کچەکە دەڵێت زۆر بیانووی بۆ باوکی هێنایەوە، بەڵام هەموویان بێسوود بوون، تا دواجار باوکی خۆی لێ تووڕە دەکات و پێیدەڵێت دیارە بە تەمای کەسێکی دیکەی، ئەویش دەڵێت هیچ کەسێک لە ژیانمدا نییە. بەوجۆرە هەموو ڕێگاکانی لێگیران و مارە کرا.

کچەکە لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێ بۆ ئەوەی پرۆسەی مارەکردنەکەی هەڵوەشێنێتەوە بەر لەوەی بگوازرێتەوە. لەکاتی کڕینی زێڕ کێشەی زۆر دروست دەکات و داوای بڕە زێڕێکی زۆر دەکات بەڵکو زاوا پەشیمان ببێتەوە، بەڵام سوودی نابێت. دوو جاریش بە بیانووی تاقیکردنەوە گواستنەوەکەی دواخست، بەڵام هەر سوودی نەبوو.

کچە دۆش داماوە و هیچ ڕێگایەکی لەبەردەمدا نەماوە بۆ ئەوەی ئاهەنگی گواستنەوەکەی تێکبدات. ئەو کچە کاتێک پەیوەندی پێوەکردین بۆ بەیانییەکەی دەگوازرایەوە، بۆیە داوای داڵدەدانی لێکردین. دوای ئەوەی کچەکە لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتان دانرا، پەیوەندی بە باوکییەوە کرا، باوکی زۆر لە کچەکەی پارایەوە کە بگەڕێتەوە ماڵەوە و "شەرمەزار"ی ماڵی زاوای نەکات، بەڵام کچەکە گوتی من ناتوانم لەگەڵ ئەو کوڕە بژیم، چونکە بە زۆر لێی مارە کراوم، ئێستاش سکاڵات لەسەر تۆمار ناکەم، بەڵام بەو مەرجەی ئەو هاوسەرگیرییە هەڵبوەشێنیتەوە، چونکە ئەگەر بگەڕێمەوە لات بە زۆر دەمنێری بۆ ماڵی ئەو کوڕە.

باوکی کچەکە بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە ماڵەوە، زاواش دوای چوار ڕۆژ لە داڵدەدانی کچەکە، لە دەرەوەی دادگا کچەکەی تەڵاق دا. دوای ئەوەی بەڵێننامەیەک بە باوکی کچەکە پڕکرایەوە کە ژیانی کچەکەی پارێزراو دەبێت، ئینجا گەڕایەوە ماڵەوە. بە باوکی کچەکەش ڕاگەیەنرا کە دەبێت هەر 15 ڕۆژ جارێک کچەکەی سەردانی سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی بکات، بۆ ئەوەی بزانین کچەکە سەلامەتە و هەڕەشەی لێنەکراوە.

بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی کە ساڵی 2011 لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، ناچارکردنی کچ یان کوڕ بۆ هاوسەرگیری، جۆرێکە لە جۆرەکانی توندوتیژی. بەپێی هەمان یاسا سزای ئەو توندوتیژییە بریتییە لە: "بەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێ، هەروەها سزای مادی کە لە یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ، یان بە یەکێک لەو دوو سزایە".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

### لەنێو جەرگەی تاران چەند گوللەیەکی لێداوە

# مووسا لەلایەن هاوژینە فارسەکەی دەکوژرێ



مووسا ڕەسوڵ و هاوژینە فارسەکەی

دیمەن بورهان
ڕووداو- هەولێر

مووسا چووبوو بۆ تاران بۆ ئەوەی هاوژینە فارسەکەی بهێنێتەوە، بەڵام لە ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراودا و لە بازاڕێکی نێوجەرگەی تاراندا لەلایەن ژنەکەیەوە درایە بەر گوللە و کوژرا. ئێستا ژنەکەی لەلایەن پۆلیسی تارانەوە دەستگیر کراوە. کەسوکاری مووسا دەڵێن گومان دەکەن کوشتنەکەی بە پیلان بووە، چونکە مووسا بڕە پارەیەکی زۆری لەگەڵ خۆی بردووە و پێدەچێ بۆ پارەکە کوژرابێ.

مووسا ڕەسوڵ، 35 ساڵ، خەڵکی ناحیەی پیرەمەگروونی سەر بە شاری سلێمانی، ڕۆژی 2017/4/29 سەردانی تاران دەکات بۆ ئەوەی ژنە فارسەکەی بهێنێتەوە کە ماوەیەک بوو بە سەردان گەڕابووەوە لای کەسوکارەکەی، بەڵام دوای گەیشتنی، لەلایەن هاوژینەکەیەوە لەنێو بازاڕێکی ئەو شارەدا کوژرا.

مووسا کاسبکار بوو، دوکانی فرۆشتنی سەتەلایتی هەبوو، لە تەمەنی 20 ساڵیدا لەگەڵ (ب) هاوسەرگیریی کردووە و خاوەنی چوار منداڵ بوون، بەڵام ساڵی 2014 بەهۆی ئەوەی لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئێران هاتوچۆی دەکرد، لە تاران کچێکی فارس بەناوی (ف) دەناسێت کە باوکی کچەکە هاوڕێی مووسا بوو. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر ناسینی (ف)، مووسا بڕیار دەدات بیکاتە هاوژینی خۆی. دوای ئەوەی ڕەزامەندیی هاوژینی یەکەمی وەردەگرێ، لەگەڵ (ف) هاوسەرگیری دەکەن و لە سلێمانی ماڵی جیای بۆ دادەنێ.

یەحیا ڕەسوڵ، برای مووسا بە (ڕووداو)ی گوت: "براکەم لە هاوژینی یەکەمی چوار منداڵ و لە هاوژینی دووەمیشی کە فارسە دوو منداڵی بوو، بەڵام دایەن بۆی بەخێو دەکردن، چونکە هەردووکیان کاریان دەکرد".

یەحیا باسی کوژرانی براکەی دەکات و دەڵێت "هاوژینەکەی مووسا بە سەفەر چوو بۆ تاران، پاش ماوەیەک براکەشم چوو بۆ تاران تاوەکوو (ف) بهێنێتەوە، بەڵام ڕۆژی 2017/4/29 و بەبێ هیچ هۆکارێک و لەناو جەرگەی بازاڕی تاران براژنەکەم چەند گوللەیەکی بە براکەمەوە نا و هەر لەوێ گیانی دەرچوو، دەڵێن دوای ڕووداوەکە (ف)یش لەلایەن پۆلیسی تارانەوە دەستگیر کراوە".

یەحیا گومانی لە کەسوکاری براژنەکەی هەیە و مردنی براکەی بە پیلان دەزانێت، ئەو دەڵێت "گومان دەکەم چەند کەسێک بۆ پارە ئەو کارەیان کردبێت و ژنەکەیان بەکارهێنابێت، چونکە براکەم هەمان ڕۆژ لە سلێمانی ئۆتۆمبێلێکی گرانبەهای فرۆشتووە و پارەکەی لەگەڵ خۆی بردووە، بەڵام ئەمە تەنیا گومانە و بەتەواوی دڵنیا نین ڕووداوەکە چۆن بووە، بۆیە دوای تەواوبوونی پرسەکەی، دەچینە تاران و کەیسەکەی یەکلایی دەکەینەوە".

لەبارەی هەڵوێستی پۆلیسی تارانیش، یەحیا ڕەسوڵ گوتی "پۆلیسی تاران زۆر بە دڵسۆزانە هاوکارییان کردین و تاوانبارەکەیان دەستگیر کردووە و ئێستا لە زیندانە، بەڵام هێشتا نازانین تاوەکوو کۆتایی بەردەوام دەبن یان نا".

برای مووسا دەشڵێت ئەوان هەوڵ دەدەن کارەکان لەسەر کەیسەکە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بڕوات بەڕێوە و تاوانبار بە سزای یاسایی خۆی بگات، ئەگەر لە تارانیش کارئاسانییان بۆ نەکرا و ڕێگری لە بەئەنجامگەیشتنی کەیسەکە کرا، هەوڵ دەدەن کەیسەکە بهێننەوە کوردستان".

لەبارەی گومانی ئەوەی کە (ف) ناپاکی لە مووسا کردبێت، یەحیای برای دەڵێت "نەخێر هیچ گومانێک لە ناپاکیی براژنم لە براکەم ناکەم، چونکە (ف) هێندەی هەموومان مووسای خۆشدەویست و زیاتر لە هەمووشمان نازی براکەمی هەڵدەگرت".

(ب) هاوژینی یەکەمی مووسا کە خاوەنی چوار منداڵە و کوڕە گەورەکەی تەمەنی 13 ساڵە، بەهۆی کوژرانی هاوژینەکەیەوە شۆک بووە. ئەو تەنیا گوتی "ئەگەر یاسا کەمتەرخەم بێت و سزای توندی نەدات، منیش سکاڵا لە دژی (ف) تۆمار دەکەم".

### بکوژەکەی بە کامێرای چاودێری ئاشکرا بوو

# نامیق بەدەستی هاوپیشەکەی دەکوژرێ

دیمەن بورهان
ڕووداو- هەولێر

نامیق محەممەد، ئۆتۆمبێلەکەی فرۆشت و بە گیرفانی پڕەوە گەڕایەوە ماڵەوە، بەڵام بێ ئاگابوو لەوەی هاوڕێکەی چاوی بڕیوەتە پارەی ئۆتۆمبێلەکە. بە تەلەفۆنێکی هاوڕێکەی بە زیندوویی لە ماڵ چووە دەرەوە، بەڵام دواتر تەرمەکەی هێنرایەوە.

نامیق محەممەد عەزیز، تەمەن 56 ساڵ، کاری کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی دەکرد، ڕۆژی 2017/4/19 لەلایەن هاوپیشەیەکی خۆی بەناوی (ک.س)، تەمەن 30 ساڵ، کوژرا. کەسوکارەکەی دەڵێن نامیق ئەو ڕۆژە ئۆتۆمبێلێکی فرۆشتووە، (ک) ئاگادار بووە، دواتر تەلەفۆنی بۆ کردووە کە ئۆتۆمبێلێک هەیە بچن بە یەکەوە بیکڕن. ئەویش لەگەڵی ڕۆیشتووە، بەڵام کاتێک گەیشتوونەتە چۆڵەوانییەک، (ک) بە دەمانچەکەی گوللەیەکی لە سەری نامیق داوە و کوشتوویەتی.

کازم نامیق، تەمەن 33 ساڵ کە کوڕە گەورەی قوربانییەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت "باوکم لە 2017/4/19 دوای لەکار گەڕانەوەی، کەسێک کە لە کاردا دەیناسێت، بەبیانووی کڕینی ئۆتۆمبێل لەگەڵ خۆی دەیبات، چونکە باوکم ئەو ڕۆژە ئۆتۆمبێلێکی فرۆشتبوو، نزیکەی 7 هەزار دۆلاری پێبوو. ئەو کوڕە بە باوکمی گوتبوو ئۆتۆمبێلێک هەیە لە گوندی قۆڕیتان لە خوارووی هەولێر، دوای ئەوەی گەیشتوون بە چۆڵەوانی، گوللەیەک بە پشتی سەری باوکمەوە دەنێت و هەر لەوێ بەجێیدەهێڵێت".

کازم ئەو شەوە لە ماڵ نەبووە، دایکی پەیوەندی پێوە کردووە کە مۆبایلەکەی نامیق داخراوە و ڕەنگە لە ماڵی براکەی بێت. کازم تەلەفۆن بۆ مامی دەکات، بەڵام ئەو دەڵێت لەلای من نییە. پەیوەندی بە هاوڕێکانی لە پێشەنگاکانی ئۆتۆمبێل دەکەن، ئەوانیش دەڵێن تاوەکوو ئێوارە لێرە بووە و دواتر گەڕاوەتەوە ماڵەوە.

لەوکاتەی ئەوان سۆراغی نامیق دەکەن، ئۆتۆمبێلەکەی نامیق لەبەر دەرگا بووە، بۆیە لەوە دڵنیابوون کە لەگەڵ کەسێک دەرچووە.

کازم دەڵێت "داوامان لە ماڵێکی دراوسێمان کرد کە کامێرای چاودێرییان هەیە سەیری کامێراکە بکەین، کاتێک سەیرمان کرد، بینیمان گەنجێک بە پیکابێک باوکم سەردەخات، بەڵام وێنەکە ڕوون نەبوو، بۆیە گەنجەکەمان نەناسی، پەیوەندیمان بە هاوڕێیەکییەوە کرد تا بێت سەیری ڤیدیۆکە بکات، هاوڕێکەی یەکسەر گەنجەکەی ناسییەوە و گوتی لە پێشانگای ئۆتۆمبێل کاردەکات".

کازم داوا لە هاوڕێکەی باوکی دەکات کە پەیوەندی بە کوڕە گەنجەکەوە بکات "هاوڕێکەی باوکم بە تەلەفۆن پەیوەندی بە کوڕە گەنجەکەوە کرد و گوتی لەکوێی کارم پێتە. ئەویش گوتی لە ماڵەوەم. من و برا و مامەکانم لەگەڵ هاوڕێکەی باوکم چووین بۆ ماڵیان. کە دەرگای لێکردینەوە، منداڵێکی بچووکی لەباوەش بوو، خۆی و هاوژینەکەی بەرەو ڕوومان هاتن، کاتێک هەواڵی باوکمان لێپرسی گوتی مانگێکە نەمبینیوە".

کەسوکاری نامیق کوڕە گەنجەکە لەگەڵ خۆیان دەبەن. لە ڕێگا زۆر پرسیاری لێدەکەن، بەڵام ئەو هەر حاشای لێدەکات. کاتێک پێیدەڵێن وێنەی ئۆتۆمبێلەکەی تۆمان بینیوە کە هاتووەتە کۆڵانەکە و نامیقی سەرخستووە، (ک) یەکسەر دەڵێت ڕاستە، بەڵام ئۆتۆمبێلەکەم لەلای هاوڕێیەکم بووە بەناوی (و).

کازم دەڵێت "کوڕە گەنجەکە تەواو شڵەژابوو، بەجۆرێک لە ماوەی 10 خولەکدا 6 جار قسەی خۆی گۆڕی، ئێمەش وەک نەریتێک کە لە باوکمانەوە بۆمان ماوەتەوە، فێری گوللە و قسەی ناشیرین نین، بۆیە دانمان بەخۆماندا گرت و بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکمان هەبێت، کاژێر 12.30 شەو بردمان بۆ بنکەی پۆلیس و لەوێ لەگەڵ (و) دەستگیرکران".

کازم داوا دەکات یاسا سزای لەسێدارەدان بۆ هەردوو تۆمەتبارەکە دەربکات و دەشڵێت "ئێمە چاوەڕێی یاساین و هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ بنەماڵەی بکوژی باوکم نییە".

پەروین محەممەد، تەمەن 48 ساڵان کە ماوەی 32 ساڵ هاوژینی مام نامیق بووە و خاوەنی 11 منداڵە، بە گریانەوە باسی هاوژینەکەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "نامیق پیاوی سوڵح بوو، پیاوێک بوو هیچ کەس بۆ ڕۆژێکیش دڵی لێی نەڕەنجابوو، حەیفە بە دەستی کەسانی وا نامەرد بکوژرێ".

پەروین باسی دوایین پەیوەندی نێوان خۆی و هاوژینەکەی دەکات و دەڵێت "ئەو ئێوارەیە وەک هەموو ڕۆژێک پەیوەندی کرد، پێمگوت هەموو شتێکمان هەیە، بۆیە کە گەڕایەوە هیچ مەهێنە، کاتێکیش گەیشتەوە پێش ماڵەوە، من ئۆتۆمبێلەکەیم بینی، بەڵام نەهاتە ژوورەوە، چوومە دەرەوە لەوێ نەبوو، چەند جارێک پەیوەندیم پێوەکرد، بەڵام وەڵامی نەبوو، دڵم خەبەری دا شتێکی بەسەرهاتبێ، چونکە هیچ کات وانەبووە وەڵام نەداتەوە، پەیوەندیم بە کوڕەکانەوە کرد و ئەوانیش چەند جارێک پەیوەندییان پێوەکرد، بەڵام مۆبایلەکەی داخرابوو".

تاکە داواکاریی پەروین ئەوەیە کە مافی هاوژینەکەی نەفەوتێ "داوا دەکەم یاسا سزای لە سێدارەدان بۆ بکوژەکەی دەربکات و خوێنی بێتاوانی هاوژینەکەم بە ناحەق نەڕوات".

لەبارەی ئەم کەیسە ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "پاش ئەوەی لە ڕووداوەکە ئاگادار کراینەوە، دەستمان بە لێکۆڵینەوە کرد و دوو کەسمان بە تۆمەتی کوشتنی ئەو پیاوە دەستگیر کرد، هەردوو تۆمەتبارەکە لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی پۆلیس دانیان بە تاوانەکەیاندا نا، ئێستا هەردووکیان بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی لە زیندان ڕاگیراون تا کاتی دادگایی".



نامیق محەممەد

## یەکێکیان بەرەو سنوورەکانی ئیسرائیلە

# ئێران بیر لە دوو ڕێڕەو بەرەو دەریای نێوەڕاست دەکاتەوە

رووداو- هەولێر

مانگی رابردوو رێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند، ئیدارەی کۆشکی سپی لە ماوەی 90 رۆژی داهاتوودا "بە شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەو تەحەدایانەدا دەچنەوە کە ئێران دروستی کردوون". بەشێک لەو تەحەدایانە پەیوەندییان بە فراوانخوازیی ئێرانەوە هەیە کە ئەمریکا دەیەوێ کۆنترۆڵی بکات. ئیهود یاری، توێژەر لە پەیمانگای واشنتن، لە دوایین راپۆرتیدا لەوبارەوە دەڵێت، بۆ ئەوەی واشنتن بتوانێ ئەوە بکات، دەبێ لە ستراتیژی نوێی ئێران لە ناوچەی شام تێبگات کە ئامانجە بنەڕەتییەکەی باڵادەستییە لە عێراق، سووریا و لوبنان.

راپۆرتەکەی پەیمانگای واشنتن دەڵێت هەرچەندە ئێران دەیەوێ لە درێژخایەندا هەژموونی بەسەر هەموو ناوچەکەدا هەبێ، بەڵام ئێستا زەلکاوە خوێناوییەکەی شەڕ لەم سێ وڵاتە دەرفەتی زیاتر بە ئێران دەدات بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لە ناوچەکەدا قایم بکات، سەرکەوتن لەو ستراتیژە سنووردارەش دەتوانێ دەستی ئێران لەدژی سعودیە و وڵاتانی دیکەی بەرەی سوننە بەهێز بکات.

قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودس (لقی چالاکییە دەرەکییەکانی سوپای پاسداران)، جێبەجێکاری سەرەکی سیاسەتی فراوانخوازیی تارانە. بەپێی راپۆرتی پەیمانگە ئەمریکییەکە، سولەیمانی لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا "خەریکی دانانی بەردی بناغەی لانیکەم یەک، یان رەنگە دوو کۆریدەر بێ کە بە درێژایی ناوچەی شامدا تێدەپەڕێ و ئێران بە دەریای نێوەڕاستەوە دەبەستێتەوە".

ئامادەکاری راپۆرتەکە دەڵێت ئەم دوو کۆریدەر یان رێڕەوە بۆ گواستنەوەی کەرەستەی سەربازی و میلیشیا لە کاتی پێویستدا بەکاردەهێنرێ. بەڵام بە گوێرەی بەرپرسانی ئێرانی "بیرۆکەکە ئەوەیە هێزە وەکیلەکان، وەکوو حیزبوڵڵا و میلیشیا شیعەکانی عێراق، ئەرکی چاودێریی ئەو رێڕەوانە بگرنە ئەستۆ، بۆ ئەوەی پێویست نەکات ئێران بە هێزی سەربازیی خۆی ئەمە بکات".

بەپێی راپۆرتەکەی ئیهود یاری، ئێران دەتوانێ 150 بۆ 200 هەزار چەکداری میلیشیا کۆبکاتەوە کە 18 هەزاریان شیعەی ئەفغانستان، 3-4 هەزاریان شیعەی پاکستان و ژمارەیەکیشیان میلیشیا مەسیحی و دروزەکانن.



ئێران هێزێکی میلیشیایی بەناوی "فەوجی جۆلان" دروستکردووە کە لە ئاوارە فەلەستینییەکانی سووریا پێکهاتووە.

### کۆریدەری باکوور

بەشێکی راپۆرتەکە تەرخانکراوە بۆ ئەو ناوچە جوگرافیانەی کە کۆریدەرەکان پێیدا تێدەپەڕن. بەپێی راپۆرتەکە "کۆریدەری باکوور لە ئێرانەوە بە پارێزگای دیالەدا کە ئێستا زۆرینەی شیعەیە، بەرەو کەرکووک و لەوێوە بەرەو شارۆچکەی شرگات لە رۆژهەڵات دەچێ، لەوێشەوە لە رێگای تەلعەفەر و چیای شنگالەوە بە سووریاوە دەبەسترێتەوە". ئەوەش بەو مانایەیە کە کۆریدەرەکەی ئێران بە ناوچە کوردییەکانی بندەستی یەپەگە لە سووریا تێدەپەڕێ.

یاری پێیوایە بۆ ئەوەی ئەو کۆریدەرە سەربگرێ، پێویستە ئێران گەرەنتی ئەوە بکات کە حکومەتی عێراق و هێزە کوردییەکان بەربەستی بۆ دروست ناکەن. بەبۆچوونی ئامادەکاری راپۆرتەکە، بەو پێیەی تاران دەسەڵاتی زۆری بەسەر حکومەتی عێراق و هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە هەیە، پێناچێ بەغدا دژایەتییەکی راستەقینەی ئەو جموجوڵەی ئێران بکات. هێزە کوردییەکانیش بە هەمانشێوە بەربەست دروست ناکەن، لەبەر ئەوەی "هێزی پێشمەرگە مەیلێکی ئەوتۆیان نابێ بۆ وەستاندنی جموجوڵی هێزە چەکدارە ئێرانییەکان، ئەگەر هیچ هەڕەشەیەک بۆ بەرژەوەندییەکانیان دروست نەکەن".

سەبارەت بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ش، راپۆرتەکە دەڵێت: "هێزەکانی پەکەکە لە شنگال پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ ئێران هەیە، لە ناوچە کوردییەکانی سووریاش کە لە نێوان کوردەکاندا بە رۆژئاڤا ناسراوە، ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی پەیەدە لەژێر هەڕەشەی بەردەوامی تورکیادان... بۆیە ئێران بەهێزێکی دۆست دەزانن".

راپۆرتەکە بەدووری دەزانێ رکابەرییە سەختەکەی نێوان ئەنقەرە و تاران لە داهاتوویەکی نزیکدا پێکدادانی سەربازیی لێبکەوێتەوە، وەکوو چۆن بەدووریشی دەزانێ حکومەتی تورکیا بۆ رێگرتن لە پلانەکەی ئێران هێزە کوردییەکانی باشوور، تورکمانەکان یان عەرەبە سوننەکان بەکاربهێنێ.

### کۆریدەری باشوور

بەپێی راپۆرتەکەی پەیمانگای واشنتن، کۆریدەری دووەمیان (کۆریدەری باشوور) لە پارێزگا شیعەنشینەکانی عێراقەوە بەرەو بیابانی پارێزگای ئەنبار و لەوێشەوە بە رۆژهەڵاتی سووریادا هەتا دیمەشق درێژ دەبێتەوە. ئامادەکاری راپۆرتەکە پێیوایە "کێشەی سەرەکیی ئەم رێڕەوەیان ئەوەیە سوننەکانی پارێزگای ئەنبار کە زۆرینەشن، بە چاوی گومان و دوژمنایەتییەوە سەیری ئێران دەکەن".

بەڵام زۆرینەی 1.5 ملیۆن دانیشتووەکەی پارێزگای ئەنبار لە چوار شاری رومادی، فەللوجە، حەدیسە و قایم دەژین، بۆیە دەکرێ رێڕەوەکەی ئێران "بەو ناوچە گوندنشینانەدا تێپەڕێ کە وشکن و ژمارەی دانیشتوویان کەمە". راپۆرتەکە بەدووری دەزانێ هۆزە سوننەکان "شەڕ لەگەڵ ئێران هەڵگیرسێنن، بە تایبەتیش شەڕێک کە ناکرێ تێیدا براوە بن". جیا لەوەش ئێران دەتوانێ پشت بە "بەرتیل و گوشار ببەستێ بۆ ئەوەی هۆزەکان چاوپۆشی لە هاتوچۆی بارهەڵگرە ئێرانییەکان بکەن".

## "دەبێ ئەمریکا کەرەستەی سەربازی بە کوردی سووریا و عێراق بدات"

### پلانی ئێران بۆ پاراستنی کۆریدەرەکان

بەشێکی دیکەی راپۆرتەکە باس لە پلانەکانی داهاتووی ئێران بۆ ئەو دوو کۆریدەرە دەکات، بەشێک لەو پلانەش بریتییە لە "نوێکردنەوەی توانای سەربازیی ماوەبەسەرچووی ئێران"، بۆ ئەوەی بتوانێ "تۆپخانە، تانک و کەرەستەی پێویست بۆ پێکهێنانی هێزێکی دەرەکیی خاوەن مەودای چالاکیی فراوان بنێرێ کە توانای هاوکاری و بەهێزکردنی میلیشیا هاوپەیمانەکانی ئێرانی هەبێ"، ئەگەر ئێران بتوانێ هێزی ئاسمانیشی نوێ بکاتەوە، ئەوە دەتوانێ پشتیوانیی ئاسمانی پێشکەش بەو هێزانە بکات کە بە درێژایی کۆریدەرەکە جێگیرکراون، بۆ ئەوەی "گوشار لەسەر هێزە سیاسییەکان، هۆزەکان دروست بکات یان هێزێکی پیادەی زۆر لە نزیک ئیسرائیل کۆبکاتەوە".

راپۆرتەکە پێشبینی دەکات دوای ئەوەی شەڕ لە سووریا و عێراق هێور بووەوە، ئێران درێژە بە هەوڵەکانی بۆ پەرەپێدانی میلیشیاکان لە سووریا و عێراق بدات، بە هەمانشێوە کە هەتا ئێستا پشتگیریی حیزبوڵڵای لوبنانی کردووە. ئەو میلیشیایانە "یارمەتی حکومەتە هاوپەیمانەکانی ئێران لە ناوچەی شام دەدەن و ئەو کۆریدەرەش بۆ ئێران دەپارێزن". ئیهود یاری پێیوایە دوائامانجی ئێران لەم کۆریدەرە "فراوانکردنەوەی دەسەڵاتی ئێرانە بۆ بەرزاییەکانی جۆلان و لەوێشەوە گوشار لەسەر ئیسرائیل دروستبکەن". بە گوێرەی راپۆرتەکە ئێران هەر ئێستاش هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە جۆلان دەستپێکردووە و بۆ ئەوەش هێزێکی میلیشیایی بەناوی "فەوجی جۆلان" دروستکردووە کە لە ئاوارە فەلەستینییەکانی سووریا پێکهاتووە.

راپۆرتی لێکۆڵەرەکەی پەیمانگای واشنتن ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئەگەر ئەم پلانەی ئێران سەربگرێ، بەرەکانی نێوان حزبوڵڵا و ئیسرائیل هەتا رووباری یەرموک درێژ دەبێتەوە، واتە هەتا خاڵی سنووریی نێوان سووریا، ئیسرائیل و ئوردن.

### کورد دەتوانێ بەربەست بێ بۆ پلانەکەی ئێران

ئیهود یاری لە بەشی کۆتایی راپۆرتەکەیدا پێشنیاز دەکات ئیدارەی ترەمپ "کەرەستەی سەربازی بە کوردی سووریا و عێراق بدات بۆ ئەوەی بەرەنگاری میلیشیا شیعەکان ببنەوە". هەروەها داوا دەکات "تورکیا هان بدرێ رێگە لە هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەکەدا بگرێ"، چونکە ئەو کۆریدەرە رێگەی سەرەکیی بازرگانیی تورکیایە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی. لەپاڵ ئەمەدا ئوردنیش دەبێ یارمەتی هۆزە سوننەکانی رۆژئاوای عێراق و رۆژهەڵاتی سووریا بدات کە پەیوەندییەکی کۆنیان لەگەڵ سعودیە هەیە.

ئامادەکاری راپۆرتەکە لە کۆتاییدا پێشنیاز دەکات کۆشکی سپی پشتگیری لە هەوڵەکانی ئیسرائیل بکات بۆ رێگری لەوەی ئێران شوێنی خۆی لە بەرزاییەکانی جۆلان قایم بکات.

## "رەققە لەگەڵ هێزە کوردییەکان رزگار دەکەین"

## میدیای ئەمریکی:

# لووتکە چاوەڕوانکراوەکەی واشنتن بە دڵی ئەردۆغان نابێت

رووداو- هەولێر

ئیدارەی کۆشکی سپی بە نیازە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شاری رەققە لەسەر پلانەکەی ئۆباما بڕوات، لە چوارچێوەی ئەو پلانەشدا هێزەکانی سووریای دیموکرات (HSD) رۆڵی سەرەکی لە ئۆپەراسیۆنەکەدا دەگێڕن. بەگوێرەی بەرپرسانی ئەمریکی، سەرۆککۆماری تورکیا لە کاتی گەشتەکەی بۆ ئەمریکا لەو بڕیارە ئاگادار دەکرێتەوە.

رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، رۆژانی 16 و 17ی ئایار لە کۆشکی سپی لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا کۆدەبێتەوە. بەپێی راپۆرتێکی گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریکی، لەو کۆبوونەوەیەدا ترەمپ هاوتا تورکییەکەی ئاگادار دەکاتەوە کە گڵۆپی سەوزی بۆ بەردەوامبوون لەسەر پلانەکەی ئۆباما و بەشداریی کارای هێزە کوردییەکان هەڵکردووە.

بەرپرسانی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکاش بە گۆڤارە ئەمریکییەکەیان راگەیاندووە، پاش سەردانەکەی ئەردۆغان پلانەکەی ئیدارەی پێشوو بەشێوەیەکی جدیتر جێبەجێ دەکرێ. بەپێی لێدوانی ژمارەیەک بەرپرسی ئەمریکیش، فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکا (CENTCOM) داوایەکیان بۆ جەیمز مەتیس، وەزیری بەرگریی ئەمریکا ناردووە بۆ ئەوەی فەرمانی پڕچەککردنی هێزە کوردییەکانی بەشدار لە ئۆپەراسیۆنی رەققە دەربکات.

پاش ئەوەی مەتیس ئەو داوایە و پلانەکەی پەسەند کرد، داواکە رەوانەی سەرۆکی ئەمریکا دەکرێ بۆ ئەوەی دوایین واژۆی لەسەر بکات. ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی ئەمریکی پێیانوایە ترەمپ بێ دوودڵی پلانی ژەنەراڵەکان واژۆ دەکات.

ئەوە یەکەمجار نییە داواکاریی پڕچەککردنی هێزە کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستان رەوانەی ئۆفیسی سەرۆکی ئەمریکا بکرێ. لە دوایین رۆژەکانی دەسەڵاتی ئیدارەی پێشووشدا، پێنتاگۆن داوایەکی هاوشێوەی لە باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا کردبوو. بەڵام ئۆباما هەستی کردبوو ئەو هەنگاوە زۆر گەورەترە لەوەی بتوانێ لە دوایین رۆژەکانی سەرۆکایەتی خۆیدا بیهاوێژێ، بۆیە بڕیاردان لەسەر ئەم داوایەی بۆ ئیدارەی ترەمپ جێهێشت. ئەو کاتیش نیگەرانیی ئیدارەی ئۆباما بە هۆی هەڵوێستی تورکیاوە بوو کە هەتا ئەوکات نەیتوانیبوو پلانێکی گونجاو بۆ بەشداریی وڵاتەکەی لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی شاری رەققە پێشکەش بە ئیدارەی ئەمریکا بکات.

چەند رۆژێک بەر لە دەستبەرکاربوونی ترەمپ، بەرپرسانی ئیداری ئۆباما وردەکاریی پلانەکەیان خستبووە بەردەستی راوێژکارانی سەربازیی ئیدارەی ترەمپ و داوایان کردبوو دەمودەست پلانەکە جێبەجێ بکرێ. کاربەدەستێکی ئیدارەی ئۆباما بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە "لەکاتی گفتوگۆکانی گواستنەوەی دەسەڵاتدا ئەو مەسەلەیە یەکێک لە ئەولەوییەتەکان و پرسە سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایشی نیشتمانی بوو".

بەڵام ترەمپ لە کۆتایی کانوونی دووەمەوە خەریکی پێداچوونەوە بوو بە پلانەکە. لەو ماوەیەشدا تورکیا خەریکی لۆبیکردن بووە لە واشنتن بۆ ئەوەی کۆشکی سپی رازی بکات بۆ ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی رەققە پشت بە سوپای تورکیا و هێزە عەرەبییەکانی سەر بە ئەنقەرە ببەستێ.

لیندا رۆبنسن، شرۆڤەکار لە ناوەندی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان (RAND)، باس لەوە دەکات کە بەرپرسانی ئەمریکی "دوای لێکدانەوەی پێشنیارەکەی ئەنقەرە، گەیشتبوون بەوەی تورکیا ناتوانێ لەڕووی سەربازییەوە بەشدارییەکی ئەوتۆی هەبێ". رۆبنسن پێشتر راوێژی پێشکەش بە پێنتاگۆن کردبوو، بەمدواییەش لەگەڵ فەرماندەکانی سوپای ئەمریکا سەردانی سووریای کردبوو.



(فۆتۆ: AFP)

ژمارەیەک بەرپرسی کۆشکی سپی بە (فۆرین پۆڵسی)یان راگەیاندووە، ئیدارەی ترەمپ لە مێژە یەکلایی بووەتەوە لەسەر ئەوەی کە هێزە کوردییەکان تاکە هێزن بتوانن چەکدارانی داعش لە رەققە دەربکەن، بەڵام بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتن بەر لە گشتپرسییەکەی هەمواری دەستووری تورکیا ئاڵۆزتر نەبێ، راگەیاندنی پلانەکە دواخرا.

پەیوەندییەکانی واشنتن و ئەنقەرە لە دوای کودێتا فاشیلەکەی تەمووزی 2016 ئاڵۆزییەکی زۆری تێکەوتووە. گرژیی پەیوەندییەکان تاوەکو ئەو شوێنەش چوو کە حکومەتی تورکیا باسیان لەوە دەکرد ژمارەیەک فەرماندەی سەربازیی ئەمریکا لە پیلانی کودێتاکەدا دەستیان هەبووە. فڕۆکەکانی تورکیا لە دوایین هەفتەی مانگی رابردوودا چیای شنگال و چیای قەرەچووغیان لە رۆژئاوای کوردستان بۆردومان کرد. لە هێرشەکەی سەر چیای شنگالدا پێنج پێشمەرگە شەهید بوون و نۆی دیکەش بریندار بوون. لە هێرشەکەی سەر چیای قەرەچووغیش 20 شەڕڤان شەهید و 18ی دیکەش بریندار بوون.

بەرپرسانی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا، دوای هێرشەکەی قەرەچووغ، رایانگەیاند کە تورکیا کەمتر لە کاژێرێک بەر لە هێرشەکە ئەوانی ئاگادار کردبووەوە، ئاشکراشیان کرد داوایان لە سوپای تورکیا کردبوو بەبێ هاوئاهەنگی تەواو هێرشە ئاسمانییەکە جێبەجێ نەکرێ، بەڵام تورکیا داواکەی پێنتاگۆنی پشتگوێ خستبوو. دوای هێرشەکە ئەمریکا ژمارەیەک هێزی رەوانەی سنووری نێوان تورکیا و سووریا کرد، بۆ ئەوەی رێگە لە پێکدادانی نێوان هێزە کوردییەکان و سوپای تورکیا بگرێ.

ئایدن سەلجەن، کونسوڵی گشتیی پێشووی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و دیپلۆماتکاری ئێستای تورکیا لە ئەمریکا، بە رۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی راگەیاندووە کە ئەردۆغان "دەیەوێ بە ئەمریکا و هاوپەیمانانی بسەلمێنێ هەر کاتێک ئەنقەرە بگاتە ئەو بڕوایەی ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتەکەی لە سووریا و عێراق هەڕەشەی لێدەکرێ، ئامادەیە تاکلایەنە هەنگاو بنێ". هەروەها دەڵێت: "هێرشە ئاسمانییەکانی مانگی پێشووی تورکیا بۆ دروستکردنی گوشار بووە لەسەر ترەمپ و ئیدارەی رووسیا، بە تایبەتیش لە کاتێکدا ئەردۆغان ناوەڕاستی ئەم مانگە لەگەڵ ترەمپ کۆدەبێتەوە".

ئەنقەرە پێیوایە هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ (هەسەدە) کە بە دەستپێشخەری یەپەگە دامەزراوە، هەڕەشەی گەورە لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا دروست دەکات. جەیمز جێفری، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە تورکیا و عێراق، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (وۆڵ ستریت جورناڵ) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە نیگەرانییەکانی تورکیا "بێ بنەما نییە". بەبۆچوونی جێفری "تورکیا لەوە دەترسێ ئەمریکا نیمچە دەوڵەتێک بۆ (PYD) ئاوا بکات. ئەمەش بەو مانایەیە کە پەکەکە دەتوانێ گەمارۆی تورکیا بدات".

ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا وایکردووە تورکیا (ئەگەر بە رواڵەتیش بێ) لە رووسیا نزیک بێتەوە. هەفتەی پێشوو تورکیا، ئێران و رووسیا لێکتێگەیشتننامەیەکیان راگەیاند کە تێیدا باس لە چوار ناوچەی ئارام (یان ناوچەی رێگر لە شەڕ) دەکات. دۆکیومێنتەکان وەکوو هەموو رێککەوتنەکانی دیکە لێکدژیی گەورەی تێدایە و رەنگە هەندێک لە خاڵەکانی هۆکاری هەڵوەشانەوەی بن. بۆ نموونە لەلایەکەوە باس لە راگرتنی هێرشی ئاسمانی لە ناوچە ئارامەکان دەکات، کەچی لەلایەکی دیکەوە باس لە لێدانی گرووپەکانی سەر بە ئەلقاعیدە (لەوانەش بەرەی فەتحی شام) دەکات کە زۆربەیان لە ناوچە ئارامەکانن و لەگەڵ چەکداری گرووپەکانی دیکەی نزیک لە تورکیا تێکەڵن.

بەرپرسانی حکومەتی ئەمریکا وڵاتانی عەرەبی سوننەی ناوچەکە و تورکیایان دڵنیا کردووەتەوە کە هێزەکانی سەر بە یەپەگە دەستکاری دیمۆگرافیی رەققە ناکەن. بەڵام ئەوە نیگەرانی سەرەکیی تورکیا نییە. تورکیا دەیەوێ لە پشت ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پەیەدە بەرەو ناوەڕاستی سووریا هێزی هەبێ، بۆ ئەوەی لەلایەکەوە هێزی پێویستی بۆ دروستکردنی گوشار لەسەر یەپەگە هەبێت و لەلایەکی دیکەشەوە نەهێڵێ ئەو قووڵاییە ستراتیژییەی نێوەڕاستی سووریا بکەوێتە دەست هێزە کوردییەکان. بۆیە بە پێویستی دەزانێ سوپای وڵاتەکەی یان هێزەکانی نزیک لە خۆی لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی رەققەدا بەشدار بن. بەڵام بەرپرسانی پێنتاگۆن دەڵێن بەشداری هێزەکانی نزیک لە تورکیا هاوشان لەگەڵ هێزەکانی یەپەگە و هەسەدە کێشەی گەورە بۆ ئۆپەراسیۆنەکە دروست دەکات.

# کەس لە کوردستان ڕۆژی جیهانیی دەستشووشتنی لەبیر نەبوو

## یونیسێف: هیچ ڤاکسینێک هێندەی دەستشووشتن ڕێ لە نەخۆشی ناگرێ


(فۆتۆ: AFP)

سەروەر سالار
ڕووداو– سلێمانی

کاتێک باسی ڕۆژی جیهانیی دەستشووشتنمان بۆ سەنگەر محەممەدی تەمەن 22 ساڵان کرد، بە پێکەنینەوە گوتی "هەر دەستشووشتن مابوو ڕۆژی جیهانیی بۆ دیاری بکرێ!" بە بڕوای ئەو زۆر شتی دیکە هەن لە دەستشووشتن گرنگترن و ڕۆژێکی جیهانییان بۆدانەنراوە. بەڵام پسپۆڕانی تەندروستی دەڵێن دەستشووشتن هەر ڕۆتینێکی دووبارە نییە، بەڵکو ڕێگەچارەیەکی ئێجگار گرنگی تەندروستی و خۆپارێزییە.

"دەستشووشتن ڕێگەیەکی هەرزان و هەمانکات زۆر کارایە بۆ بەرگرتن بە چەندین نەخۆشیی گوازراوە، بە تایبەت لەم ناوچەیەی خۆمان کە هەم سکچوون و هەم هەوکردنی هەناسە تێیدا بڵاون". ئەوە گوتەی د.عەبدولفەتاح هەورامی، پسپۆڕی پزیشکیی کۆمەڵە بۆ (ڕووداو).

وەک ئەو پسپۆڕە باسی دەکات، دەستشووشتن بە ئاو و سابوون دەبێتە هۆی ڕاماڵینی ڤایرۆس، بەکتریا، مشەخۆرەکان و چەندین ماددەی پیس و نەخوازراو.

بۆیە دەڵێ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی لەبارەی گرنگیی دەستشووشتن، ئەرکی حکومەت، میدیا و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانە بە لایەنی تەندروستی.

پێنجی ئایاری هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی جیهانیی دەستشووشتن دیاریکراوە و تێیدا هانی خەڵکی دەدرێ لە گرنگیی دەستشووشتن بێئاگا نەبن و لەکاتی پێویست دەستەکانیان خاوێن بکەنەوە. دروشمی ئەمساڵی ڕۆژی جیهانیی دەستشووشتن بریتی بوو لە:

"پەیداکردنی بەرگری لە بەرامبەر دەرمانە دژەزیندەکان لەدەستی خۆتدایە".

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێ بۆ کەمکردنەوەی سەرسەختبوونی میکرۆبە نەخۆشخەرەکان لە بەرامبەر دەرمانە دژە زیندەکان، پێویستمان بە هەندێک گۆڕانکارییە لە ژیانی ڕۆژانەدا، لەوانەش گرنگیدان بە خاوێنیی دەستەکان. بۆیە دروشمی ئەمساڵی ڕۆژی جیهانیی دەستشووشتن بە ئاراستەی سنووردارکردنی ئەو گرفتەیە.

بەڵام کوردستان ئەو ڕۆژە گرنگەی بە بێدەنگی تێپەڕاند و وەزارەتی تەندروستیش هۆکارەکەی بۆ بێپارەیی دەگێڕێتەوە.

د.خاڵس قادر، گوتەبێژ و بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی تەندروستی بە (ڕووداو)ی گوت "چالاکییەکان زۆر کەمبوونەتەوە، ئەوەی پێویستی بە پارە بێت ناتوانین بیکەین و ئێستا ڕێکخراوەکانیش هاوکار نین".

دکتۆر خاڵس دەڵێ نە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و نە ڕێکخراوە لۆکاڵییەکان یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان نادەن لە ڕۆژانی سەختی دارایيدا لە چالاکی بەردەوام بێ.

### دەستشووشتن وەک بەشێکی کارای چارەسەر

بەشێکی گرنگ لە چارەسەری نەخۆش و ڕێنمایی کەسانی تەندروست بۆ دووربوون لە نەخۆشی، ڕاهێنانە لەسەر نەریتە تەندروستەکان.

بەپێی ڕاگەیێندراوی ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی، هەوکردنی سییەکان و سکچوون بکوژی نمرە یەکی منداڵانن و دەستشووشتن ڕێگەی هەرە کارایە بۆ ڕێگرتن لە تووشبوون پێیان. ڕێکخراوەکە دەڵێ ساڵانە سێ ملیۆن و 500 هەزار منداڵ دەکوژن لە جیهاندا.

بەپێی توێژینەوەیەکی زانستیش، دەستشووشتن بە ڕێژەی 50% مردن بەو نەخۆشییانە کەمدەکاتەوە.

ڕێکخراوی یونیسێف دەڵێ هیچ ڕێوشوێنێک هێندەی دەستشووشتن کارا نییە بۆ ڕێگاگرتن لە تووشبوون بە سکچوون و هەوکردنی کۆئەندامی هەناسە.

نێوەندی کۆنترۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکان (CDC) لە ئەمریکا دەڵێ دەستشووشتن تەنانەت بەکتریا سەرسەختەکانیش ڕادەماڵێ کە نەک سەخت، بەڵکوو مەحاڵیشە بە دەرمانە دژە زیندەکان لەنێوببرێن.

یونیسێف دەڵێ هیچ تاکە ڤاکسین یان ڕێوشوێنێکی پزیشکیی نییە هێندەی دەستشووشتن ژیانی مرۆڤ ڕزگار بکات.

### تەندروستی ڕێنمایی هاووڵاتییان ناکات

ڕووداو لە گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پرسی کە ئایا لە یەکە تەندروستییەکانی کوردستان زانیاری و ڕێنمایی پێویستیان پێدەدرێ لەبارەی مەسەلە تەندروستییە بنەڕەتییەکانی وەک دەستشووشتن؟

لە وەڵامدا د.خاڵس قادر دەڵێ: "هێشتا وەک پێویست نییە، ساڵانی پێشوو جگە لە دەزگا تەندروستییەکان، مەڵبەندە سەرەکییەکان یەکەی ڕۆشنبیری تەندروستییان هەبوو، لە خوێندنگاکان لەڕێگەی تیمی تەندروستی کارمان دەکرد بۆ چەسپاندنی ڕەفتاری تەندروستانەی وەک دەستشووشتن. بەڵام ئێستا بەهۆی قەیرانەوە کارەکان لاوازن".

### سوودەکانی دەستشووشتن:

*بڵاوبوونەوەی هەڵامەت و ئانفلۆنزا کەم دەکاتەوە
*ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی سکچوون دەگرێ
*ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی هەوکردنی سی و بۆڕییەکانی هەوا دەگرێ
*مردنی منداڵانی ساوا کەم دەکاتەوە

### پێنج کاتە زێڕینەکەی دەستشووشتن

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی پێنج کاتی دیاری کردوون کە کاتی هەرە گرنگن بۆ شووشتنی دەستەکان، چونکە ئەوکاتانە زۆرترین ئەگەری گواستنەوەی میکرۆبە نەخۆشخەرەکان هەیە.

پێنج کاتەکە ئەمانەن:

* پاش چوونە دەبلیو سی
* پاش شووشتنەوەی کۆمی منداڵ
* پێش خۆراکدان بە منداڵ
* بەر لە خواردن، ئامادەکردنی خواردن
* بەر لە دەستدان لە گۆشتی کاڵی پەلەوەر، ماسی و ئاژەڵ

# چ کاتێک دەرکەوتنی پەڵەی شین مەترسیدارە؟



ڕووداو– DW

هەندێکجار لەپڕ و دوای بەرکەوتنی زەبرێک، پێست شین دەبێتەوە، بەڵام هەندێکجار دەرکەوتنی پەڵە هەروا ئاسان نییە و دەبێ ڕاوێژ بە پزیشک بکەی لەکاتی دەرکەوتنی.

### ئەو هۆکارانەی نیگەرانییان ناوێ!

ئەگەر لەدوای بەرکەوتنی زەبر، ڕاکێشانی خوێن لەلایەن کارمەندانی تەندروستی و گەستن لەلایەن هەندێک مێرووی بێ زیانەوە شینبوونەوە دەرکەوت، ئەوە بە گشتی ڕووداوەکە کاتییە و شینبوونەوەکە خۆبەخۆ دەڕوات بێئەوەی پێویست بە چارەسەری پزیشکی بکات.

### شینبوونەوە و پەیوەندیی بە شێرپەنجە!

هەندێکجار بێئەوەی هیچی ئەوتۆ ڕوویدابێ، بەشێکی پێست شین دەبێتەوە! دوور نییە ئەمە بەهۆی شێرپەنجە ڕوویدات، یان مەیینی خوێن لەنێو جەستە! بۆیە لەمبارەدا پێویست بە ڕاوێژی پزیشکی دەکات.

### شینبوونەوە وەک ئاماژەی خوێنبەربوون!

تەقینی موولوولەکانی خوێن وادەکات خوێنی نێویان دزەبکاتە نێو خانەکانی تەنیشتیان و ئێمەش وەک پەڵەیەکی شینی مەیلەو وەنەوشەیی ببینین. بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم شینبوونەوەیە لەکاتی زەبر ڕوودەدات و بەپێی سروشتی جەستەی کەسەکە لە 2-4 هەفتەدا چاکدەبێتەوە. ئەگەر لەوە زیاتری خایاند، دەبێ سەردانی پزیشک بکەی.

### شینبوونەوە وەک نیشانەی کەمیی خەپلەکانی خوێن!

ئەگەر ژمارەی خەپلەکانی خوێن بە بڕێکی بەرچاو کەم بکات، ئەوە توانای مەیاندنی خوێن لە جەستەدا کەم دەکات و زوو زوو خوێنبەربوون لە پێستدا بەشێوەی شینبوونەوە ڕوودەدات. نەخۆشیی جۆراوجۆر دەبنە هۆی کەمبوونەوەی خەپلەکانی خوێن، لە ڕۆماتیزەوە تاوەکوو شێرپەنجە، هەندێکجاریش بەبێ هۆیەکی زانراو کەم دەکەن.

### شینبوونەوە بەهۆی دەرمان

هەندێک دەرمان دەبنە لەمپەر لەبەردەم مەیینی خوێن، وەکوو ئەسپرین، هیپارین، وارفارین کە خوێن ڕووندەکەنەوە. بۆیە ئەگەری خوێنتێزانی پێست زیاد دەکەن کە ئێمە بە شینبوونەوە دەیبینین. هەندێک دەرمانیش پێست ناسک دەکەن و دەرکەوتنی پەڵە زیاد دەکەن، وەکوو ستیرۆیدەکان (لە نموونەی کۆرتیزۆن، پرێدنیزۆن، دیکادرۆن، دتپۆمیدرۆڵ و چەندینی دیکە).

# نەخۆشییەکانی سەیرانکردن

د.زانیار نووری

زۆر لێکۆڵینەوەی پزیشکی باسی سوودەکانی سەیرانکردنیان کردووە، هەر لە سوودی جەستەیی بۆ لەشساغەکان و سوودی جەستەیی و دەروونی بۆ نەخۆشەکان، تەنانەت هەندێکجار بەکارهێنانی وەکو چارەسەر بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان! لەناو کۆمەڵگای کوردستانیدا سەیرانکردن تەقلیدێکی باوە بە تایبەتی لەگەڵ هاتنی بەهار.

لەگەڵ ئەوەش جاری وا هەیە ئەم بۆنە خۆشە دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی نەخۆشییەکان، یان نەخۆشکەوتنی ڕاستەوخۆی لەشساغەکان. ساڵانەش حاڵەتی مردن ڕوودەدات بەهۆی سەیرانکردنەوە. هۆکاری ئەمانە چین؟

دەبێت سەرەتا باسی نەریتی سەیرانکردنی تەندروست بکەین، کوردەواری خۆمان لە کۆندا زۆر بە باشی ئەوەیان زانیوە کە سەیرانکردن واتە پشوودانی جەستەیی و ڕۆحی نەک خستنەوەی ئاڵۆزی. هەر بۆیە لە دەشت و شاخ ئاگاداری تایبەتمەندیی کەسانی دیکە بوون و زۆرینەی خەڵک بە خۆشییەوە باسی سەیرانکردنی جاران دەکەن، بەڵام ئێستا هەندێک شتی نەگونجاو ڕوودەدات کە سوودە دەروونییەکانی سەیرانکردن ناهێڵێت، وەکو زۆریی ژمارەی ئۆتۆمبێل کە دەبێتە هۆی پیسبوونی هەوا، دروستکردنی ژاوەژاو بەهۆی بەرزکردنەوەی دەنگی گۆرانی و دەهۆڵکوتان و زوڕنالێدان. لە کاتێکدا خەڵکی دیکە چەند مەترێک لێتەوە دوورن و ناڕەحەت دەبن. ئەمانە هۆکاری گشتین بۆ تێکدانی سەیرانکردن. زۆر نەخۆشیش هەن کە ڕاستەوخۆ بە سەیرانکردن دروست دەبن، هەرە باوەکانیان ئەمانەن:

**1– ڕووداوی هاتوچۆ:** پابەند نەبوون بەڕێنماییەکانی هاتوچۆ، لێخوڕین لە کاتی خواردنەوەی کحول، لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەشێوەیەکی نارێک. زۆرجار ڕووداوی ناخۆشی لێدەکەوێتەوە و کەسەکە دەخاتە سەر جێگە و تەنانەت هەندێکجار دەبێتە هۆی کەمئەندامبوون و مردنیش.

**2– ژەهراوییبوون بە کحول:** تێپەڕاندنی ڕێژەی خواردنەوە، خواردنەوەی کحول لە کاتی نەگونجاودا دەبنە هۆی ژەهراوییبوون کە شەڕ یان ڕشانەوە و تێکچوونی گەدە یان بوورانەوەی لێدەکەوێتەوە.

**3– لاسەرئێشە:** تێکدەرەکەی سەیرانی ژنان شەقیقەیە. لەبەر ئەوەی ئەم نەخۆشییە بە تێکچوونی خەو و سەفەرکردن و سەرمابوون دەورووژێت، بۆیە زۆر باوە سەرئێشەکە هەموو شتێکت لێ تێکبدات.

**4– ئاڵۆش:** ئەوانەی ئاڵۆشی پێستیان هەیە، یان ڕەبوو یان ئاڵۆشی لووت، دەشتودەر دژوارە بۆیان، هەر بۆیە ئەگەری زۆرە تەندروستییان تێکبچێت.

**5– پێوەدانی مار و مێروو:** یەکێکە لە شتە باوەکانی دەشتودەر.

**6 – کوڵۆن:** لەبەر ئەوەی کۆڵۆن بە تێکچوونی کاتەکانی نانخواردن و زۆرخۆری و چەورخۆری خراپ دەبێت.

**7– ژەهراوییبوون بە خۆراک:** زۆر باوە کە دەبێتە هۆی سکچوون و ڕشانەوە.

**9– پەتا:** پەتا ڤایرۆسییەکان بە تێکەڵبوونی خەڵک و بەرکەوتن زۆر دەبن.

**10 – تێکچوونی شەکرە و پەستانی خوێن:** ئەم نەخۆشییانە دەبێت هەمیشە وردبیت لە کاتی دەرمانخواردن و هەڵسوکەوتدا. بۆیە ڕەنگە کارەسات ڕوویدات ئەگەر دەرمانی ئەو نەخۆشییانەت بیربچێت.

**11– دڵەڕاوکێ و خەمۆکی:** سەیرانکردن خۆی بۆ ئاسوودەیی دەروونییە، بەڵام ئەگەر بە وریایی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرەکەت نەکەی، ڕەنگە کۆتاییەکی خەمهێنەری هەبێ.

**12 – سەرگێژخواردن:** هەوکردنی گوێی ناوەڕاست و بەرزی و نزمیی زەوی.

### چۆن سەیرانێکی بێ گرفت بکەین؟

1– هەمیشە لەبیرت بێ، تۆ بە تەنیا لە دەرەوە نیت و ئەو دەشتودەرە بە تەنیا موڵکی تۆ نییە. خەڵکانی دیکەش وەکو تۆ هاتوون دڵیان خۆش بکەن.

2– تێکەڵبوونی خەڵکی مانای ئەوە نییە سنوورە ڕەوشتییەکان ببەزێنی.

3– ڕاستە دەچیت بۆ ژینگەیەکی جیاواز لە ژینگەی ماڵەکەت، بەڵام تۆ هەر خۆتیت، ئەگەر شەکرەت هەبوو یان پەستانی خوێنت هەبوو دەرمانەکانت بیر نەچێ.

4– خواردنەوەی کحول ڕێسا و یاسای خۆی هەیە و لەخۆتەوە بەکاریان مەهێنە (بە بڕوای من هەرگیز مەخۆنەوە).

5– دووربکەوە لەو شتانەی کە ئاڵۆشیت هەیە پێیان، وەکو سەرمابوونی زۆر، پوش و پەڕ و تەپوتۆز، ئەو خواردنانەی کە پزیشک لێی قەدەغە کردووی.

6– خواردنەکانت بە شێوەیەکی دروست و لە قاپ و مەنجەڵی گونجاودا هەڵبگرە، بۆ ئەوەی ژەهراوی نەبن و سەیرانەکەت لێ تاڵ نەکەن.

7– لە کۆتاییدا بەزەییەکت بە پزیشکان و کارمەندانی نەخۆشخانەکانی فریاکەوتندا بێتەوە. بە شەڕ و سەرخۆشبوون بەسەریان مەکەوە، ئەوەت لەبیربێت کە لەوکاتەی تۆ لە گەشت و ڕابواردنی خۆتی، ئەوان ئێشکگرن بۆ ئەوەی گیانی تۆ و ئەوانی دیکە لە مەرگ ڕزگار بکەن.

* دکتۆرا لە نەخۆشییەکانی هەناو



# داعش لەپاش مووسڵ چی بەسەردێ

رووداو- هەولێر

ڕەنگە هێزەکانی سوپای عێراق لە چەند هەفتەی داهاتوودا بگەنە ناو مزگەوتی نووری لە شاری مووسڵ کە تەمەنی نۆ سەدەیە و ئەبوبەکر بەغدادی لە حوزەیرانی 2014دا خەلافەتەکەی تێدا ڕاگەیاندن. دوور نییە دوای گرتنەوەی مزگەوتەکە، حکومەتی عێراق و هاوپەیمانان سەرکەوتن لە جەنگی داعش لە عێراق ڕابگەیەنن، هەرچەندە هێشتا هەموو مووسڵیش نەگیراوەتەوە.

سەرکردەکانی داعش لەخۆڕا مزگەوتی نوورییان هەڵنەبژارد بۆ ئەوەی لە 2014 دا خەلافەتی تێدا ڕابگەیەنن، بەڵکو هەڵبژاردنەکە گوزارشتێک بوو لە تمووحی گرووپەکە. نوورەدین زەنگی کە مزگەوتەکەی بەناوکراوە، لە ساڵی 1172دا و ماوەیەکی کورت بەر لە مردنی، فەرمانی دروستکردنی مزگەوتەکەی دابوو. نوورەدین خۆی لە جەنگی نێوان موسوڵمانان و مەسیحییەکاندا بەشدار بووە و لەو کاتەدا توانیبووی ناوچەیەک کە سووریا و عێراقی ئەمڕۆ پێکدەهێنێ، داببڕێ. لای زۆربەی سەرکردەکانی قاعیدەی عێراق و سووریا و داعش ئەو قۆناغە سەردەمی زێڕینی دەسەڵاتی ئیسلام بووە.

داعش بە ڕاگەیاندنی خەلافەت لەو مزگەوتە دەیویست پیشانی بدات کە دەیەوێ خەلافەتە لەدەستچووەکەی سەدەی 11 و 12 زیندوو بکاتەوە. گرتنەوەی مزگەوتەکە (ئەگەر لەڕووی سیمبۆلیکیشەوە بێ) ئاماژەیە بۆ ئەوەی خەونە یان نەتەوەییەکەی داعش شکستی هێنا کە لە بنەڕەتدا خەونی وەدینەهاتووی ئەبو موسعەب زەرقاوی، سەرکردەی قاعیدەی عێراق بوو. شوێنکەوتووانی زەرقاوی لە ساڵی 2007 (واتە ساڵێک پاش کوژرانی زەرقاوی) دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراقیان ڕاگەیاند و بەرپرسیشیان بۆ دیاری کرد، بەبێ ئەوەی هیچ ناوچەیەکیان بەدەستەوە بێ.

هەرچەندە لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە وێکچوونێکی زۆر لە نێوان داعش و ڕێکخراوە سەلەفییە جیهادییەکانی دیکەی جیهاندا هەیە، بەڵام جەیسن بێرک، نووسەری کتێبی (هەرەشەی نوێی گرووپە چەکدارییە ئیسلامییەکان) پێیوایە هیچ ڕێکخراوێک نەیتوانیوە وەکوو داعش "تایفەگەری، زەرووڕەتی گرتن و کۆنترۆڵکردنی ناوچە، ڕوئیای دامەزراندنی دەسەڵاتێکی پاوانخواز، پرۆژەیەکی گەورەی جیهانی و پێکدادان لەگەڵ گرووپە توندڕەوە ڕکابەرەکان" لەنێو یەک ستراتیژدا پێکەوە ببەستێتەوە.

بێرک لە وتارێکدا لە گۆڤاری (پرۆسپێکت مەگەزین)ی بەریتانی پێیوایە دوو نموونەی نزیک لە ئەزموونەکەی داعش بریتین لە تاڵیبان لە ئەفغانستان و ئەلشەباب لە سۆماڵ. ئەزموونی ئەم دوو ڕێکخراوە پیشانی دەدا کە دوای دەرکرانیان لە شارە سەرەکییەکانی ئەفغانستان و سۆماڵ، نەیانتوانیوە هیچ شارێک لەو دوو وڵاتە بگرنەوە، بەڵام ئەو ڕاستییەش پیشان دەدا کە "پاشەکشەی سەربازیی گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکان بە مانای سڕینەوەیان نییە"، چونکە ئەوان هێزی خۆیان لە نەریتێکەوە وەردەگرن کە بە قووڵی لەناو چەکدار و لایەنگرانیاندا ڕەگی داکوتاوە و "هێرشی ئاسمانی ناتوانێ ئەو نەریتە ئایدیۆلۆژییە ڕیشەکێش بکات".

نووسەرە بەریتانییەکە پێیوایە پاش کەوتنی خەلافەتەکەی داعش، پێنج خاڵ هەیە کە چارەنووسی داعش و گرووپە سەلەفییە جیهادییەکانی دیکە دیاری دەکەن، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ئەگەری لەناوچوونی یەکجاریی داعش و گرووپەکانی دیکە لە داهاتوویەکی نزیکدا نییە:

**یەکەم:** بەغدادی چی بەسەردێ؟ دۆزینەوە و کوشتنی ئوسامە بنلادن، ڕابەری قاعیدە 10 ساڵی برد. مانەوەی بنلادن یەکێک لەو هۆکارانە بوو کە سەرکردایەتی قاعیدە گەشە بکات. ئەیمەن زەواهیری، ڕابەری ئێستای قاعیدە "ئەو کاریزمایەی بنلادنی نییە".

بێرک پێیوانییە بەغدادی بتوانێ وەکوو بنلادن و زەواهیری بۆ ماوەی چەندین ساڵ خۆی بشارێتەوە، بۆ ئەوەش نموونەی زەرقاوی دەهێنێتەوە کە بەهۆی سەرهەڵدانی هۆزە عێراقییەکان لەدژی قاعیدە، ناچار بوو ئەنبار جێبهێڵێ و هەر ئەمەش وایکرد دەزگا ئەمنییەکانی ئەمریکا و ئوردن بیدۆزنەوە و دوای چەند مانگێکی کەم بیکوژن. دۆزینەوەی شوێنگرەوەی بەغدادیش ئاسان نییە، لەبەرئەوەی "داعش، وەکوو خەلافەتێک کە هیچ ناوچەیەکی بەدەستەوە نەماوە، تووشی کێشەی گەورەی مەشرووعییەت دەبێ"، چجای ئەوەی خەلیفەیەکی نوێ بۆ ئەو خەلافەتە بێ جوگرافیایە دابنێ.

**دووەم:** چارەنووسی چەکدارەکانی ئەو ڕێکخراوە چی دەبێ؟ بێرک چاوەڕێ دەکات لە دوای تێکشکانی خەلافەتەکەیان، داعش ژمارەی هێرشە خۆکوژییەکان و تەقینەوەکانی زیاتر بکات، بەڵام زۆربەی هەوڵەکانی "بۆ تێکدانی سەقامگیریی عێراق، سووریا و بە تایبەتی تورکیا تەرخان دەکات". بێرک کە ساڵانێکیش نێردراوی (گاردیەن) بووە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ڕای وایە بەوپێیەی تۆڕی هێرشەکانی بروکسل و پاریس هەڵوەشێنراونەتەوە، توانای داعش بۆ "هێرشی ئاڵۆز" لە ئەورووپا کەم بووەتەوە. بەشێک لەو چەکدارانەش ڕوو لەو ناوچانە دەکەن کە هەر ئێستا ڕەوشی ئەمنییان ناسەقامگیرە، لەوانەش لیبیا، بیابانی سینا، یەمەن، ئەفغانستان و ساحل. بەشێک لەو چەکدارانەش کە دەگەڕێنەوە ئەورووپا، لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر دەکرێن و لە گرتووخانەکانی ئەورووپادا هەوڵی ڕاکێشانی ئەندامی نوێ و پێکهێنانی تۆڕی نوێ دەدەن، ئەمەش "کێشەی گەورەی ئەمنی بۆ وڵاتانی ئەورووپی دروست دەکات، چونکە زیندانییە ئازادکراوەکان لە زۆر هێرشی ئەورووپادا بەشدار بوون".

**سێیەم:** پەیوەندییەکانی داعش لەگەڵ لایەنگر و هاوسۆزەکانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی چی لێدێ؟ ئۆلەیڤەر ڕۆی، شرۆڤەکاری ئیسلامی سیاسی، لەبری "بەڕادیکاڵکردنی ئیسلام" دەستەواژەی "بە ئیسلامیکردنی ڕادیکاڵیزم" دادەهێنێ، بەو مانایەی کە بەر لە ئاشنابوون بە داعش، هەلومەرجی نالەباری کۆمەڵایەتی و ئابووریی ژیانیان لە ئەورووپا تۆوی ڕادیکاڵیزەبوونی لەنێو مندااڵنی کۆچبەراندا چاندووە (بەشێکیان پێش داعش باندی تاوانیان پێکهێناوە)، داعش ئەم ڕادیکالیزەبوونە بەراییە لەنێو چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیا ئایینی و سیاسییەکەی خۆیدا ئاراستە دەکاتەوە. ئەوەی کە پێشتر گەنجەکان لەنێو باندەکەی خۆیاندا دەیانکرد، ئێستا دەتوانن لەنێو داعشدا بیکەن، بەو جیاوازییەی ئەوەی لە داعشدا دەیکەن تاوانەکانی ڕابردوویان دەسڕێتەوە.

جەیسن بێرک پێیوایە بەهۆی لەدەستدانی جوگرافیاوە، داعش چیدی ناتوانێ ئەو دەرفەتە بە گەنجان بدات کە لە زیاتر لە دوو ساڵی ڕابردوودا دەیدا، بۆیە بە گوێرەی زۆربەی داتاکان، ژمارەی چوونی گەنجە ئەورووپییەکان لەساڵی 2015وە ڕووی لە کەمبوون ناوە، واتە لەو کاتەوەی داعش بەرە بەرە ناوچەکانی لەدەست دەدا.

**چوارەم:** هەلومەرجی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوچەکان دوای کەوتنی داعش چۆن دەبێ؟ ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی داعش هەر هی ئەو وڵاتانەن کە داعش تێیاندا ناوچەی لەژێر کۆنترۆڵدا بووە، لەوانەش عێراق و سووریا. لە وڵاتێکی وەکوو عێراق هەژموونی شیعە و شەڕ و ململانێی نێوان هۆز و گرووپە سیاسییەکان خاڵێکی یەکلاکەرەوەیە لەوەی دۆخی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش لەدوای کەوتنی ڕێکخراوەکە چی بەسەر دێ. لەبەرئەوەی دۆخی نالەباری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لانکی سەرهەڵدان و گەشەکردنی دەسەڵاتی قاعیدە و داعش بووە لە عێراق.

**پێنجەم:** قاعیدە چۆن کەوتنی خەلافەت دەقۆزێتەوە؟ لە چەند ساڵی ڕابردوودا، قاعیدە فۆکەسی لەسەر شەڕە تایفییەکان کەمکردووەتەوە و جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەیانەوێ ژمارەی قوربانییە مەدەنییە موسوڵمانەکان کەم بکەنەوە. بەبۆچوونی بێرک ئەم تەکتیکە نوێیەی قاعیدە بۆ ئەوەیە لەلایەکەوە خۆی لە هێرشەکانی ڕۆژئاوا بپارێزێ و لەلایەکی دیکە "پشتیوانی نوێ لە جیهانی ئیسلامیدا کۆبکاتەوە"، بە تایبەتیش لەو ناوچانەی لە سووریا، یەمەن، سۆماڵ لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدان. بەڵام ئەو تەکتیکە دەکرێ گۆڕانی بەسەردا بێ و ئەگەر قاعیدە بیەوێ لە داهاتوودا "ڕووداوی وەکوو یازدەی سێپتەمبەر دووبارە بکاتەوە"، ئێستا پێگەیەکی بەهێزی بۆ ئەو ئامانجە بەدەستهێناوە.




## پاش دەرکردنی لە عێراق، سووریا و لیبیا

# داعش چاوی بڕیوەتە سینای میسر



رووداو- هەولێر

چەکدارانی ویلایەتی سینا کە سەر بە داعشن، هەوڵ دەدەن ڕێساکانی ڕێکخراوەکە بەسەر خەڵکی ناوچەی باکووری نیمچە دوورگەی سینادا بسەپێنن، بۆ ئەوەش حسبەیان دامەزراندووە. بەگوێرەی خەڵکی ناوچەکە و ژمارەیەکی زۆر گرتەی ڤیدیۆیی، داعش ڕێسای زۆر توندی لە دژی جگەرەکێشان، ریشتاشینی پیاوان و دیاربوونی ڕوخساری ئافرەتان دەرکردووە.

شاهیر سەعید، یەکێک لە دانیشتووانی ناوچەکە بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند، بەچاوی خۆی بینیویەتی چەکدارانی داعش لە نزیک شاری ئاریش لە باکووری سینا ڕێگەیان بە بارهەڵگرێک گرتووە کە جگەرەی دەگواستەوە، شوفێرەکەیان لە بارهەڵگرەکە دابەزاند، کراسەکەیان لەبەر داکەند و بە یەکێک لە ئۆتۆمبێلەکانی خۆیانەوە بەستیانەوە. پاشان 10 قامچییان لێدا و هەموو بارە جگەرەکەیان سووتاند، هۆشداریشیان دایە کە نابێ جارێکی دیکە بازرگانی بە جگەرە بکات.

مامۆستایەکی ئافرەتیش باسی کردووە لە کاتی چوونی لە عەریشەوە بۆ قوتابخانەیەک لە شاری ڕەفەح، سێ چەکداری دەمامکدار پاسەکەیان ڕاگرتووە و داوایان لە ئافرەتەکان کردووە لە مەودوا ڕوخساریان دابپۆشن و لەگەڵ پیاوەکانیان هاتوچۆ بکەن، چەند ڕۆژ دواتریش دیسان چەکدارە دەمامکدارەکان داوایان کردووە ئافرەتەکان نیقاب بکەن، ئەگینا قامچییان لێدەدرێ یان تیزاب بە دەموچاویاندا دەکەن.

گرووپی ویلایەتی سینا لە کۆتایی 2011 لەژێر ناوی "جەماعەت ئەنسار بەیت ئەلمەقدیس" دامەزرا. سێ ساڵ دواتر، ئەو گرووپە بەیعەتیان بە ئەبوبەکر بەغدادی، سەرکردەی داعش دا و لەو کاتەوە ناوەکەیان بۆ "ویلایەتی سینا" گۆڕی. فۆکەسی چالاکییەکانی ئەم گرووپە هەتا نێوەڕاستی 2013 لەدژی ئیسرائیل بوو. بەڵام لەپاش لەسەر کار لادانی محەممەد مورسی، سەرۆککۆماری پێشووی میسر، ئاراستەی چالاکی و هێرشەکانی بۆ لای حکومەتی میسر گۆڕا.

لەکۆتایی مانگی ئاداری ئەمساڵدا داعش ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا ژمارەیەک چەکداری گرووپەکە دامەزراندنی حیسبەی باکووری سینا ڕادەگەیەنن. لەو گرتە ڤیدیۆییە 25 خولەکییەدا ئیدانەی مەسیحییەکان و سۆفیگەری ئیسلامی دەکەن و بڕێکی زۆر جگەرە و مادەی هۆشبەر دەسووتێنن.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا گرووپی ویلایەتی سینا، بەپێچەوانەی داعش لە سووریا و عێراق، هەوڵی داوە خۆی لە کوشتاری زۆر و هێرشی گەورە بەدوور بگرێ. ئامانجی گرووپەکە لە دوو ساڵی یەکەمی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ داعش ئەوە بوو لە دامودەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی میسر بدەن، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە هەم لە سەنگی حکومەت کەم بکەنەوە و هەم هەستی ناسەقامگیری لە نیمچە دوورگەی سینا دروست بکەن.

بەڵام لە کۆتایی ساڵی ڕابردووەوە تەکتیکەکانی گرووپەکە گۆڕاون، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی ڕۆیتەرز لە سەرەتای ئەمساڵەوە ژمارەی هێرشەکانی لقی داعش لە میسر لە دژی مەسیحییەکانی ناوەوە و دەرەوەی سینا بەرز بووەتەوە کە دەکرێ ئەمە بۆ دروستکردنی درز و دووبەرەکی لە کۆمەڵگای میسریدا کرابێ.

ژمارەی مەسیحییەکانی میسر بە 20 ملیۆن کەس دەخەمڵێنرێ. میسر خاوەنی گەورەترین ژمارەی دانیشتووانی مەسیحییە لە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا.

بەرپرسانی ئەمنیی میسر بەدووری دەزانن داعش بتوانێ هەمان ئاستی توندوتیژی لە میسر بەکاربهێنێ کە پێشتر قاعیدە و داعش لە عێراق کردوویانە و بەو هۆیەشەوە ململانێ و ناکۆکیی تایفییان قووڵ کردبووەوە. بەرپرسێکی ئەمنیی میسر بە ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە: "ئێمە ناڵێین ئەوانمان بە تەواوەتی لەناوبردووە، بەڵام ئەوان لاوازن".

گۆڕانی تەکتیکی داعش لە میسر لە کانوونی یەکەمی پارساڵەوە دەرکەوت، کاتێک خۆکوژێک لە کڵێسایەکی مەسیحییە قیبتییەکاندا 28 کەسی کوشت. لە کۆتایی کانوونی دووەم هەتا یەک هەفتەی کۆتایی مانگی شوبات حەوت مەسیحی لە پارێزگای باکووری سینا کوژراون، چالاکوانانی مافی کەمینە ئاینییەکان پێیانوایە کوشتنەکان بەشێوەیەکی سیستەماتیکتر لە جاران بەڕێوەدەچن. لەو ماوەیەدا 175 خێزان لە ناوچەکە ڕایانکردووە و ژمارەیەکیان بە ڕۆیتەرزیان ڕاگەیاندووە کە ناویان خرابووە لیستی کوشتنەوە. مانگی ڕابردووش لە دوو تەقینەوەی داعشدا لە شاری تانتا کە 90 کیلۆمەتر لە قاهیرە دوورە، زیاتر لە 45 کەس کوژران. دوای تەقینەوەکان، عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسر، دۆخی ئاوارتەی ڕاگەیاند.

بێجگە لە هێرشەکانی سەر شارە سەرەکییەکانی وەکوو قاهیرە، ئەسکەندەرییە و تانتا کە هێرشەکانی سەر کەنیسەکانی تێدا ڕوویداوە، گرووپی ویلایەتی سینا پانتایی مەیدانی چالاکی و هێرشەکانیشیان فراوان کردووە. لە ساڵانی یەکەمی دامەزراندن و دواتر سەرەتای بەیعەتدانیان بە داعش، چڕیی شەڕ و هێرشەکانی گرووپەکە لە ناوچەکانی ڕەفەح و شێخ زوبەید لە نزیک سنووری غەزە بوو، بەڵام لە چەند مانگی ڕابردوودا هێرشەکانی داعش زیاتر بەرەو عەریش، ناوەندی پارێزگای باکووری سینا گوازراوەتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش، گرووپی ویلایەتی سینا لە سەرەتای ئەمساڵەوە هێرشەکانیان بۆ سەر ئیسرائیل دەستپێکردووە. ئەم هێرشانە هەرچەندە لەڕووی قەبارەوە بچووکن، بەڵام دەکرێ بایەخێکی سیمبۆلیکی بەرچاویان هەبێ، لەبەر ئەوەی ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە گرووپەکە دەیەوێ شوناسی بان - نەتەوەیی خۆی دەربخات.

فراوانبوونەوەی پانتایی جوگرافیی هێرشەکانی گرووپی ویلایەتی سینا لە لایەکەوە کێشەی گەورەی بۆ حکومەتی میسر دروستکردووە و لەلایەکی دیکەشەوە دەریدەخات کە لە کاتێکدا داعش لە عێراق، سووریا و لیبیا ڕوو لە شکستە، دەکرێ نیمچە دوورگەکەی باکووری ڕۆژهەڵاتی میسر ئامانجی داهاتوویان بێ.

شەڕی داعش لە عێراق و سووریا وێرانبوونی چەندین شار و سەدان گوندی لێکەوتووەتەوە. حکومەتیش میسریش لە ساڵی 2014ەوە هەڵمەتێکی قورسی بۆ سەر ئەو ناوچانە لە سینا دەستپێکردووە کە گومان دەکرێ شوێنی حەشاردان و چالاکیی چەکدارانی ویلایەتی سینا بن. ژمارەیەکی زۆری گوندەکان لەو ناوچەیە وێران یان چۆڵکراون، هێرشی ئاسمانی سەخت بۆ سەر ناوچەکان کراوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست "ئەمجۆرە ئۆپەراسیۆنە دەتوانێ ڕێگە لەوە بگرێ چەکدارانی داعش ناوچە بەدەستەوە بگرن، واتە دەتوانێ کۆمەڵێک سەرکەوتنی تەکتیکی لە مەیدانەکانی شەڕ بۆ سوپای میسر دەستەبەر بکات، بەڵام ناتوانێ سەرکەوتنێکی ستراتیژی بەسەر گرووپە توندڕەوەکە بۆ حکومەت دابین بکات، کە تێیدا حکومەت بتوانێ خۆی وەکوو ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاو بۆ گرووپە توندڕەوەکان پیشان بدات".

لە نێوان شێخ زوبەید و ڕەفەح چواردە گوند هەیە، کە یازدەیان بە تەواوەتی چۆڵ کراون و بەشی زۆری خانووەکانیشیان وێران بووە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی ڕۆیتەرز ئەو سێ گوندەش کە خەڵکیان تێدا ماوە هیچ ئەلتەرناتیڤیکیان لە دەرەوەی گوندەکانی خۆیان شک نەبردووە. یەکێک لە دانیشتووانی گوندەکە بە ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە "سوپا تەنیا هێرش ناکاتە سەر تیرۆریستەکان، بەڵکو ئێمەش دەکوتێ".

# گشتپرسی و سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان



فەرەیدوون عەبدولقادر

ماوەیەکی زۆرە لەسەر زاری کەسایەتی سیاسی و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە قسەوباسێکی زۆر دەکرێ لەبارەی (گشتپرسی) و سەربەخۆیی کوردستان، هەندێک پشتیوانیی لێدەکەن و هەندێکیش بە گومان و هەندێ جاریش بە کەمگرتن و لاقرتێوە قسەی جۆراوجۆری لەبارەوە دەکەن. کەسانی وا هەن دەڵێن بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو موزایەدە ئەو بابەتەیان جووڵاندووە، دەیانەوێ گیروگرفتە سیاسییەکان و قەیرانی ئابووریی کوردستانی لەژێردا بشارنەوە و لەبیری خەڵکی کوردستانیان ببەنەوە. لەولاشەوە کاک مەسعود و هەموو ئەو کەس و لایەنانەی کە باوەڕیان بە مافی سەربەستیی گەلەکەمانە لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیدا، بەردەوامن لە کار و زەمینەسازی و تەقەلا بۆ گەیاندنی گەلەکەمان بەو ئامانجە باش و پیرۆزە.

ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بووە و گرنگە، ئەو بیروڕا و هەڵوێستانەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و سەرکردە و تێکۆشەرەکانیەتی لەمەڕ ئەو بابەتە، ئەگینا هۆکار و مەبەستەکانی لایەنەکانی تری ناوخۆ و دەرەکی ڕۆشنە، زۆر خۆماندووکردنی ناوێت و کاری منیش نییە ڕەخنەیان لێبگرم و ڕاستی و چەوتیی بۆچوونەکانیان روونبکەمەوە.

یەکێتی و سەرکردە ناودارەکەی (مام جەلال) هەمیشە باش و قووڵ لە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان، لەسەروو هەوشیانەوە مافی چارەی خۆنووسین گەیشتوون و یەکێک لە بنەما و ئامانجە بەرزەکانی دامەزراندن و گەشەکردنی یەکێتی نیشتمانی و هەڤاڵ مام جەلال بووە. بۆیە لەلام سەیر بوو کە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوار بدات لایەنێکی تر بەرامبەر ئەو ئەرک و ئامانجە گەورەیە و ڕەوایی پرسی ریفراندۆم و مەسەلەی سەربەخۆیی گەلەکەمان پێش ئەوان بکەوێت. یاخود ڕێگە بە هەندێ کادر و تێکۆشەری خۆی بدات لە ئاستی ئەو پرس و ئامانجە بەرزەدا زمانیان تەتەڵە بکات و لە مینبەر و خانەی لێپرسراوەکانی نەتەوەی سەردەستی عێراقەوە، لەبەغداوە ئەو پرسە شرۆڤە بکەن و لەمەڕ ڕەوایی یا ناڕەوایی هەنگاوەکانییەوە قسە بکەن.

من لە نزیکەوە و زۆر دەمێکە ئاگاداری بیروڕاکانی هەڤاڵ مامجەلال و خەباتە بێوچانەکەیم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئاگاداری تەقەلاکانی بووم کاتی دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕۆژگارەکانی خەباتی ڕەنجدەرانی کوردستان و ناکۆکییەکانی نێوان ئاراستەی عێراقچێتی و کوردستانیبوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و سەربەستیی گەلەکەمان لە بڕیاردانی مافی چارەنووس و پرسی سەربەخۆیی، مەسەلەی نەتەوایەتی و گرنگیدانی مامجەلال بەو پرسە پیرۆزە، کاری گەیاندە ئەو ئاستە کە ڕەخنەی توند لە هاوڕێی نزیکی خۆی، لە شەهیدی نەمر شەهابی شێخ نووری بگرێت و پێی بڵێت مەسەلەی نەتەوایەتی دەکات بە ژێر هەندێ تێزی چەپی ماوییەوە. هەر لەسەر ئەوەش کاتێ پێکەوە لە هەندەران بووین و من لەسەر گەڕانەوە بووم بۆ کوردستان، داوای لێکردم کە کارێکی وا بکەین کاکە شەهاب بێت بۆ لای بۆ هەندەران و بوار نەدرێت مەسەلەی نەتەوایەتی و مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان بکەوێتە ژێر زەبری تێزی سێ جیهان و هەندێ بۆچوونی بانچەپی ماوییەکانەوە.

جا چۆن دەکرێ شاهیدی ڕاستییەکی زۆری هەڤاڵ مامجەلال بم لەسەر ئەو پرسە گرنگەی سەربەخۆیی و بێدەنگ بم؟

## مام جەلال و پرسی سەربەخۆیی

لە کۆنەوە لەناو پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا ناوبەناو ئاراستەیەک سەری هەڵدەدا، بە تایبەتی سەردەمەکانی باڵادەستیی خوالێخۆشبوو هەمزە عەبدوڵڵا لەناو حیزبدا.. ئەوە مامجەلال بوو کە هۆشیارانە بە مشتومڕ، بە وتار، بە گژ ئەو ئاراستەیەدا دەچووەوە، تەنانەت لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکاندا زنجیرەیەک وانەی بە دەورەیەکی کادیرانی پارتی دا بەشێکی زۆری بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو ئاراستەیە و پێداگرتنی بوو لەسەر مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و لەسەروو هەموویەوە مافی بڕیاردانی چارەنووس.

ساڵی 1964 کۆنگرەیەکی حیزبە سۆسیالیستە عەرەبییەکان لە جەزائیر بەسترا کە مامجەلال تیایدا ئامادە بوو. خۆی دەمێک بوو لە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان بە گلەیی بوو. لای وابوو کە ڕەگێکی شۆڤینستیی عەرەبی هێندە کاریگەرە لە ختوکەدانیاندا، وای لێکردوون لە ئاستی نەتەوە بندەستە چەوساوەکانی ناو وڵاتانی عەرەبیدا جیاوازییەکی گەورەیان نەبێ لەگەڵ شۆڤێنیستەکان. بۆیە لەو کۆنگرەیەدا بە لێکۆڵینەوەیەکی بەپێز کەوتە گیانی ئەو دەمارگرژییە شۆڤێنیستییەی ناسیونالیستە عەرەبییەکان و وتارەکەی بە ناونیشانی (سۆسیالیزم، سۆسیالیستە عەرەبەکان و مەسەلەی کورد) بوو.

لەو شوێنەشدا کە ژمارەیەکی زۆر لەو ئاراستە و ڕێکخراو و بزووتنەوە و حیزب و کەسایەتییە کاریگەر و ناسراوانەی عەرەب ئامادەی بوون، بە ئاستێکی بەرزی هەستکردن بە ئەرکی سەرشانی خۆی، بە شێوەیەکی زانستی و بوێرانە هەڵەو چەوتییەکانی چەپ و سۆسیالیستە عەرەبەکانی خستەڕوو، ڕەوایی مەسەلەی کورد و (مافی چارەی خۆنووسینی) کوردی لە هەموو ئامادەبووان گەیاند.

ئەو پلارەشی تێگرتن کە سۆسیالیستە عەرەبەکان هەوڵ دەدەن بەرامبەر هەموو گەلان و نەتەوەکانی جیهان سۆسیالیست و مێشک کراوە بن، کەچی لە ئاستی نەتەوەکانی بندەستی عەرەبدا، مافی بڕیاردانی چارەنووسیان پێ ڕەوا نابینن.

لەناو کۆمەڵەدا (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)، مامجەلال چەندین جار وتاری نووسیوە و داکۆکی لە مافی کورد کردووە کە بەسەربەستی بۆی هەبێ بڕیار لە چارەنووسی خۆی بە مافی سەربەخۆیی و جیابوونەوەشەوە بدا.

ئەو کاتانەش کە لە شاخ مشتومڕ لەگەڵ هەندێ لە سەرکردە کۆمۆنیستەکاندا بەرپا بوو، لەبەرامبەر ساڵح دوگلەدا وەک شێر ڕاپەڕی. نەک هەر بە دەنگی بڵند مافی بڕیاردانی چارەنووسی وەکو هەقی ڕەوای کورد سەلماند، بەڵکو بوێرانەش بە هەموو لایەکی گوت: یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناترسێ لەو تۆمەتەی کە پێی بڵێن جوداخواز و مافی جیابوونەوە و سەربەخۆیی گەلەکەمان بە کارێکی ڕەوا دەزانێ. هەموو ئەوانەش بە ستەمکار و شەڕیکی داگیرکەر دەزانێ کە ئەو مافە بە گەلەکەمان ڕەوا نابینن و لێی زەوت دەکەن. مامجەلال لە وەڵامی ئەو جۆرە کەسانە و ساڵح دوگلەدا چەندین وتاری نووسی و پاشان لە کتێبێکدا بە زمانی عەرەبی بڵاوکرایەوە، هێندەش کاری لەسەر ئەو مافە دەکرد کە خودی مامجەلال زاراوە و ڕستەی "مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی" کورت کردەوە و کردییە (مافی چارەی خۆنووسین)ی گەلان.

بەر لە نەخۆشییەکەی مامجەلال بە دوو ساڵ، ڕۆژێک چوومە لای و لەوبارەیەوە قسەم لەگەڵ کرد. گوتم ئێستا کورد وەزعی باشە، نەوت، خۆی دەریدەهێنێ، لە هەموو کات ناسراوترە و تووانای جووڵەشی زۆرترە. داگیرکەرانیش گۆڕانکاری بەسەر هێز و توانا و هاوپەیمانییەکانیاندا هاتووە. سوریا، عێراق و ئێران و تورکیا جاران زۆر بەهێزتر و بەتواناتر بوون و کوردیان بە تەواوی لە مەنگەنە دەدا و دەرفەتیان پێ نەدەدا لە مافی کولتووری زیاتر بڕوات. ئێستا گۆڕانکاریی گەورە بەسەر هێز و تواناکانیان، بەسەر بەرژەوەندییەکانیان، بەسەر تێگەیشتن و بۆچوونەکانیاندا هاتووە، گۆڕانکاریی گەورەش بەسەر وەزعی نێودەوڵەتی و هاوکێشەکاندا هاتووە، تاقیکردنەوەکانی کوردیش لەو قەوارەیەی عێراقدا ئەو ڕاستییەی ساخ کردووەتەوە و بە زەقی بۆ هەموو لایەکی سەلماندووە کە قەوارەی عێراق بۆ کورد زنجیرەیەکی بێ کۆتایی چەوساندنەوە و زەوتکردنی ماف و ئازادییەکانی بووە، کارەسات و جینۆساید و گۆڕینی واقیعی جوگرافیی کوردستان و بەعەرەبکردنی ناوچە گرنگەکانی بووە. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش کورد زۆرتر ناسراوە و وەزعی لە جاران باشترە، ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتووە ئێمە کاراتر کار بۆ سەربەخۆیی بکەین؟

لە وەڵامدا گوتی: میللەتانی ئەم ناوچەیە هەموو بوون بە خاوەنی دەوڵەت، عەرەب خۆی ئەو مافە بە کورد ڕەوا نابینێ کە زیاتر لە 23 دەوڵەتی هەیە. ئێرانیش خۆی دەهاوێتە مەسەلەی سەربەخۆیی بۆسنە و سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ، کەچی کەسیان گوێ لە دەنگی کورد ناگرن. ڕاستە ئێستا کاتی هیممەت و جووڵانە، بەڵام ئێستا من سەرکۆماری عێراقم، لەبەردەمی هەموو عێراقدا بەڵێنم داوە و سوێندم خواردووە کە یەکێتیی عێراق بپارێزم، ئێستا دەسپێشخەری بۆ وەزعی من نابێت، ئەوەی بۆ کاک مەسعود، وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەلوێ، بۆ من ناگونجێ، ئەوەی ئەو دەیکا باشە، ئێوەش بە وتار و لێدوان دەتوانن زەمینەکەی لای عەرەب سازتر بکەن. مامجەلال دەیگوت ئەم کارە تەقەلایەکی زۆری سیاسی و دیبلۆماسیی دەوێ، نابێت بگاتە شەڕ، دەبێ زمانی دیالۆگ و کارکردن لەسەر ڕاستییەکان و پەیمان و بڕیارە نێودەوڵەتییەکان لەمەڕ مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین و گەرمکردنی پەیوەندییەکان و گەشەپێدانیان بکرێتە ڕێڕەوەکەی.

## بارزانی و پرسی سەربەخۆیی

ئەگەرچی پارتی لە بەرنامە سیاسییەکەیدا مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردستانی فەرامۆش نەکردووە، بەڵام کاک مەسعود بارزانی، لە کانوونی یەکەمی 2010دا و لە کۆنگرەی پارتیدا بە ئامادەبوونی سەرانی عێراق بە ئاشکرا داوای مافی بڕیاردانی چارەنووسی خستە ناو گوتارەکەیەوە، لەوکاتەوە بە شێنەیی لەناو پارتی و لەناو کۆمەڵگەی کوردستانیشدا کەوتووەتە کار بۆ بەدیهێنانی ئەو مافە. ئێستاش بە گەرمی خەریکی زەمینەخۆشکردنە بۆ هەردوو پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی. کاک مەسعود خۆی ڕاستەوخۆ، یاخود بەهۆی هاوڕێ و یاوەر و شاندەکانییەوە، بە ڕاشکاوی ئەو دوو پرسەی لەگەڵ حیزبە عێراقییەکان و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان، بە ئەوروپا، ئەمریکا و ڕووسیاشەوە تاوتوێ کردووە. وەرامی بەجێ و واقیعیشیان دەستکەوتووە (لەسەر پرسی ریفراندۆم لە هیچ وڵاتێکەوە وەرامێکی نەرێنی نەهاتووە، هەروەها بیروڕای ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی سیاسی و هۆز و خێڵە عەرەبەکان و تورکمانی لە نزیکەوە وەرگرتووە و بەردەوام کاریان لەسەر دەکات، دەستەیەکیشی ڕاسپاردووە کە زۆرتر وردەکارییەکانی هەنگاوەکانی باس بکەن. چەند جارێک چوومەتە سەردانی و هەوڵمداوە لە بەرنامە و نەخشەڕێگای پرۆژەکە بگەم. لە ئەنجامدا لەوە تێگەیشتووم کە کاک مەسعود لە بیر و لێکدانەوە و کردارەکانیدا بە هێمنی و لەسەرخۆ هەنگاوی بۆ دەنێت و هیچ پەلەپەل و مەرامێکی تاکتیکی لە مەبەست و بۆچوونەکانیدا نییە، خاکی و لەسەرخۆ داوای هاوکاری و سەرخستنی پرۆژەکە لە هاوڕێ و دۆستەکانی، تەنانەت لە عێراق و لە وڵاتان دەکات. حەزیش دەکات بتوانێت لە تەمەن و خەباتی سیاسیی خۆیدا ڕۆڵێکی کاریگەر لە سەرخستنی ئەو پرۆژەیە و گەیشتنی گەلی کوردستان بە ئامانجی پیرۆزی بنوێنێ. بەرنامەشی وایە بە ڕێگەی دیالۆگ و دانوستاندن و بە زمانی ڕەوا و بەعەقڵی کراوە لەگەڵ هەموو لایەک خەباتی بۆ بکات و بەوپەڕی تواناوە هەوڵ دەدات شەڕ و کێشەی گەورەی لەسەر ساز نەکرێ.

لەوە تێگەیشتووم کە بارزانی بە هێمنی هەنگاو بۆ سەربەخۆیی دەنێت و هیچ مەرامێکی تاکتیکی لە مەبەستەکانیدا نییە

گرنگیدانی مامجەلال بە پرسی نەتەوەیی کاری گەیاندە ئەوەی کە ڕەخنەی توند لە هاوڕێی نزیکی خۆی، شەهید شەهابی شێخ نووری بگرێت

## مافی بڕیاردانی چارەنووس

مافی بڕیاردان لە چارەنووس مافی گەلانی ژێر دەستەیە و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و وڵاتانی جیهان و بیرمەندان و ناودارەکانی پاراستنی ئاشتی و برایەتیی گەلان هەموویان ئەو مافە ڕەوایەیان بۆ گەلانی چەوساوە و ژێر دەستە سەلماندووە.

سەرەتا و پاش کەڵەکەبوونی ئەزموونی شەڕی ناوخۆی ئەمریکا و لووت ژەنینی وڵاتانی ئینگلیز و فەرەنسا و ئیسپانیا و پورتوگال و هەندێ لە وڵاتانی تر لە ئەمریکای باکوور و باشوور، ئینجا پاش هاتنەسەرکاری ناپلیۆن بوناپارت و داگیرکردنی ئیسپانیا و پورتوگال، وڵاتانی ئەمریکای باشوور کە ژێردەستەی ئەوان بوون، لە دەستی ئیستیعمار سەرفراز بوون. کەچی بەلاچوونی ناپلیۆن و گەڕانەوەی پاشایەتی بۆ ئیمپراتۆریەتی فەرەنسای ئەو دەمە، جارێکی دی زۆر و ستەمی ئەو وڵاتە ئیستیعماریانە لە خواروی ئەمریکا سەریان هەڵدایەوە. ئارامیی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی کەوتنە بەر زەبری دەستێوەردانی وڵاتانی: فەرەنسا، ئیسپانیا و ڕووسیا. لە ئەنجامدا و لە ساڵی 1823، پێنجەمین سەرۆکی ئەمریکا (جێمس مۆنرۆ) پرەنسیپێکی بە نامەیەک نارد بۆ کۆنگرێس کە زامنی سەربەخۆیی وڵاتانی ئەمریکای باشوور بێت و ڕێگر بێت لە دەستێوەردانی وڵاتانی ئەوروپی لە مەسەلەی بڕیاردانی چارەنووسی وڵاتانی هەردوو ئەمریکا. ئەو پرەنسیپەش بەو جۆرە ڕاگەیەنرا کە هەموو تەقەلایەک بۆ دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ئەمریکای باکوور و ئەمریکای باشوور بە کارێکی دوژمنکارانە دەژمێردرێ. ئەو پرەنسیپە بە پرەنسیپی مۆنرۆ ناسرا و سەرۆکەکانی تری ئەمریکا پاراستنی ئەو پرەنسیپەیان کردە ئەرکی خۆیان. جارێکی تریش (ودرۆ ویلسن) سەرۆکی ئەمریکا پاش یەکەمین جەنگی جیهانی لە ڕێککەوتنی (ڤێرسای) لە ساڵی 1918، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ لە جێگەی ئیمپراتۆریەتەکانی (نەمسا و هەنگاریا و ئەڵمانیا) زاراوە و پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووسی بۆ گەلان هێنایە ئاراوە کە لەڕاستیدا بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی ئەوروپا بوو بەسەر ئاسیا و ئەفریقادا، بۆ قەلاچۆکردنی کۆلۆنیالیزم بڕیار درا و لە ساڵی 1919 خرایە بەڵگەکانی (کۆمەڵەی گەلان)ـەوە.

لە ڕۆژگاری شۆڕشی ئۆکتۆبەریشدا لە ڕووسیا، بەر لە شۆڕش و دوای ئەویش سۆسیالیستەکانی ئەوروپا بەتێروتەسەلی لەبارەی چەوسانەوەی گەلان و پێویستیی دەربازبوونیان لە چەوسانەوە، نووسین و تێز و بۆچوون و بڕیاری زۆریان لەمەڕ مافی چارەی خۆنووسینی گەلانەوە بڵاوکردەوە.

بەڵام ئەو سەرەتا و مافەی گەلان نەیتوانی هێزێکی یاسایی نێودەوڵەتیی کاریگەر پەیدا بکات تا لە بەڵگەنامەی (کۆمەڵەی گەلان) دا لە حوزەیرانی 1946 ئیمزا کرا، ئەم پرەنسیپە بۆ ئەو شوێنە جوگرافییە کە دانیشتووانەکەی زمانی هاوبەش و کولتووری هاوبەشیان هەیە و لەژێر باری چەوسانەوە و داگیرکردندا کە پێویستە مافی ئەوەیان هەبێ بە سەربەستی و بەڕای زۆربەیان و بێ دەستێوەردانی دەرەکی، چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، واتە بەپێی سەرەتاکانی یاسای نێودەوڵەتی شێوەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی و دامەزراوە نیشتمانییەکانی خۆیان هەڵبژێرن و بڕیاری لێ بدەن، ئەو مافە جیابوونەوە و سەربەخۆیی تەواویش دەگرێتەوە. بڕگەی یەکەمی بەندی یەکی (میساق)ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ: هەموو گەلانی جیهان مافی بڕیاردانیان لە چارەنووسی خۆیان هەیە: بڕیار لە کیانی سیاسیی خۆیان بدەن و بە ئازادی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیان جێبەجێ بکەن. دوابەدوای ئەو بەڵگەنامەیەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، چەند جارێکی تر بەڵگە و پەیمانی نێودەوڵەتی ڕاگەیێنراوە و ئەو پرەنسیپەی مافی چارەنووسی دووپات کردووەتەوە. لەوانە: ڕێسای نێودەوڵەتیی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی ساڵی 1966. پرۆتۆکۆڵی ڕێسای مافەکانی سیاسی و مەدەنی ساڵی 1977 کە میکانیزمی شوێنکەوتنی مافی چارەی خۆنووسین دیاری دەکات. دانپێدانان و پشتیوانیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان بە سەربەستی لەلایەن خۆیانەوە گەیشتە ڕادەیەک کە لە بڕیاری ژمارە 2787ی ساڵی 1971دا خەباتی چەکداریی گەلانیش لەپێناوی بەدیهێنانی ئەو مافە، بە کارێکی ڕەوا لە قەڵەم بدا، تەنانەت دادگای دادی نێودەوڵەتیش لە چەندین کێشەی گەلانی ڕزگاریخوازدا لە نامیبیا و تیمۆری ڕۆژهەڵات و گەلانی یوگوسلاڤیا، بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەمەڕ مافی بڕیاردانی چارەنووس بە بڕیارێکی لەو جۆرە دانا کە نەتوانرێ نکۆڵی لە جێبەجێکردنی بکرێت.

## کاکڵەی (مافی بڕیاردانی گەلان لە چارەنووسی خۆیان)

ئەو بڕیارەی کۆمەڵی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکەی، سەرەتا و پرەنسیپێکی جوان و مرۆڤپەروەرانەیە، بۆ هێنانەدی جۆرێ لە وەکیەکیی گەلان و ڕەخساندنی دەرفەتی گونجاو بۆ گەشەکردنی گەلانی چەوساوە و پاشکەوتوو و بندەست و بۆ قەلاچۆکردنی کۆلۆنیالیزم و تاڵانکردنی وڵاتان و گەلانی داگیرکراو. ئەگەرچی یاسای نێودەوڵەتی و هەموو بڕیار و یاسا و ڕێساکانی نێودەوڵەتی و دامەزراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگای دادی نێودەوڵەتی هەموویان بڕیاری مافی چارەی خۆنووسینی گەلان بە مافێکی ئەوتۆی سروشتیی گەلان دادەنێن کە بۆ نکۆڵیکردن ناشێ، کەچی لە گەلێ شوێنی جیهاندا زەبروزەنگی هێز و زۆرەملێ ڕێی لە جێبەجێکردنی ئەو مافە گرتووە. توانا و هێزی زۆرداری لە یاسا و ڕێسای نێودەوڵەتی بەهێزتر بووە. زلهێزەکان و دەستڕۆیشتووەکانی دونیا کەڵەگاییان بەسەر ئەو پرەنسیپ و بڕیارەوە کردووە و بواریان نەداوە هەندێ گەلی بندەست سەربەخۆیی وەربگرن.

زۆر لە تیۆریزان و بیرمەند و سیاسەتمەدارانی نەتەوە سەردەستەکانیش بۆ هێشتنەوەی گەلانی ژێردەست و زۆرلێکراو لە چوارچێوەی دەسەڵات و قەڵەمڕەوی نەتەوەکانی خۆیاندا، بە لێکدانەوە و بیانووی جۆراوجۆر کۆسپیان لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەو مافە و ڕەوتی سەربەخۆیی گەلانی ژێردەست ساز کردووە. دەمێ گوتوویانە ئەوە دەبێتە هۆی پارچەپارچەبوونی دەوڵەتان! وەکو بڕیار بێت ئەو نەتەوە سەردەستانە لەسەر حیسابی سەربەستی و مافی سروشتیی گەلانی تر دەوڵەتی زلهێز و پان و بەرین دروست بکەن و بیپارێزن. هەندێ لەوانە دەیانگوت بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتانە پارچە پارچە نەکرێن، لە هەمانکاتیشدا مافی گەلان نەخورێ، دەبێت سیاسەتمەدار و ڕووناکبیرانی نەتەوەی سەردەست مافی گەلانی ژێر دەستەی خۆیان بە هەند بگرن و مافی جیابوونەوە و سەربەخۆبوونیان بسەلمێنن و بە ئاشکرا ئەو ڕاستییە ڕابگەیەنن، ئەوانەی نەتەوەی ژێر دەستیش پشتیوانی لە یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی گەلەکانیان بکەن و کاری بۆ بکەن. لەڕاستیدا و لە ئەنجامدا ئەو تێزە هەر هێشتنەوەی گەلانی ژێردەستە دەگەیەنێ و بە بندەستی دەیانهێڵێتەوە، ئەوە هەر قسەیە و قسەی خۆش بۆ درێژەپێدانی چەوسانەوە و ناچارکردنی گەلان کە دەست لە مافی سەربەخۆبوونی خۆیان بە قازانجی نەتەوەی سەردەست، هەڵگرن.

هەندێکی تر، مافی بڕیاردانی گەلان لە چارەنووسیان و پەیوەندی لە نێوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی ژێردەستی یەک دەوڵەت وەکو (مافی تەڵاق) ی ژن و مێرد لەقەڵەم دەدەن، واتە ژن یان مێرد بۆیان هەیە تەڵاق وەربگرن، بەڵام باش وایە بۆ خێر و خۆشیی هەردوو لایان و خێزانەکانیان ئەو مافە بەکارنەهێنن و لە یەکتر جیانەبنەوە، تەنانەت یەکێک لە دۆستە دێرینە عەرەبەکانمان لە وەرامی پرسیارێکدا لەسەر مافی چارەنووسی کورد وەرامەکەی ئەوە بوو کە: کەس لە ڕۆژانی مانگی هەنگویندا لە هاوسەرەکەی دەپرسێت ئاخۆ بیروڕای چییە لەسەر مافی ئازادیی تەڵاق؟

برا سیاسەتمەدارە عێراقیەکانمان زۆر ئەم باسەمان بە گوێدا دەدەن.

## هەلومەرجی گونجاو

جاران کە کورد لەژێر باری چەوسانەوە و زۆری ناو قەوارەی عێراقدا داوای مافە ڕەواکانی خۆی دەکرد و بە ئاگر و ئاسن و وێرانکردن وەرامی دەدرایەوە، دیکتاتۆرێکی بەهێزی وەکو سەدام حوسێن بە یەک ملیۆن و سێسەد هەزار چەکدار و بە تفاق و کەرەسەی جەنگیی زۆر و بە تەکنەلۆجیای جەنگیی پێشکەوتوو، بە ئابوورییەکی بە توانا و بە یارمەتی دارایی دەرەکی و پشتیوانیی سیاسی و دیپلۆماسی بەهێزی عەرەبی و نێودەوڵەتی تەقەلای بێدەنگکردنی دەدا. تا ڕادەیەکیش کاری خراپی کردبووە سەر ڕای گشتی و شەقامی ناوچە عەرەبییەکانی عێراق دژی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان. جاران سوریا ڕژێمێکی بەعسی تا ڕادەیەک بەهێز بوو، جاروبار بە هێزی سەربازی و بۆ سەرکوتکردنی کورد بە هانای دەوڵەتی عێراقەوە دەهات (ئێستاش پەیکەری تێکشکاوی دەبابەکانی لای ئاغجەلەر کەوتوون)، ناوبەناویش باسی یەکگرتنی سیاسی و هەمەلایەنەی لەگەڵ عێراق دەکرد.

جاران ئێرانی شا و ساواک خاوەنی هێزێکی سەربازیی زەبەلاح بوو (لافی پێنجەمین هێزی جیهانی لێدەدا)، ئێرانی هاوپەیمانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا، ڕژێمی ڕووخێنەری کۆماری کوردستان لە مهاباد و ڕژێمی پیلانی جەزائیر و نسکۆی شۆڕشی کورد، هەڕەشەیەکی گەورە بوو لە دەنگی کورد و مافە ڕەواکانی.

مام جەلال گوتی ئەوەی بۆ کاک مەسعود، وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەلوێ، بۆ من ناگونجێ

جاران تورکیای کەمالی، تا بینەقاقا شۆڤێنیست، بە هەموو تواناوە هاوکاری ئێران و عێراق و سووریا بوو بۆ لەناوبردنی کورد. دەوڵەتێکی بێباک لە کورد و لە مافی ڕەوای گەلان. وڵاتانی عەرەبیش زۆربەیان هاوکار و هەندێ جاریش هاوسەنگەری ڕژێمی عێراق بوون و ئاوڕیان لە کورد نەدەدایەوە.

وەزعی نێودەوڵەتیش لە قازانجی ڕژێمی عێراق و بە زیانی داخوازییە ڕەواکانی کورد و بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ڕژێمی عێراق بوو. ئەمریکا و ڕووسیاش کەی پێویست بووایە کورد و مافەکانیان دەکردە قوربانیی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق. کۆمپانیاکانی ئەوروپاش چەکی کیمیایی و کەرەسەکانی دژ بە ویستی کوردیان بە عێراق دەفرۆشت و کارەساتی وەکو هەڵەبجە و ئەنفالی لێ دەکەوتەوە.

بەڵام هەلومەرجی ئێستای ناوچەیی و عەرەبی و نێودەوڵەتی گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە: دەوڵەتی عێراق ئەو هێزە بە زەبر و زەنگەی جاران نەماوە. سوپای عێراق کە بە ژمارە کەمە و بە تەکنۆلۆجیا زۆر هەژارترە، تازە مەشقی پێ دەکرێت و ئەوەش لە شەڕی داعشدا زیانی زۆری بەرکەوتووە. یەک هێز لە عێراقدا و یەک دیکتاتۆر حوکم ناکا، شەڕ و ململانێی دەسەڵات لەناویاندا لاوازتری کردوون و هێزی پێ نەبەخشیون، ململانێی نێوان هێزەکانی سوننە و شیعە تادێت قەبەتر دەبێت، حکومەت بێ بەهرەو بێ توانا ڕووی کردووەتە جەماوەرێکی فراوانی تووڕە لە هەموو شارەکانی عێراقدا، بە نەزانی و سەرلێشێواوی تواناکانی عێراق بە فیڕۆ دەدات لە گەندەڵی و کێشەی ئاسایش و ئارامیدا و وەزعێکی ئابووریی خراپی لێ کەوتووەتەوە. عێراق پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبستان و کەنداو و میسردا خراپە. لەگەڵ زۆر وڵاتی ڕۆژئاواشدا دەکەوێتە ژێر زەبری هاوپەیمانیی عێراق لەگەڵ ئێراندا. لە هەموو ئەوانە زیاتر ئێستا بەشێکی فراوانی عەرەب لە ڕەوایی مافەکانی کورد دەگەن و زەمینەیەکی باشتر لە جاران لەئارادایە.

ئێرانی شا و ساواک لەناوچوو، ئێستا لەبەر شەپۆلی گۆڕانکاریی هاوکێشەکان و لەڕووی گرفتە زۆرەکان و لە گەشەکردنی تێگەیشتنەکاندا بەرامبەر کێشە و دەنگی ڕەوای کورد لە جاران نەرمترە. ئێران کێشەی زۆری هەیە لە یەمەن، سووریا، لوبنان و عێراق. کێشەی لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپادا هەیە. لەبەرامبەر ئاراستە و ئیدارەی ترامپ لە بەردەم گەمارۆدان و گرفتی گەورەدایە. کێشەی ئابووریی گەورەی هەیە، جاران حەوت تمەن یەک دۆلار بوو، ئێستا 3450 تمەن یەک دۆلارە. ئێران کێشەی ناوخۆی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنێکی گەورەدا هەیە کە دەیان هەزار سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران، وەزیر، سەرۆکی پەرلەمان، پیاوی ئایینی گەورە، زانا و پسپۆڕی ناودار و نووسەر و هونەرمەند و مامۆستای زانکۆ و خوێندکاری لەگەڵە. ئەو ئێرانە چەند جارێ لە مەینەتییەکانی کورددا نیازی هاوکاریی باشی نواندووە. ئێستاش ئاڵوگۆڕی بازرگانیی گەورە لە نێوان هەرێم و ئێراندا هەیە و سەدان کۆمپانیا و پرۆژەی ئابووریی ئێرانی دەتوانن بەرژەوەندی ئابووریی هاوبەش بۆ پێشەوە بەرن.

ئێستا ئێران هێندە دەستی بەتاڵ نییە کێشەی تر و ململانێی تر بۆ خۆی پەیدا بکات. ناتوانێ و نایەوێ خۆی سەرقاڵی دوژمنایەتیی کورد و داوا ڕەواکانی بکات.

دەوڵەتی سووریا، داری بەسەر بەردییەوە نەماوە، جاران ناسنامەی بە کورد نەدەدا ئێستا لە خوای دەوێ کوردی لێ ڕازی بێت. هێزێکی زۆری عەرەبی و ناوچەیی و ڕۆژئاوایی لووتیان تێژەنیوە تا بە ئاستێکی خراپتریشی بگەیەنن. بۆیە لە توانایدا نەماوە هێزێک بێت بۆ دوژمنایەتی کورد و مافەکانی.

تورکیا سەرەڕای ئەوەی کە دووچاری کێشەی زۆر هاتووە لە سوریا و عێراق و لە ناوخۆدا و لە هەندێ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا، تێگەیشتنیشی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. جاران ناوی کورد و کوردستان لەوێ قەدەغە بوو، کەچی ئێستا ئاڵای کوردستان بۆ پێشوازی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دادەنێ و باس لە پرۆسەی ئاشتی و ڕازیکردنی کوردی باکوور دەکا. تورکیا پێویستی زۆری بە نەوت و غازە، ئێمەش نەوت و غازمان هەیە و سەدان کۆمپانیای تورکیا لە هەرێمی کوردستاندا بەرژەوەندییان پەیدا کردووە. ئێستا لەگەڵ تورکیا بەرژەوەندیی هاوبەش گەشە دەکات. بەرژەوەندی ئابووریی گرنگیش بوار ناهێڵێتەوە بۆئەوەی حکومەتی تورکیا دوژمنایەتی هەرێمی کوردستان و داخوازییە ڕەواکانی بکات.

ئەمڕۆ دۆزی کورد ڕێزێکی باشی هەیە، هەرێمی کوردستان پێگەیەکی باشی نێودەوڵەتی و عەرەبی و ناوچەیی هەیە. لەبەردەمی قەبەبوونی مەترسی تیرۆری نێودەوڵەتی و سەرهەڵدانی مەترسییەکانی داعش بۆ سەر ئاسایش و ئارامیی ئەوروپا و هەموو جیهان، کورد توانی ڕۆڵێکی کاریگەر بنوێنێ و هەرێمی کوردستان وەک هێزێکی پۆزەتیڤ بۆ ئارامی ناوچەکە و بەها مرۆییەکان دەربکەوێ.

ئەمڕۆ هەلێکی لەبارە بۆ بیرکردنەوە و هەنگاونان بۆ سەربەخۆیی کە دەبێ بە ریفراندۆم دەستپێبکات. دیارە دەبێت باش بزانین ناوچەکە و جیهان هەمیشە لە گۆڕانی بەردەوامدان، گۆڕانەکان هەمیشە باش و لەبار نابن، هەندێ جار ڕوو لە خراپبوون و تێکچوونی هەلومەرجە لەبارەکەی ئەمڕۆ دەبزوێن. تەواوبوونی شەڕی داعش لە مووسڵ و لە حەویجە ئەنجامێکی گرنگە و شوێنەواری نوێ و چاوەڕواننەکراو دەخاتەوە، ئەگەری خراپیشی زۆرە بۆیە دەبێت زۆر ژیرانە، بێ ئەوەی کاتەکە بەفیڕۆ بدەین، هەنگاوی گشتپرسی جێبەجێ بکرێت. ناشێ و نابێت بۆ هیچ مەبەستێک و بەهیچ جۆرە بەهانەیەک کات لەدەست بدەین و خۆمان دوابخەین. هەر کەس و لایەنێک چەندە داوا حیزبییەکانیشی ڕەوابێت، ناشێ و نابێ کۆسپ ساز بکات و کاتەکە بەفیڕۆ بدات.

***فەرەیدوون عەبدولقادر یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بووە.**



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# بەرژەوەندیی دەوڵەتان لە دەوڵەتی کوردستان

تورکەکان قسەیەکی بەربڵاویان هەیە دەڵێن: "خۆزگەمان بە عەقڵی کورد لە دوای ڕووداوەکان". ئەمە ئەگەر بە دیوێکدا ئاماژە بێت بۆ توانای کورد لە لێکدانەوە و شەنوکەوکردنی ڕووداوەکان، بەدیوێکی تریدا بە جۆرێک وێنای کورد دەردەخات کە نە دەتوانن پێشتر درک بە پێشهاتەکان بکەن و نە لەکاتی ڕووداوەکانیش لێهاتوویی ئەوەیان هەیە مامەڵەی دروستی لەگەڵ بکەن، بەڵام کە ڕووداوەکە تێپەڕی، ئەوکات عەقڵێکی حەکیمانەیان هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی.

ئەگەر لەم گۆشەنیگایەوە تەماشایەکی مێژووی دوور و نزیکی میللەتەکەمان بکەین و بمانەوێ لەوە بکۆڵینەوە بۆچی گەل و نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە هەموویان بوون بە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان و بە تەنها کورد بەژێردەستەیی ماوەتەوە، دەیان وێستگەی مێژوویی دەبینین کە پێمانوایە دەرفەتی ئەوەی تێدا بووە کورد بەهۆیانەوە ببێتە خاوەن قەوارەیەکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی، بەڵام کە نەیتوانیوە بەو مافە بگات، بەدڵنیاییەوە هۆکارەکەی ئەوە بووە لە چرکەساتی دەرفەتەکاندا میر و سەردار و ڕابەرانی کورد درکیان بە بوونی دەرفەتێکی وا نەکردووە.

ئێستا لە هەلومەرجێکی گۆڕاودا پێچەوانەی ئەو مێژووەی کە هەمیشە ڕەخنەی دەکەین، بە درککردن بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری و پێشهاتی تازە لە ناوچەکە، چ لە ناوخۆ و چ لە ئاستی ناوەندەکانی توێژینەوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی کاریگەر لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتان، قسەوباسێکی گەرم لەسەر دەرفەت بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکرێت. لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان هەندێ ڕێکار گیراونەتەبەر بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی و هێزە سەرەکییەکانی کوردستان بەتایبەتی (پارتی و یەکێتی) هەنگاو بەو ئاراستەیە دەنێن کە کورد بتوانێ دوای کۆتایی شەڕی داعش بگاتە ئامانجی خۆی.

من نازانم ئەم هێزە سیاسیانەی سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان لەئاستی ئەو بەرپرسیارێتییەدا دەبن و دەتوانن کوردستان بگەیەننە کەناری ئارامی یاخود نا. نازانم هەموویان وەک ئەوەی کە هەیە دەرفەتەکان دەبینن، یاخود پاش ئەوەی بارودۆخەکە بەجۆرێکی تر پێچەوانە بووەوە، ئەوکات ئاخ بۆ لەدەستچوونی هەڵدەکێشن. ئەوەیان هەنگاوەکانی ئایندەی هێزە سیاسییەکان بەرچاومان ڕوونتر دەکاتەوە کە ئایا هەست بە دەرفەتەکان دەکەن؟ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نیشتمانی و نەتەوەیی زاڵیان دەکات بەسەر ئەم ناتەباییە سیاسی و ناکۆکیانەی نێوانیان، یاخود کێشەو گیروگرفتەکانی نێوانیان زاڵ دەکەن بەسەر ئەو هەل و دەرفەتانەی بۆ کورد ڕەخساون.

ئێستا کۆمەڵێک فاکتەری نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی یەکانگیر بوون و بەهۆیانەوە دۆخێک دروست بووە کە دەرفەتی ئەوەی تێدایە کورد بە ئاسانی بتوانێت دەوڵەتی کوردستان ڕابگەیەنێت. ئەوەی لە ڕابردوودا ڕێگر بووە لەوەی دەوڵەتی کوردستان دروستبێت، بەرژەوەندیی وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکانی دونیا بووە. ئێستا بارودۆخەکە پێچەوانە بووەتەوە، کۆمەڵێک فاکتەر و هاوکێشەی تازە جۆرێک لە بەرژەوەندیی هاوبەشی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دروستکردووە کە بەرژەوەندییان لەوەدایە دەوڵەتی کوردستان دروست بکرێت.

ئەمریکا و ڕووسیا وەک دوو هێزی کاریگەر لەسەر ئێستا و ئایندەی جیهان، پاش زیاتر لە چارەکە سەدەیەک لە شەڕی ساردی نێوان جەمسەرەکان، جارێکی تر خەریکی بەهێزکردنەوەی پێگە و هەژموونی خۆیانن لەم ناوچەیە و هەردوولایان بەدووی دۆست و هاوپەیمانی تازەدا دەگەڕێن، جیۆپۆلەتیکی کوردستان بۆ هاوکێشە و هاوسەنگیی ململانێکانی داهاتووی ناوچەکە بایەخێکی گەورەی دەبێت و هەردوولا دەیانەوێ ئەم جوگرافیایە ناسنامەیەکی نێودەوڵەتی هەبێت تا لە بەرژەوەندیی هێز و هەژموونی خۆیاندا بەکاری بەرن، بەتایبەت ئەمریکا پێویستی بە جوگرافیایەکی لەم شێوەیە هەیە.

تورک و فارس و عەرەب وەک سێ نەتەوەی سەردەستەی ناوچەکە کە بەدرێژایی مێژوویەکی درێژ کوردستانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردووە و هەریەکەیان داگیرکەرێکی بەشێک لە خاک و خەڵکی کوردستان بوون، ئێستا هەریەکە و بۆ ئامانجی خۆی بەرژەوەندییان لەوەدایە کوردستان سەربەخۆ بێت. خاڵی هاوبەشی ئێران و تورکیا لەوەدایە کە سیاسەتی نێودەوڵەتی دەرفەتی ئەوە نادات چوار دەوڵەتی کوردی دروستبێت، تەنها یەک دەوڵەت دروست دەبێت و دەوڵەتێکی گەورە و بەهێزیش نابێت، کەواتا بەرژەوەندیی تورکیا و ئێران لەوەدایە لە کوردستانی عێراق یان سووریا دەوڵەتی کوردستان دروست بکرێت کە لانیکەم لە ئێستاوە بۆ داهاتوویەکی دوور دەبێتە زامنی یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکانی ئەوان. تورکیا وەک وڵاتێکی بەکاربەری وزە ئومێدی زۆری لەسەر ئەوە هەڵچنیوە کە پێویستییەکانی لە وزەی کوردستان تێر بکات، ئەگەر بە نرخی نێودەوڵەتیش بیدرێتێ، بەهۆی نزیکی و ئاسانی لە گواستنەوەی، هەرزانتر دەگاتە دەستی، چجای ئەوەی بە چەند ڕێککەوتنێکی پێشوەختە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دڵنیایی زیاتری بۆ خۆی دەستەبەر کردووە. ئەم سەرچاوە سروشتیانەی لە جوگرافیای دەوڵەتی کوردستاندان، بۆ تورکیا لە دەستێکی ئەمینتردایە وەک لەوەی لای بەغدا یان دیمەشق بێت کە ئەوکات وەک کارتی گوشار لەدژی بەکاردەبرێن. هەروەها دوای ئەوەی هیلالی شیعی خەریکە بە ئەنجام دەگات، بۆ تورکیا زۆر گرنگە دەوڵەتی کوردستان ببێتە لەمپەر لەبەردەم هەژموونی شیعە، بەمەش لە ئەگەر و مەترسی بەریەککەوتن دووری دەخاتەوە.

ئێران چەندین سەدەیە چاوی لە دەرفەتێکە دەستی بگاتەوە بەخاک و مەزاری شیعەکان لە عێراق و ناسنامەی دەوڵەتەکە بگۆڕێت بۆ وڵاتێکی شیعەی عەرەبی، لە دوای ڕووخانی سەدام و کشانەوەی ئەمریکا، ئەو هەلەی بۆ ڕەخساوە و بە ئاسانی لەدەستی نادات، تەنها ڕێگرێک لەبەردەم گەیشتنی بەو ئامانجە، مانەوەی کوردە لە عێراقدا. دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لەسەر بەشە خاکی باشوور، لە بەرامبەردا ڕاستەوخۆ بە شیعەبوونی دەوڵەتی عێراق دەگەیەنێت، ئەمەش خواستی هاوبەشی عێراق و ئێرانە، لەهەمانکاتدا خزمەتە بەتەواوکردنی هیلالی شیعی.

ئەورووپا بەهۆی زیاتر لە سێ ئامانج بەرژەوەندییان لەوەدایە دەوڵەتی کوردستان دروست بێت. بەهۆی کرانەوەی جیهان بەڕووی یەکتری و تێکەڵبوونی کولتووره جیاوازەکان، تیرۆر دەرگاوانەکانی ئەورووپای بڕی و چووەتە نێو ماڵی ئەورووپییەکانەوە. تورکیا دیوارێکی شاش بوو، پێویستیان بە لەمپەری زیاتر هەیە لەبەردەم دیوار و سنوورەکانی ئەورووپا. بەتایبەتیش کاتێک لەشەڕی داعش بینییان کورد جەنگاوەری ئازا بوون لە شکاندنی ئەفسانەی داعش. یەکێکی تر لە مەترسییەکانی ئەورووپا کۆچی بەکۆمەڵی ئاوارەیە ڕووە و وڵاتەکانی ئەوان، لە سێ ساڵی ڕابردوودا بەهۆی جەنگی داعشەوە کەمتر لەو ژمارە ئاوارەیەی لە کوردستان داڵدە دراون، ڕوویان کردە ئەورووپا، ئەوەش بۆیان بووە بە کێشەیەکی ئاڵۆز. دەوڵەتی کوردستان لەڕووی مرۆییەوە ئەرکی زۆر لەکۆڵ ئەوان دەکاتەوە.

لەو دوو خاڵەش گرنگتر بۆ ئەورووپا، بوونی وزەیەکی زۆرە لە کوردستان، بەتایبەتی غازی سروشتی. ئەوان بەهۆی کێشەکانیان لەگەڵ ڕووسیا و ئێران، لەڕووی ستراتیژییەوە ئومێدیان لەسەر سەرچاوەی بەدیلە، کوردستان بۆ ئەوان ئەو بەدیلەیە کە ئاسان و هەرزانتر دەستیان پێی ڕادەگات.

مەرج نییە هیچکام لەم وڵاتانە ئەو خواست و بەرژەوەندیانە ڕابگەیەنن، بەڵام پێویستە کوردستان خۆی بەرچاو ڕوون بێت لەوەی لە دۆخێکی وەک ئێستادا دەوڵەتەکەی ئەم بەرژەوەندیانە دروست دەکات و ئەوەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕازیبوونیان و لە دوای ڕاگەیاندنیشی دڵنیایی و زامنی دانپێدانانە بە دەوڵەتی کوردستاندا.



ناسر باباخانی

# چەهچەهەی بولبول و شمشێری مەلا!

لەم وتارەدا هەوڵم داوە کارتێکەری سۆشیال میدیا لەسەر پرسی هەڵبژاردن تاوتوێ بکەم و بۆ ئەم مەبەستەش چەهچەهەی بولبولم وەک نمادی تویتەر بەگشتی بۆ سۆشیال مێدیای ئازادی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دیاری کردووە و، شمشێری مەلایانیش وەک هێمای دەسەڵاتی ئایینی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا!

سەرەتا پێویستە ئەوە بدرکێنم کە باسەکەم نایەوێ پرسی بەشداریکردن یان نەکردن لە هەڵبژاردن شرۆڤە بکا و وەک خۆم لەوەپێش ئەم هەڵبژاردنانەم وەک گەمە دەستنیشان کردووە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە تاقم و چینە شوێندانەرەکانی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە تا ئێستا دیاری بکەین. بە گشتی گرووپە کۆمەڵایەتییە شوێندانەرەکان لەسەر بیچمگرتنی بیروڕای گشتیی ئێران بریتین لە:

ڕێکخراوە و ئۆرگانەکان وەک: زانکۆکان، بازاڕ، مزگەوتەکان و...

چینە تایبەتەکان: ڕووناکبیران، نووسەران، هونەرمەندان و...

مێدیا سوننەتییەکان: ڕۆژنامە و گۆڤار و...

مێدیا ئامالْمۆدێرنەکان: تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: تێلیگرام، تویتەر، فەیسبووک، یوتیوب، ئینستاگرام و...

هەر کام لەمانە شوێندانەری تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشەوەچوونی زەمان، چوار گرووپی یەکەم لەهەمبەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەکی بەرچاو کارتێکەرییان دابەزیوە. هێنانەوەی نموونەیەک لە ململانێی ڕیفۆرمخوازەکان و بنئاژۆخوازەکانی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ نیشانمان بدا ئاستی پەرەگرتوویی و چوونیان بۆ ناو کۆمەڵانی خەڵک چۆناوچۆنە:

لە سەردەمی دەوڵەتی ئیسلاحاتی خاتەمیدا، تیراژی ڕۆژنامەی بەناوبانگی "شرق" 160 تا 170 هەزار نوسخە بوو لە ڕۆژێکدا و بە جۆرێ سەنگەری ڕاگەیاندنی ڕیفۆرمخوازەکان بوو بەرامبەر بە دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی کە پێگەی سوننەتی و سەرەکیی توندئاژۆکان بوو و زۆر بە باشی توانیبووی ڕای گشتی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و پاشەکشەیەکی سەیر بە دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی بکا. بەڵام هەر ئێستا تیراژی ئەم ڕۆژنامەیە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دابەزیوە و بووەتە 16 تا 17 هەزار دانە! ئەمە واتە کارتێکەری مێدیای سوننەتی وەک ڕۆژنامە لە سەت بۆ دە دابەزیوە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵک بە گشتی ڕوویان کردووەتە سۆشیال مێدیا و چاویان بڕیوەتە زاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ساتەوەختی ئێستادا لەسەر ڕای گشتی هەرە شوێندانەرترینن. بەواتایەکی تر، لە نێزیک بە سێ دەیەی ڕابردوودا شوێندانەری ڕێکخراوە و ئۆرگانەکان وەک: زانکۆکان، بازاڕ، مزگەوتەکان و...هتد، چینە تایبەتەکان: ڕووناکبیران، نووسەران، هونەرمەندان... مێدیا سوننەتییەکان: ڕۆژنامە و گۆڤار و... بەرەبەرە هەر لە کزیی داوە و لە دەیەی ڕابردوودا دەوری مێدیا ئامالْمۆدێرنەکانیش وەک: تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ کاڵتر بووەتەوە، بە باوەڕی من ڕەنگە هۆکاری سەرەکیی ئەمەش بگەڕێتەوە سەر چەمکێک بە ناوی: "دیالۆگ"!

تەواوی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان کە لەوە پێش ئاماژەم پێکردن، بە پێچەوانەی سۆشیال میدیا تایبەتمەندییەکی مۆنۆلۆگ"یان پێوە دیارە و بە تەعبیرە "ئۆروێل"یەکەی وەک برا گەورە لە سەرڕا سەیری کۆمەڵگا دەکەن. بەڵام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە دوور لە هەر چەشنە گوشار و ترس و سانسۆرێک لەسەر سێ بنەمای ئازادی، زانیاری و بەرابەری، مرۆڤەکان بە هەموو چین و توێژەکانەوە کۆمەڵێ ڕوویکردی بایەخدارانە دێننە دی کە دواجار دەتوانێ وەک کەرەسەیەکی شوێندانەر لەسەر هەڵسوکەوت و کارکردی دەسەڵات وەک دەوڵەت یان تەنانەت حیزب کارتێکەری تایبەتییان هەبێ. تەنانەت سۆشیال مێدیا بووەتە هۆی ئەوەی تابشتی خەڵک تا ڕادەیەک بچێتە سەر و لە ڕێگای لێکتێگەیشتن، پەیوەندی و پاساوی عەقڵانی لە کەشوهەوایەکی مەنتقیدا، بە جۆرێ مومارەسەی دێموکراسیش بکەن. کەوابوو دەکرێ بڵێین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مۆدێلێکی باشن کە وەک دەڤەری گشتی (Public Sphere) یورگێن هابرماس سەیر بکرێن.

سۆشیال مێدیا (وەک تێلیگرام، فەیسبووک، یوتیوب، تویتەر و...) دەکرێ بڵێین سنوورەکانی شوێن و کاتیان تێکشکاند. ئەو میدیایانە لەسەر بنەمای جۆرێ دابەشکردن (Share) دامەزراون و لە ڕاستیدا گۆڕەپانێکی پان و بەرین بۆ ئەو کەس و لایەنانەی بە هەر شێوەیەک خراونەتە پەراوێز و ڕێک بە دژی سیستمە دیکتاتۆرییەکان دەوەستن کە تێیاندا فرەدەنگی بوونی نییە و مۆنۆلۆگ پێناسەی سەرەکییانە. ڕەنگە فیلتێرینگی سۆشیال میدیا لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا نموونەیەکی باش بێ بۆ ترسی دەسەڵات لە کارتێکەریی ئەم ڕاگەیاندنانە. هێنانەوەی سێ نموونە لە ئاستی جیهاندا دەتوانێ بۆ شرۆڤەی باسەکەمان یارمەتیدەر بێ:

لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بەپێی ئەوە کە دەزگاکانی چاودێری و فیلتێرینگی ئەم وڵاتە دەیانویست گوێ لەمستەکانی ڕێبەر بخەنە ناو ئەنجوومەن، خەڵک لە دژکردەوەیەکی سەرنجڕاکێشدا لە تاران کەمپینێکیان ساز کرد بە ناوی نا بۆ جیم، جیم کورتکراوەی ناوی سێ مەلای بە تەمەنی توندئاژۆ: (جەننەتی، یەزدی، میسباح) بوو، بڵاوبوونەوەی ئەم کەمپینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وەها پەرەی ستاند کە خەڵک توانییان نەهێڵن دووانیان بچنە ئەنجوومەن و یەکێکیشیان (سەرەڕای فێڵ و تەڵەکەیەکی زۆر) بوو بە کەسی ئاخر!

لە جەرەیانی کودەتای تورکیادا سەرەڕای ئەوەی کە کودەتاچییەکان ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی ئەو وڵاتە (TRT) دەگرن و ڕایدەگەیەنن کە کودەتا سەرکەوتووە، کەچی ئەردۆغان بە مۆبایلێک و لەڕێی سکایپەوە خەڵک دێنێتە سەر شەقام و بە جۆرێ کۆتایی بە کودەتا دێنێ.

لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئەمریکادا، زۆربەی ڕێکخراوە و ئۆرگانەکان، چینە تایبەتەکان، مێدیا سوننەتییەکان

مێدیا ئامالْمۆدێرنەکان واتە تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ، لایەنگری هیلاری کلینتن بوون کەچی ترامپ بوو بە سەرکۆمار. هەر لە پاش هەڵبژاردنەکان بوو کە ترامپ گوتی: سۆشیال مێدیا منی سەرخست.

دیارە دەبێ سیلەی چاوێکیشمان لە کارتێکەرییە سەلبییەکانی سۆشیال مێدیا بێت. بۆ وێنە تیمی ئەمنییەتی فەیسبووک بۆ ئەوەی بەر بە هەواڵی ناڕاست و دەستکرد (Fake) بگرێ، لەم پەیوەندییەدا 30 هەزار ئەکاونتی فەیسبووکی لە فەرەنسا سڕیوەتەوە لەبەر بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لەو وڵاتە. ڕەنگە ئەم خاڵە سەرنجڕاکێش بێ کە لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئەمریکادا ئەو پۆستە ساختە و دەستکردانەی دادەنران و شەیر دەکران (-30 40 ملیۆن جار) زیاتر بوون لە ڕاپۆرت و هەواڵەکانی ئاژانسە بەناوبانگەکانی نیویۆرک تایمز، واشنتن پۆست و NBC News!

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی وەزارەتی پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نێزیک بە 28 ملیۆن بەکاربەری ئینتەرنێتی مۆبایل هەیە و نێزیک بە 10 ملیۆن بەکاربەری ئینتەرنێتی تەلەفۆن کە ئەگەر بۆ هەر ماڵێک 3 بەکاربەر ڕەچاو بکەین، دەکاتە 30 ملیۆن و سەرجەم دەبێتە 58 ملیۆن بەکاربەر. لەم نێوەدا ئامارە نافەرمییەکانی باس لە 40 ملیۆن بەکاربەری تێلیگرام، 15 ملیۆن ئینستاگرام، 20 ملیۆن فەیسبووک دەکەن، ئەم داتایانە واتە پتانسییەلێکی یەکجار بەهێز کە دەتوانم بڵێم کەموێنەیە. بۆیە ئەگەر هەر لایەن و هێزێک پلان و بەرنامەیەکی تۆکمە و جیددی و هەبێ، دەتوانێ بە دانی کەمترین تێچوو ڕای گشتی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، هەر بۆیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئەم ڕاستییە دەزانێ و فەیسبووک و یوتیوب و تویتەر لە ناوخۆدا فیلتێر دەکا و خێرایی ئینتەرنێت دێنێتە خوار و... بەڵام ئایا پەتی سێدارە و شمشێری مەلا دەتوانێ بەر بە چەهچەهەی بولبول بگرێ؟ بەڕای من، نا!



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# قرپۆکەکانی ترامپ

سێ مانگ لە سەرۆککۆماریی دۆناڵد ترامپ تێپەڕ بوو. دۆناڵد ترامپ بە دانی کۆمەڵێک بەڵێنی قەبە کە زۆر کەس بە پۆپۆلیستی و ناواقعبینانە لەقەڵەمیان دەدان، سەرنجی دەنگدەرانی ولایەتە یەکگرتووەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و هاتە سەر کار. ئەو بەڵێنانەی ترامپ دانی، بەشی پێخۆری دەورەیەکی تەواوی سەرۆک کۆمارێکی ئاسایی بوو. دەکرا چوار ساڵ خۆی و خەڵکیان پێوە بخافڵێنێ و هەنگاو بە هەنگاو هەوڵی وەدیهێنانی هەمووی یان هیچ نەبێ بەشێکیان بدا. ئەگەر کەسێکی تر لە جێی ترامپ بووایە هەر وای دەکرد، پلە بە پلە، بەئەسپایی و هەنگاو بەهەنگاو دەچووە پێشەوە. ترامپ بەڵام وای نەکرد. ئەو لە خواردنی قرپۆکەکانەوە دەستی پێکرد.

برایان تریسی لە کتێبی "قرپۆکەکە قووت بدە!"دا، کە یەکێک لە باشترین و جێی پەسەندترین کتێبەکانی برایان تریسی، دەروونناسی ئەمریکاییە، ئەو ڕێنوێنییەمان دەکا کە بۆ سەرکەوتن وا باشە هەر کارێک، جا هەرچەند قورس بێت، دەستبەجێ و بێ دوودڵی ئەنجام بدرێ. تەنانەت تریسی ئامۆژگاریمان دەکا کە کام کارە قورسترە سەرەتا دەستوبرد لەویان بکەین.

وا پێدەچێ، دۆناڵد ترامپیش ڕەچاوی ئامۆژگارییەکەی تریسی کردبێ و کارە قورسەکانی پێشخستبێ. ترامپ هەر لە ماوەی یەکەم مانگی سەرۆککۆمارییەکەیدا سەلماندی کە پیاوێکی لێبڕاوە. تەنانەت ڕانەوەستا تا زەمینە بۆ هەڵهێنانەوەی هەنگاوە گەورەکان خۆش بکرێت، بەڵکو سەرەتا بڕیارەکانی دەدان تا دواتر مشوور لە وردەکارییەکانی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی بخوات، تا چیتر دەرفەتی گنخاندن و پاشگەزبوونەوە تەنانەت بۆ خۆیشی نەهێڵێتەوە. ترامپ، بۆ ئەوەی جگە لە پێشڕەوی هیچ بژارەیەکی دیکە لەبەردەم خۆیدا نەهێڵێ، سەرەتا لە ڕووخاندنی پردەکانی پشت خۆیەوە دەستی پێکردووە!

یەکێک لە بڕیارە هەراسازکەرەکانی ترامپ قەدەغەکردنی چوونە ناو ئەمەریکا بۆ هاووڵاتیانی شەش وڵاتی زۆرینە موسوڵمان بوو. جگە لە ڕەهەندی ڕەخنەهەڵگری ئەو بڕیارە لەباری مرۆڤییەوە، هاودژیی سیاسیی ئەو بڕیارە لەوەدا بوو کە هیچیەک لە دانیشتووانی هیچیەک لەو شەش وڵاتە، لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا، سووچی هیچ کردەوەیەکی خراپکارانەی تیرۆریستییان لەناو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لەسەر ساغ نەبووەتەوە! پرسیارەکە ئەوە بوو کە چۆن، هاووڵاتیانی وڵاتانێکی وەک عەرەبستانی سعوودی، پاکستان و میسر کە بەشداریی چالاکانەیان لە کردەوە تیرۆریستییەکانی دوای یانزدەی سێپتامبەری ئەمەریکادا هەبووە، هیچ کامیان بەر ڕەحمەتی ئەو بڕیارە لێبڕاوانەیەی دۆناڵد ترامپ نەکەوتن؟!

لێکدانەوەی گشتی ئەوە بوو کە بەرژەوەندییە ئابورییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەو وڵاتانە، هۆکاری چاوپۆشی لە سەفەری هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە بووە بۆ ئەمریکا. بێگومان ئەم وەڵامە بەشێکی زۆری ڕاستیی لەخۆ گرتووە. بەڵام ڕەنگە هەموو وەڵامەکە نەبێت. بە شیمانەی من، هۆیەکی گرینگتر ئەو ئەگەرەیە کە پێوەندی بە پلانی نەدرکاوی ترامپ بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تیرۆریسم لە ساڵەکانی داهاتوودا دەبێ. من وای بۆدەچم گوڵبژێرکردنی ئەو چەند وڵاتە ئەو ئەگەرەی لەپشتەوە بێ کە فۆکووسی شەڕی دژە تیرۆری وڵاتە یەکگرتووەکانی سەردەمی ترامپ، بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەسەر ئەو شەش وڵاتە بێت. بەربەستدانان بۆ هاووڵاتیانی ئەو شەش وڵاتە، هەنگاوێکی پێشگیرانەیە بۆ بەرگرتن لە ئەگەری هەر دژکردەوەیەکی هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە لە ئەنجامی گورزوەشاندنی وڵاتە یەکگرتووەکان یان بەشێوەیەکی گشتی هەر سیناریۆیەک کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەریەک لەو وڵاتانەدا پیادەی بکات.

لەناو ئەو شەش وڵاتەدا بێگومان ئێران وەک زلهێزێکی ناوچەیی کەیسێکی سەرنجڕاکێشترە. لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا، سەرۆک کۆمار و وەزیرەکانی بەرگری و دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، هیچ دەرفەتێکیان بۆ بەگژداهاتنەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ناڕەزامەندی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، لەکیس خۆیان نەداوە.

لەدوا هەڵوێستی ڕاستەوخۆدا، دۆناڵد ترامپ ڕایگەیاند کە هەڵسوکەوتی ئێران لەگەڵ "ڕۆحی ڕێککەوتن"ی نێوانیان ناتەبایە. باس لە "ڕۆحی ڕێککەوتن" واتە فراوانکردنەوەی چەمکی ڕێککەوتن و کردنەوەی دەرگا بۆ ڕاڤەی جۆراوجۆری هەڵسوکەوتەکانی ئێران. پێویست ناکا شارەزای بواری سیاسەت بین تا تێبگەین لەوەی کە ئەمە هیچ نییە گێچەڵێکی ڕاستەوخۆ نەبێت. هەموو ئەمانەش لە کاتێکدایە کە هەفتەی ڕابردوو، ڕێکس تیلێرسۆن، وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، وڵاتەکەی خەریکی پێداچوونەوەیەکی سەراپاگیرە بە سیاسەتی خۆی لە بەرامبەر ئێران. هەڕەشەی ئەوەشی کرد کە "ئەگەر ئێران هەوسار نەکرێت، وزەی ئەوەی هەیە ڕێگەی کۆریای باکوور بگرێتە بەر و دنیاش لەگەڵ خۆی ببات". ئەو وتانە لە کاتێکدایە کە ئاشکرا بووە دۆناڵد ترامپ داوای کردووە ڕاپۆرتی پێداچوونەوە بە سیاسەتی ولایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر ئێران، تا دەکرێ گرژ و توند بنووسرێتەوە!

ئەوەی وەک خەسڵەتی ڕەفتاری دۆناڵد ترامپ هەموومان پێی ئاشناین، ئەوەیە کە بڕیار و هەڵوێستەکانی پەراوێزدارن. بەکوردییەکەی خۆمان ئەو پیاوە شارەزای تەپوتۆزکردنە. بەشێوەیەک کە زۆرجار جەوهەری مەبەستەکانی لەناو تەپوتۆزی ڕەفتار و شێوەی دەربڕینی مەبەستەکانیدا بزر دەکات. ئەمەش بەشێک لە نهێنییەکانی سەرکەوتنی ئەو بازرگانە بەمشوورەی پێشوو و، سەرۆکی ئێستای بەهێزترین وڵاتی دنیایە.

ماوەیەک بەر لە ئێستا، وتەبێژی کۆشکی سپی، لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی: "ئەگەر سەرنجی وتەکانی دۆناڵد ترامپ، لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانتان دابێت، سەرنجی ئەوەشتان داوە کە ئەو گوتی هۆی ئەوەی لە ژیانی کاریدا دانوستانکارێکی زۆر سەرکەوتوو بووە، ئەوە نییە کە ئەو هیچ بژارەیەک لەسەر مێز لانابات. بەڵکو ئەوەیە کە ئەو نایدرکێنێت خەریکی چییە. ئەو بە لایەنی بەرامبەری ناڵێ بە نیازی ئەنجامدانی چ کارێکە. خراپترین کار ئەوەیە کە بژارەکانت بۆ لایەنی بەرامبەر ئاشکرا بکەیت. ترامپ هەموو بژارەکان لەسەر مێز ڕادەگرێ، بەڵام ئەنجامی دەکارهێنانی هەریەک لە بژارەکانیش لەبەرچاو دەگرێ. ئەو دەیەوێ دڵنیا ببێ، ئێران لەوە تێگەیشتووە کە ئەو هەروا دەستەوستان دانانیشێ و لێناگەڕێ ئاوا لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەڵسوکەوت بکرێت؟ ئەوەش لەکاتێکدا، دەبێ ئێران قەدری ئەو ڕێککەوتنە بزانێت کە لەگەڵی کراوە".

کاتی خۆی ئەمیری مۆحێببی، سەرنووسەری یەکێک لە ڕۆژنامە ڕاستئاژۆکانی کۆماری ئیسلامی بەناوی "ڕەسالەت"، کە بە یەکێک لە تیۆریسیەنەکانی باڵی پارێزخوازی ئێرانیش لەقەڵەم دەدرا، لە وەسفی شێوەی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیدا باسی لە چەمکی "شێتیەتیی نمایشی" کردبوو. ئیدیعای ئەو نووسەرە ئەوە بوو کە کاربەدەستانی ئێرانی بەئەنقەست لە ڕەفتاری دەرەوەیاندا "شێتانە" ڕەفتار دەکەن، واتە وا دەنوێنن کە هیچ ئەقڵانیەتێک بەسەر هەڵوێستەکانیاندا زاڵ نییە. ئەو نووسەرە پێی وابوو ئەمە هەمووی نمایش و شانۆیە و، کاربەدەستانی ئێران زۆر بە وردی حیساب بۆ هەڵوێستەکانیان دەکەن و سیاسەتەکانیان دادەڕێژن، بەڵام لە پراکتیکدا وا ڕەفتار دەکەن کە بۆ نەیارەکانیان زەحمەت بێت پێشبینیی ڕەفتارەکانیان بکەن.

ئایا ترامپیش خەریکی نمایشکردنی شێتێتییەکی لەو شێوەیە؟ ترامپ هەتا ئێستا نواندوویەتی کە پێشبینیکردنی ڕەفتار و بڕیارەکانی ئاسان نییە. بەوەشەوە، ڕەنگە ئیدی هەر ئێستا ئەوە ڕوون بووبێتەوە کە ترامپ لە زۆرەبانی لەگەڵ ئێراندا پیاوی دەستی بەدەستی پێکردن و دیزەبەدەرخۆنەکردن نییە. ئەمە ئەو مۆرکەیە کە ترامپ لە ئۆباما و سیاسەتی دەرەوەی ئۆبامای دا. جەوهەری جیاوازیی ڕوانگەی ترامپ و ئۆباما ئەوەیە کە ئۆباما لە مامەڵە لەگەڵ ئێراندا، کەیسی کێشەی ئەتۆمی لە کەیسی کێشەکانی تری ئێران لە ناوچەکەدا جیاکردەوە. بەڵام بەلای ترامپەوە کێشەی ئەتۆمیی ئێران لەو کێشانەی تر جیا نییە و دەبێ ئێران لەهەموو لایەکەوە سنووری بۆ دابنرێ.

تا ئێستا، کۆماری ئیسلامی بەڕواڵەت هێمنیی خۆی پاراستووە و لەبەرامبەر سیاسەتی تیژ و گرژی کابینەی ترامپدا، بەپارێزەوە مامەڵە دەکا. بەڵام ئەوە تەنیا ڕواڵەتی مەسەلەکەیە. موحسین ڕەزایی، سەرۆکی پێشووی سوپای پاسدارانی ئێران و دەبیری مەجلیسی مەسڵەحەتی نیزام، لە کاتی بانگەشەکانی سەرۆک کۆماریی چوار ساڵ پێش ئێستادا درکاندی کە لە سەردەمی جۆرج دەبلیو بوشدا، زۆر شەوان تا بەیانی چاوەڕێ بوون ئەمریکا لە هەموو لاوە پەلاماریان بدا. بەدڵنیاییەوە بەتایبەتی ئێستا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە تایبەتی لە بواری بەڕێوەبەریی ئابووریی قەیرانلێدراوی وڵاتدا، لەوپەڕی گرفتاریی خۆیدایە، هەڵوێستە تیژ و گرژەکانی کابینەی دۆناڵد ترامپ، تەنانەت ئەگەر نەکێشێتە سەر پەلاماری چەکداریش، هێشتاش بەو هەموو سترێس و تەنگژە دەروونییەوە کە بەردەوام بۆ ئێرانی دروست دەکا، ناهێڵێ کۆماری ئیسلامی وەک پێشوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا، قاچی لێ ڕاکێشێ.

بەو شێوەیەی ترامپ لە "قرپۆکەکان" وەخۆ کەوتووە، بەو شێوەیەی لە ئێرانی هەڵپێچاوە، زەحمەتە کۆماری ئیسلامیی پێش ترامپ و پاش ترامپ، هەر هەمان کۆماری ئیسلامی بمێنێتەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# سلێمانی، هەرێمێکی دانپێدانەنراو

1

لەڕاستیدا، لە دوای شەڕی ناوخۆی 1994 و، دواتر دروستبوونی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان، پارێزگای سلێمانی، گەرمیان، هەڵەبجە و ڕاپەڕین، هەمیشە خاوەنی ئیدارە و بڕیاری خۆیان بوونە. هەمووان دەزانن کە بودجە و داهاتی ئەو ناوچانەش بەدەست کێیە و چ لایەنێکیش فەرمانڕەوای ئەو ناوچانەیە. پارتی چ لەسەر ئاستی حکومەت و چ لەسەر ئاستی ئیدارەی ناوچەیی کەمترین وجود و نفوزی لەو شوێنانەدا هەبووە، بۆیە تۆمەتبارکردنی بەوەی کە غەدری لێکردبن، تۆمەتێکی ناڕەوایە. لایەنی بەرپرسیاری سەرەکی لە هەر کەموکوڕییەک کە لە ئیدارەدان و چۆنیەتی کۆکردنەوە و خەرجکردنی داهاتدا هەبێت، یەکێتییە و ئینجا گۆڕانیش بە قەبارەی خۆی تێیدا بەشدارە.

بەهەرێمکردنی سلێمانی (کە لە بنەڕەتدا سلێمانی ئێستا هەرێمێکە لەناو هەرێمدا) بە شێوەیەک کە دانپێدانراو بێت، هەوڵی زۆری بۆ دراوە، جگە لە باکگراوندی مێژوویی و واقیعی حاڵ، هەوڵدان بۆ مامەڵەی ڕاستەوخۆی بەغدا لەگەڵ سلێمانی لە ماوەی ڕابردوو، تەڕحی دیکەش بۆ لێکدانی کەرکووک و سلێمانی و ئینجا بەڕەسمیکردنی ئەو قەوارەیە، شتی شاراوە نین. داینەمۆی ئەو هەوڵانەش ئێستا بە پلەی یەکەم بزووتنەوەی گۆڕانە و مەبەستێتی بە درووژاندنی ئەم باسە گوشار بخاتە سەر پارتی لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە، ڕێگری لە تەوژمی بەهێزی ناو یەکێتی بکات کە ئەمڕۆ بەلای پارتیدا شکاندوویەتیەوە و ئامادە نین ببنە حیزبی ناوچەیەکی جوگرافی.

ئەڵبەتە ئێستا ڕێکارێکی یاسایی بۆ بەهەرێمکردنی سلێمانی لەبەردەستدا نییە و، هەر وەک چۆن دەستووری بەغدا ڕێگە نادات حکومەت مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا بکات، ئاواش بە هەرێمبوونی سلێمانی لە ڕووی دەستوورییەوە زەحمەتە، چونکە ئەگەر بەغدا ئەوەی قەبوڵ بێت، سبەی یەک پارێزگا نامێنێ کە هەرێمبوونی خۆی ڕانەگەیەنێ.

کێشەی سەرەکی لە خراپیی گوزەران و ئیدارەی سلێمانی، ئەوە نییە کە سلێمانی لامەرکەزییەتی ئیداری و مالیی هەبێ یان نەیبێ (کە بە زیادیشەوە هەیەتی)، بگرە ئەوەیە کە سلێمانی هەرێمێکی بێ خاوەنە. هەڵسوڕێنەرانی ئێستای دەیانەوێ وەک کارتێکی سیاسی بەکاریبێنن، بەڵام بێ ئەوەی خۆشیان ئاگایان لێبێت و تەنیا لە سۆنگەی دژایەتیکردنی پارتی، جێ بۆ هێزی دیکە چۆڵ دەکەن، وەک ئەوەی کە لە ساڵی 2000 لەنێوان پەکەکە و یەکێتیدا ڕوویدا.

## کوردستان وەک گۆڕەپانی شەڕ

2

نیهایەت پەکەکە خۆی دانی بەوەدا نا کە ئامانجی ئەوەیە شەڕی بە وەکالەتی خۆی لەگەڵ تورکیا و ئەردۆغان نەک هەر بهێنێتە ناو کوردستانی باشوور، بگرە پەلاماری ئەو لایەنەش (واتا پارتی) بدات کە لە تورکیاوە نزیکە. ئەوە دانپێدانانێکی تاڵە، بەڵام سەرەتایەک دەبێ بۆ تەمبێکردنی پەکەکە و تەعریفکردنەوەی لە چوارچێوەی هێزێکدا کە لەبری شەڕی بە وەکالەت بۆ ئەم و ئەو، ببێتەوە بە یەکێک لە نوێنەرەکانی دۆزی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد لە تورکیا.

پەکەکە بەباشی هەستی بەو مەترسییە کردووە کە لە ئەنجامی سنووردارکردنی نفوزی ئێران لە ناوچەکەدا، لەسەر دەستی ئەمریکا تووشی دەبێت، بۆیە هەڕەشە دەکات. هەڕەشەی پەکەکە لە پارتی لەوەوە سەرچاوە ناگرێت کە پارتی دۆستی تورکیایە، بگرە لەوەڕایە کە پارتی چەندین مانگە هاوکاریی ئەمریکا دەکات لەوەی چەک و تەقەمەنی لە ڕێگەی کوردستانی باشوورەوە بگەیەندرێتە هێزەکانی سووریای دیموکرات کە لەژێر فەرمانی ئێران و پەکەکەدان. ئامانجی ئەمریکا لەو هاریکاری و پشتگیرییانە ئەوەیە ئەو هێزە بە هەموو شێوەیەک لەژێر ڕکێفی قەندیل، شام و تاران دەربێنن و، نفوزی سیاسی و سەربازیی پەکەکەش لە ڕۆژئاوا کەم بکەنەوە. وەنەبێ تورکیا لەگوێی گادا نووستبێت و ئاگای لەو دەیان بارهەڵگرە نەبێ کە چەک و تەقەمەنی دەگوازنەوە بۆ کوردستانی ڕۆژئاوا، بەڵام بێدەنگیی هەڵبژاردووە و دەشێ ئەویش لەو پلانە ئاگادار کرابێتەوە.

ئەمریکا مەبەستێتی بەریەککەوتنی نێوان کورد و تورک لە داهاتووی ناوچەکەدا، بە ئاقاری پرۆسەیەکی چارەسەریی ئاشتیانەدا بڕوات، بۆ ئەوەش پێویستە ڕۆڵی پەکەکە سنووردار بکرێت. حوکمڕانی و باڵادەستی سەربازیی پەکەکە لە کوردستانی ڕۆژئاوا تاکە کارتێکە کە بەدەستی پەکەکەوە ماوە، ئەگەر ئەو کارتەی لەدەست دەربهێنرێت، ئیتر ئیفلاسی ئەو بزووتنەوەیە ڕادەگەیەنرێت. هەربۆیە ڕەنگبێ پێیوابێت پەلاماردانی پارتی دەتوانێ ئەو پرۆسەیە سست بکات.

## کوشتنی تەمەن!

3

زۆر کەس بیرەوەری و یادەوەرییەکانی خۆیان دەنووسنەوە، هەیە بە گەنجی و هەشە بە پیری، بەڵام کەسایەتییەکان دەوەستن تا ڕوانگەی مێژووییان بەرامبەر ڕووداوەکان، کەسەکان و ڕابردووی خۆیان کامڵ دەبێت. دەشێ مرۆڤ لە قۆناغێکدا لە ژیانی جۆرێک بیر بکاتەوە و لە قۆناغێکی دیکەدا، باوەڕی بە پێچەوانەکەی هەبێ. کتێبی "دیداری تەمەن" نموونەی زەقی ئەوەیە کە پتر لەوەی پەنجەرەیەک بێت بۆ سەر مێژووی هاوچەرخ، یان ژیانی کەسایەتییەک، دەلالەتە لە تەناقوزات، فرەکەسیەتی و ڕاڕایی تاڵەبانی. چونکە لانیکەم لە هەر بابەتێکدا کە لەو کتێبەدا تیشکی خراوەتە سەر، مام (لە قۆناغی جیاجیادا) پتر لە بۆچوون و ڕوانگایەکی هەبووە و ئەوانەش هەموو تۆمار کراون. بۆیە ڕەنگبێ کەس نەتوانێ قەزاوەت لەسەر ئەوە بکات کامەیان بۆچوونی ڕاستەقینەی تاڵەبانین و ئەو کتێبەش هەر لە ئێستاوە بووەتە کەرەستەیەکی هەرزانبەها بۆ لێدانی کەسایەتییەکان لەجیاتی ئەوەی ببێتە دۆکیومێنتێکی جێی متمانە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# کوردستان لەسەر دەریا

وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا دەقی ئەو ڕێککەوتنەی بڵاوکردووەتەوە کە لەگەڵ تورکیا و ئێران لەسەر دروستکردنی چوار زۆنی هێمن لە سووریا واژۆیان کردووە. هەرچەندە ڕێککەوتننامەکە باسی ئەو زۆنانە دەکات، بەڵام تەعریفێکی نوێی شەڕیشی لە سووریا کردووەتەوە و باسی هەموو هێزە سوورییەکانی تێدایە، جگە لە کورد. لەو نێوانەدا لە زاری گەورە بەرپرسانی پەیەدەوە باسی کردنەوەی کۆریدۆرێک بۆ سەر دەریا دەکرێت کە هێندەی بیری لێدەکەمەوە لە پلانێکی واقیعبینانە ناچێت.

هەریەکە لە ڕووسیا و ئێران و تورکیا ڕۆڵگێڕە سەرەکی و کاریگەرەکانی قەیرانی سووریان. دووەکەی یەکەم ڕۆڵیان هەبووە و هەیە لە ناچارکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئۆپۆزیسیۆنی سووریش بۆئەوەی تێبگەن ئەسەد بە زەبری هێز دەرناپەڕێندرێت. تورکیا کە ساڵی 2011 نوقڵانەی ڕووخانی خێرای ئەسەدی لێدەدا، بە نزیکبوونەوە نوێیەکەی لە ڕووسیا و قایلبوون بە باڵادەستیی مۆسکۆ لە سووریا، بەشداری لە گەمەی ڕازیکردنی مۆسکۆ و تاران و لەبەرامبەردا پەراوێزخستنی پەکەکە لە سووریا دەکات. بۆ هەریەکە لەو لایەنانەش دەستکەوتەکانی دروستکردنی زۆنە هێمنەکان گەورەن. تاران پێویستی بەوەیە بۆ جێبەجێکردنی پلانە هەرێمییەکەی جارێ ئەسەد لە حوکمدا بمێنێتەوە. مۆسکۆ ڕۆژ بە ڕۆژ خەرجی و زیانەکانی بەشداریی لە شەڕی سووریادا لەسەرشان قورستر دەبێ، تورکیاش چیدیکە بەرگەی دڵەڕاوکێی بەدیفاکتۆبوونی کیانی "فیدراڵیی دیموکراتیی باکووری سووریا" بە ڕێبەرایەتیی پەکەکە ناگرێت. بۆیە ڕێککەوتنە سێقۆڵییەکەیان دەوای دەردی هەرسێ دەوڵەت دەکات و ئەمریکا و سعودیە و ئیسرائیلیش موبارەکەیان کردووە.

لەو نێوانەدا ئێمەی کورد دەبێ لە چارەنووسی خۆمان بپرسینەوە. ئامانجێکی ڕێککەوتنەکە ئەوەیە کە سوپای سووریا لەو چوار زۆنە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن ئاگربەستی هەبێ و هێزی هاوبەشی تورکی و ڕووسی و ئێرانی لەنێوانیاندا بن. لەجیاتی ئەوە سوپای سووریا قورسایی شەڕ دەباتە ئەو ناوچانەی "تیرۆریستان"ی لێن. واتە داعش و نوسرە فۆکوسیان دەخرێتە سەر. ئەوەی جێی مەترسییە، ئەوەیە کە ئەوەی لە یەکەم ڕۆژەوە لێی دەترساین وەدی بێت، ئەویش ئەوەیە کە سوپای سووریا لە ڕۆژئاوای کوردستانیش بسووڕێتەوە و ڕێککەوتنە تاکتیکییەکەی لەگەڵ پەیەدە هەڵوەشێنێتەوە. ئەوەی ئێستا کورد لە سووریا هەیەتی نە گەرەنتییەکی نێودەوڵەتیی هەیە و نە کەسیش لە هیچ شوێنێک دانی پێداناوە. هەیە و نییە ژمارەیەک ڕاوێژکار و هاوکاریی ئەمریکییە کە زۆرتر لە گرێبەستی دەوڵەتی ئەمریکا و کۆمپانیا شەرکەرەکان دەچێت بۆ ئەرکێکی دیاریکراو و کاتێکی سنووردار، ئەوەش لە کەیسی ڕۆژئاوادا بریتییە لە شەڕکردن لەدژی داعش و دەرکردنیان لە ڕەققە.

لە باشووری کوردستان بەر لە دروستکردنی حکومەت و پێکهێنانی پەرلەمان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆنێکی ئارامی دروستکرد، بۆیە گەرەنتییەک هەبوو، بەڵام وەک لە ڕێککەوتنە سێقۆڵییەکەدا دەردەکەوێ، کوردی ڕۆژئاوا خراونەتە دەرەوەی حیساباتی سوورییەوە، بۆیە سەیرە ئەگەر بەرپرسانی ئەوێ لەجیاتی لۆبیکردنی نێوخۆیی و دەرەکی بۆ دروستکردنی گەرەنتی، خەونی گەیشتنە سەر دەریا ببینن.



عەبدوڵڵا عالایی

# (ئیسلامی دوای داعش) لە کوردستان

بە گوێرەی توێژینەوەیەکی بەشی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی تایبەت بە ئایین و ئایینزاکانی دەزگەی (Pew Forum) ی ئەمریکایی کە لە 230 وڵات بە درێژایی ساڵی 2010 کراوە و ساڵی 2012 ئەنجامەکەی بڵاوکردووەتەوە: "ئیلحاد لەڕووی ژمارەوە، لە دوای مەسیحی و ئیسلام، بووەتە ئایینی سێیەم". هەر هەمان لێکۆڵینەوە ئاشکرای کردووە: "کەمترین ڕێژەی مولحیدەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن کە 2% (دوو ملیۆن و سەت هەزار کەس) تێناپەڕێنن لەکۆی (ملیارێک و سەت ملیۆن) مولحیدی جیهان، نەخاسمە کە زۆرترینی باوەڕداران ئێستەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن". هەروەها بەپێی توێژینەوەیەکی پەیمانگەی گالوپی جیهانی WIN-Gallup Internationall کە لە ساڵی 2012 لە 57 وڵات و بە بەشداریی 50 هەزار کەس کراوە، 59%ی ئەوانەی وەڵامیان داوەتەوە باوەڕدارن، 23% باوەڕداری نادینین، 13% مولحیدن. هەر ئەم توێژینەوەیە ئاشکرای کردووە کە بەرزترین ڕێژەی ئیلحاد لە (چین)ە و ڕێژە بەرزەکانیش زێتر لە وڵاتە کۆمۆنیستییەکانی جاران و باشووری ئەفریقیایە. توێژینەوەکە دەڵێت ڕێژەی ئیلحاد لە سعوودیە 6% زیادی کردووە.

ئەم ئامارانە هی چەند ساڵێک بەر لە ئێستان، ئەو ڕۆژگارەی جیهان بەدەست تیرۆر و تۆقاندنەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی (قاعیدە) و هاوشێوەکانی هەرەسان بوو. جا بە دڵنیاییەوە دوای پەیدابوونی ڕێکخراوی تیرۆریستیی (داعش) و بینینی ئەزموونی خیلافەت و دەوڵەتی ئیسلامی لە فۆرمە باوەکەیدا، ئەم ئامار و ڕێژەیە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، هەڵبەتە بەرەو هەوراز چووە و بەرزبووەتەوە. هەر بە گوێرەی ئەو بەرکەوتنانەمان بێت کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەگەڵی دەژیین، درک بەمە دەکەین کە داعش چ پاڵنەرێکی سەرەکیی بووە بۆ دەستبەرداربوون لە دین و بەرزکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی ئایین. ڕاستییەکەی، ئیسلام چ وەکوو ئایین و چ وەکوو جیهانی ئیسلامییش بە کۆی پێڕەوکارانی ئایینەکانی ترەوە، هەنووکە لە قۆناغی دوای داعش دەژیین، تێڕوانینی تاک و دیدی دەستەجەمعی جیهانی ئیسلامی بەرامبەر ئایین، وەچەرخانی بەسەردا هاتووە و جێباسی هەوڵی ژیان پرسی کرانەوە و ڕیفۆرم و پێوەندیی نێوان مرۆڤ و ژیان و ئایینە.

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، (حەرامێتی شوفێریی ئافرەتان) باسوخواسی هەرە گەرمی نێو ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوو، بە ئەندازەیەک هەردوو وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئەوقافی هێنایە سەر خەت. بۆ ئەوەی برێ وردتر لە دۆخی دینداری و ژینگەی ئێستەی ئیسلام تێبگەین، لەوەش بگەین کە بۆ ماوە ماوە ئەم باسوخواسە سادە و لاوەکییانەی نێو ئەدەبیاتی دین هەڵا دەنێنەوە، لێرەدا لەبارەی ڕەوشی دینداریییەوە لە کوردستان، هێندێ شیکاری دەخەمە بەرچاوی خوێنەران:

**یەک:** دینداریی کوردانە، خاوەن ڕێبازێکی تایبەت بە خۆیەتی و لە دنیابینیی ئایین و چەشە و ڕەفتاری دیندارانەی لە هی هیچ نەتەوەیەکی تر ناچێت. ئەمەش بۆ مانەوەی ڕەفتارە جوانەکانی کورد بەر لە هاتنی ئیسلام و گواستنەوەی بیروباوەڕ و ئەخلاقە باڵاکانی نێو ئایینی (زەردەشتی) و (مانەوی) بۆ نێو ئایینی ئیسلام، دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی کە ئیسلام گەییە کوردستان و ئایینی کوردان گۆڕدرا، وەلێ کورد دەستبەرداری زۆرێ لە ڕێنوێنیی و داب و دەستوورەکانی ئایینی زەردەشتی و مانەوی نەبوون، ئێستەش بەشێکی پەرستشەکانی دینداریی موسڵمانانە پشکی دینداریی بەر لە هاتنی ئیسلامی تێدایە.

**دوو:** کورد لە دڵسۆزییەوە کە برێ جار ڕووە و ناعەقڵانییەتە، هەوڵی نەداوە وەک نەتەوەکانی تر، شێوەی تورک و فارس، ئایین بۆ مەرامی نەتەوەیی خۆی بەکاربێنێت، هەرچەندە داینەمۆی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی، ئایین و بگرە حوجرەیە، بەڵام بەشێوەی پرۆژەیی نەبووە و ڕێچکەیەکی وەرنەگرتووە، وەکوو ئەوەی لەنێو گەلانی دەوروبەردا بەدی دەکرێت. دوای سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسییش لە کوردستاندا، ئەم پیرۆزییە یان ئەم فیکرە کە بە تاکوتەرایی لای مەلا و زانایانی وەک مەولانا خالید، خانی، نالی و مەلای گەورە دەبینرێت، بە یەکجاری لەنێوبرا و دووبارە کورد کرا بە قوربانیی عرووبەت.

**سێ:** دینی ئیسلام، بە چەندان قۆناغدا تێپەڕیوە، هەر قۆناغەش خاوەن تایبەتمەندی و واقیعی فیکری و سیاسیی خۆی بووە. ئیسلام ئێستە لە قۆناغێکدا دەژیێت کە لێکۆڵەرانی ئاییناسی بە (ئیسلامی دوای داعش) ناودێری دەکەن. کورد پێویستە باش هەزمی دۆخی ئەم قۆناغە لە مێژووی ئیسلامدا بکات.

**چوار:** لە ئێستەی ڕەوشی دینداری و ئیسلامڕەوی کوردستاندا، هەردوو ڕەوتی دەرەکی (شیعیزم) و (سەلەفیزم) خەریکی بڵاوکردنەوە و تەبشیری مەزهەبیی خۆیانن کە دواجار هیچ کامیان کورد و کوردستانیانە نین، بەڵکە لەسەر ڕەوشی دینداریی مەدا، تەسفیەی حساباتی سیاسی و فیکریی خۆیان دەکەن.

**پێنج:** لەم نێوچەیەماندا، سعوودیە و ئێران، بە چڕی و قووڵی، کار لەسەر دژایەتی یەکتر دەکەن و هەردەم کێبڕکێ لەسەر زووتر بڵاوکردنەوەی مەزهەبەکەیان دەکەن، بۆ تەبشیری مەزهەبیش، پڕ دەدەنە هەموو کایەکانی ژیان و فیگەرە سیاسی، هونەری، فیکری، ئەدەبی... بەرەو باوەشی خۆیان بانگێش دەکەن جا بە هەر ئامراز و سۆزێک بێت، گرنگ دڵیان بە ئەوانەوە بەند بێت.

**شەش:** تاکە شوێنێ کە هێشتا لە ڕووی فیکری دینییەوە نەتوانراوە تێکبشکێنرێت و بە تەواوەتی بەرزەفت بکرێت، کوردستانە. هەوڵی چڕی تەبشیری مەزهەبی هەیە، بەڵام هێشتا نەبووە بە دیاردە. ئەمە بۆ شیعیزم، چ وەک سیاسەت چ وەک فیکر، کەسەر و کۆسپێکی گەورەیە، لە کاتێکدا پێیەکی لەنێو سیاسەت و فیکری دینیی هەموو وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا هەیە، خەریکە خەلیجیش کۆنترۆڵ دەکات، کەچی هێشتا کوردستان، بەتایبەت نێوچەی هەولێری بۆ کۆنترۆڵ نەکراوە.

**حەفت:** سەلەفیزم و ئیسلامیزم، دیوەکەی دیکەی شیعیزمە، هەردووک دوو دیوی یەک سکەن. ئەمیشیان تووشی هەمان تا و سەرئێشە بووە. خاڵێکی گەوهەری هەیە، پێویستە بیزانین: داینەمۆ و بزوێنەری بنەڕەتیی بزاوە ئیسلامیستەکان بە سوننیزم و شیعیزمەوە، لەسەر بنەوا و دنیابینیی (کوردستانیانە) وە نییە، بەڵکە ئیدۆلۆژیای مەزهەبی و سیاسەتی دەرەکی، دەیانبزوێنێت. دەبێت چەقی سیاسییمان (کوردستانیانە) بێت.

**هەشت:** حاڵی حازر، خەڵکانیکی زۆر، تایبەت لە چینی گەنجان کە دیندارن، لە حاڵێکی سەرگەردانیی فیکریدا دەژیین. باوەڕیان بە ئیسلامیزم و سەلەفیزم نەماوە، ناشزانن بۆ قوتاربوونیان لەم تەنگەژە فیکری و ڕۆحییە، ڕوو لە چ دەروازەیەک بکەن. لێرەوە پێویستمان بە سیاسەتی دینی هەیە، بۆ ئەوەی لە فەوزای دینداری ڕزگارمان بێت.

**نۆ:** بوون بە دەوڵەت و نیازی ڕیفۆرمی سیاسی، بەبێ ڕیفۆرمی ئایینی و مەزهەبی، بە شەل و گۆجی لەدایک دەبێت. پێویستە بەر لە هەر شتێک، چاکسازی لە کایەی ئایین بکرێت. دەستپێکی ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئۆروپا، ڕیفۆرمی دینی بوو.

**دە:** بەرەی دینی و نادینی دەبێت لەسەر (چەقێک) کۆک و تەبا بن، تا بتوانن بیکەن بە مەرجەع و لە جوداوازییەکاندا بۆی بگەڕێنەوە، دەکرێ (مرۆڤپەروەری) و (کوردستانپەروەری) چەقی دونیابینیی هەردوولا بێت. ڕاستی تازە ئیسلام ئایینی چەقیو و باوە لەنێو کورد، هەوڵی لەنێوبردنی وەکوو ئەوەیە لە بەرانبەر تاڤگەیەک مەلە بکەیت، کە دواجار هەر خۆت بۆ دواوە دەگەڕێیتەوە. بەڵام ئەوەی تەواو عەقڵانی و فەرهەنگییە، فۆرمێکی نوێ لە ئایین پێشبخرێت کە ڕەچاوی قۆناغە مێژووییەکە بکات، کۆک و تەبا بێت لەگەڵ شکۆی مرۆڤ و شکۆی کوردستان، ڕیفۆرمێک بگیرێتە بەر، بگات بە ئاستی (دیفۆرم) سڕینەوە و شێواندنی کەلەپوورە نامرۆڤانە و دڕندانەکەی مێژوو و توراسی دینی.

ئێمە لە قۆناغێکی هەستیاری فیکریدا دەژیین، قۆناغی (ئیسلامی دوای داعش). لە دوای سەرهەڵدانی داعش، ئایینی ئیسلام چووە قۆناغێکی ترەوە. داعش جودا لە بزووتنەوە تیرۆریستییەکانی تر، گۆڕانکاری لە فیکری دەستەجەمعیی ئیسلامی هێنا ئاراوە. بەو واتایەی دوای دەرکەوتنی داعش، سەتان دەنگی بوێری زانا و بیرمەندانی ئیسلامی بەرز بووەوە بۆ داوای ئەوەی ڕیفۆرم لە فیکری دینیدا بکرێت. سەتان و هەزاران گەنج وازیان لە فیکری ئیسلامڕەوی هێنا. بەپێی ئاگایی ئێمە، ئێستە، دوای داعش، خەڵکێکی زۆر، تایبەت گەنجانی کورد، لە ئیسلامی سیاسی دوورکەوتوونەتەوە و لە ئیدیۆلۆژیای ئیسلامییزم بێزارن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دیندارن. حاڵی ئەمانە لەڕووی فیکر و مەعنەوییەتەوە سەقامگیر نییە، دەسەڵاتی کوردی، دەبێت ژیر بن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆخە و لەگەڵ ئەم چینەدا. سەلەفیزم کە هەردەم یار و پاڵپشتیان بوونە، چارە نییە بۆ پووکانەوەی ئیسلامی سیاسی، تایبەت بۆ ئەم قۆناغە، ئاخر ئەوانەی وازیان لە ئیسلامی سیاسی هێناوە، تا سەر ئێسقان دژ بە سەلەفیزمن و ئاوڕی لێ نادەنەوە، لێی هەڵاتوون، ئاخر سەلەفیزم هەر یەک جەوهەری هەیە، وەلێ بە نمایشی جوداوە. سەلەفیزم ئەگەر بۆ ساتێکی کەمیش لە باری سیاسییەوە سوودیان لێ وەربگیردرێت، لە ڕووی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و فیکرییەوە، کارەسات دەخولقێنن، خۆبەندیی فیکری لە وەڵات دەردەپەڕێننە دەرەوە، ناهێڵن تاکی کورد خۆی بێت، ئەوە بەسەر گەلان دەهێنن کە سەتان ساڵە سەلەفیزم بەسەر ئەم نێوچەیەیاندا هێناوە.

شیعیزم، بە قووڵی لەم دۆخەی ئێمە تێگەیشتووە، دەیەوێت لەڕێی دژایەتیی سەلەفیزمەوە، سۆزی ئەم نەوەیەی دوای داعش بۆ خۆی ڕابکێشێت. پرۆژەی جیددیانەی خۆی هەیە. نەوەی دوای داعشیش، کاتێ سەلەفیزمی قەبووڵ نییە، دەبینێت لەنێو شیعیزم دۆخی فیکری و کەسێتی بۆ ساز و باش دەکرێت، بە ناشعووری و زۆرجار نائیرادی، خۆی لەنێو شیعیزم دەبینێتەوە. سوڵتەی کوردی، لێرەوە پێویستە بایەخ بە بووژانەوەی عەقڵانییەتی ئیسلامی بدات. سەپۆرتی ڕەوتی کرانەوە، ڕەوتی چاکسازی بکات کە ئێستە ژمارەی ئەو دیندارانەی بەم ڕەوتە باوەڕدارن، گەلێ زۆرن.

باشترین پرۆژە بۆ دۆخی ئێستای دینداری، بایەخدانە بە چاکسازیی دینی و پرۆژەی ڕۆشنگەری، دینداری لەسەر بنەمای (کوردستانییانە)وە بێتەوە ئارا، دوور لە شیعیزم و سەلەفیزم، کورد بێتەوە خاوەن فۆرمێکی تایبەت لە دینداری و موسڵمانێتی.

هیوادارم بە زوویی بۆم بلوێت، لە شێوەی پرۆژە هێندێ ڕێکار بۆ چاکسازیی دینی بخەمە ڕوو، ئێمە پێویستمان بە مانیفێستە بۆ ئەوەی چیدی لەباری دینییەوە سەرگەردان و ماڵوێران نەبین. ئاخر ئەوەی کارەساتی دینیی لە کوردستان خولقاندووە و دەخولقێنێت، ئەوەیە کورد تا هەنووکە خاوەن (فەلسەفەی دینی)ی وەڵات نییە، بۆ بوون بە دەوڵەتیش، بەر لە هەر شتێک، دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە: ئەم دەوڵەتە پێڕەوی لە کام فەلسەفە و لە کێهان فۆرمی دین دەکات، پرۆژەی بۆ دین چییە؟

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



عەرەب حەزیان لە کەڤۆکێی عەممارە

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هێڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

# گەنجە سەربەخۆکەی فەڕەنسا بەسەر ژنە راستڕەوەکەدا سەرکەوت







